# توێژینەوەکان لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

بەرهەم جەنگڤان

چاپی یەکەم
٢٠٢٥

ناوی کتێب:

# توێژینەوەکان لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

نووسەر: بەرهەم جەنگڤان

بابەت: توێژینەوەی مێژوویی

پیتچنین: نووسەر

پێداچوونەوە و هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی بەرگ و ناوەرۆک: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠٢٥

تیراژ: ٥٠ دانە

نرخ:

چاپخانە: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (١٥٧٥)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە

# توێژینەوەکان لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا

**بەرهەم جەنگڤان**

چاپی یەکەم

٢٠٢٥

## پێشکەشکردن

* پێشکەشە بە هەموو ئەو مرۆڤانەی لەپێناو ڕزگاریی و دادپەروەریی و مرۆڤایەتی تێدەکۆشن.

* پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی بوێرانە ڕاستییەکانی مێژوو وەک خۆی دەنووسنەوە.

* پێشکەشە بە نموونە باڵاکانم، ئەوانەی لە شەوەزەنگدا ڕووناکیی ڕێگامن.

* پێشکەشە بەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن.

* پێشکەشە بە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەم پەرتووکە دەخوێننەوە.

## سوپاس و پێزانین

* سوپاس بۆ خودا، کە کات و توانای پێبەخشیم تا لە نووسینی ئەم بەرهەمە تەواوبم و بیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

* سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە لە نووسینی ئەم پەرتووکەدا هاوکارییان کردم.

**هیچ سەردەمێک بە تەواوی باش و بەتەواویش خراپ نییە، چاکە و خراپە دوو ڕووی دراوێکن و پێ بەپێی مێژووی مرۆ دەڕۆن[1].**

هەوالنامەی کتێب

١- لە ڕۆمانی جیهانی سۆفیاوە، نووسینی: یوستاین گاردەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: جووتیار قارەمان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، ل٢٩٠.

# پێڕست


پێشەکی ............................................................ ٩

**توێژینەوەی یەکەم**: پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا.......... ١١- ٤٤

**توێژینەوەی دووەم**: ڕاپەڕینی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ وەک نموونە ............................................................ ٤٥- ٦٤

**توێژینەوەی سێیەم**: جەنگەکانی کلۆڤیسی یەکەم (٤٨١-٥١١)ز ............................. ٦٥- ٨٨

**توێژینەوەی چوارەم**: جەنگەکانی شارلمان (٧٦٨-٨١٤)ز............................. ٨٩- ١٢٠

**توێژینەوەی پێنجەم**: سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی هێنری یەکەمی پاشای ئەڵمانیا (٩١٩-٩٣٦)ز............................................................ ١٢١- ١٤٦

پەراوێز و سەرچاوەکانی توێژینەوەکان............................................................ ١٤٧- ١٨٦

فەرهەنگۆک ............................................................ ١٨٩- ١٩١



سەرواڵنامەی کتێب

هەوڵنامەی کتێب

## پێشەکی

مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەک قۆناغەکانی دیکەی مێژووی ئەوروپا گرنگە. هەرچەندە لە بەشی مێژووی زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا وانەیەکی تایبەت بە مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەیە، بەڵام ئەمە بەس نییە و لە ئاستی بایەخی ئەم مێژووەدا نییە و پێویستە گرنگیی زۆرتری پێ بدرێت. بە تایبەت لەناو زانکۆ و ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی دیکەدا، کە بەداخەوە ئەوەندەی ئاگاداربم تا هەنووکە وەک پێویست ئاوڕیان لەم مێژووە نەداوەتەوە و گرنگییان پێ نەداوە.

دوای ئەوەی درکم بەوە کرد، کە گرنگیپێدانی نووسەران و توێژەران بە بابەتەکانی مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەمە، بڕیارم دا چەند توێژینەوەیەک دەربارەی هەندێک بابەتی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بنووسم و دواتر لە دووتوێی پەرتووکێکدا چاپ و بڵاو بکرێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی کە کەلێنێکی زۆر بچووک لە پەرتووکخانەی کوردی پڕ بکەنەوە.

ئەم پەرتووکە پێنج توێژینەوەی مێژوویی لەمەڕ «مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا» لەخۆدەگرێت و هەوڵێکە بۆ ئاشناکردنی تاکی کورد بە ئەو بابەتانەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، کە تا ئێستا پێیان ئاشنا نین، یان بۆچوون و تێڕوانینی هەڵەیان لەبارەوە هەیە.

توێژینەوەی یەکەمی ئەم پەرتووکە بە ناونیشانی (پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا)یە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵم داوە تاکی کورد پێگە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژنان وەک خۆی بناسێت. توێژینەوەی دووەمیش بە ناونیشانی (ڕاپەڕینی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ وەک نموونە)یە، جگە لەوەی لەم توێژینەوەیەدا وێنایەکی گشتیی باردۆخی جووتیارانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا بۆ خوێنەرانی کورد کراوە، هەوڵیشم داوە خوێنەرانی کورد بە یەکێک لە گرنگترین و گەورەترین ڕاپەڕینەکانی جووتیاران لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا ئاشنا بکەم. توێژینەوەی سێیەمی ئەم پەرتووکەش بە ناونیشانی (جەنگەکانی کلۆڤیسی یەکەم ٤٨١-٥١١)ز، کە تایبەتە بە جەنگەکانی یەکێک لە بەناوبانگترین و سەرکەوتووترین پاشاکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا لە مێژوودا. بەهەمان شێوە توێژینەوەی چوارەمیش تایبەتە بە جەنگەکانی یەکێکی دیکە لە ناودارترین کەسایەتییەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و ناونیشانی توێژینەوەکە

هەواڵنامەی کتێب

بریتییە لە (جەنگەکانی شارلمان ٧٦٨-٨١٤)ز پێنجەم و کۆتا توێژینەوەی ناو ئەم پەرتووکەش، کە ناونیشانەکەی )سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی هێنری یەکەمی پاشای ئەڵمانیا ٩١٩-٩٣٦)ز-یە، تایبەتە بە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی یەکێک لە بەناوبانگترین پاشاکانی ئەڵمانیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە سەردەمەکەی بە سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دادەنرێت.

شایەنی باسە لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوانەدا، هەوڵم داوە بە گیانێکی بێلایەنانە و بابەتییانە بنووسم، بۆئەوەی لە کاتی خوێندنەوەیاندا یارمەتیدەر بێت بۆ خوێنەران، کە بە دروستی مێژووەکە بخوێننەوە و وەک خۆی بیناسن، نەک وەک ئەوەی پێیان ناسێنراوە.

هیوادارین هەر خوێنەرێک کە ئەم پەرتووکە دەخوێنێتەوە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیخوێنێتەوە و هەر هەڵە و کەموکورتییەکی بەرچاو کەوت، ئاگادارمان بکاتەوە تا بۆ چاپێکی تر چاکیان بکەین.

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خودا، کە پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر، توانیم نووسینی توێژینەوەکان تەواو بکەم و هیوادارم ئەم پەرتووکە کەلێنێکی بچووکی لە پەرتووکخانەی کوردیی پڕ کردبێتەوە، هەروەها ئەم بەرهەمە ببێتە دەروازەیەک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، یان نووسینی پەرتووکی باشتر لەسەر ئەو بابەتە مێژووییانەی، کە تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و بە خوێنەرانی کورد ئاشنا نەکراون.

**چەمچەماڵ**

**پێنجشەممە**

(٢٠٢٤/١٢/٥)

## توێژینەوەی یەکەم:

# پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا

## پێشەکی

کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریی بووە و نێر لە بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، وێڕای ئەمەش مێینە بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی خۆیان لە بوارەکانی ژیاندا بینیوە و جێپەنجەیان بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارە.

دەبێت دان بەوەدا بنێم، کە بە شێوەیەکی گشتی گرنگیپێدانی خوێنەران و نووسەرانی کورد بە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاسی ئەورووپا، بە پلەی یەکەم گرنگیدانە بە مێژووی ڕامیاری و ئایینی و گرنگیپێدانیان بە دیرۆکی سەربازی، کۆمەلایەتی، ئابووری، دیبلۆماسی، کارگێڕی، هزری، ڕۆشنبیری... هتد زۆر کەمە و لە ئاستی پێویستدا نین. ئەمەش تاڕادەیەک بۆ ئەو نووسەر و توێژەرانەی کە بواری پسپۆڕییان مێژووی سەدەکانی ناوینە، ڕاستە، چونکە ئەو توێژینەوانەی ئەوان نووسیویانە و بەر چاوی من کەوتوون، پشکی شێریان بەر مێژووی ڕامیاری و ئایینی دەکەوێت و وەک پێویست توێژینەوەیان لەسەر بوارەکانی دیکەی مێژووی ئەورووپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نەنووسیوە و پەراوێزیان خستوون. لەم سۆنگەیەشەوە بە پێویستم زانی توێژینەوەیەکی تایبەت لەمەڕ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بنووسم، کە بە دیدی من ئەم مژارە پەراوێزخراوی ناو پەراوێزخراوێکە، چونکە لەناو ئەو کەمە توێژینەوانەدا کە بە زمانی کوردی دەربارەی دیرۆکی سەدەکانی ناڤینی ئەورووپا نووسراون، کەمترین لاپەڕەیان تەرخانکراوە بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان و بە زۆریی جەخت لە پیاوە جەنگاوەرەکان، پاشا، ئیمپراتۆرەکان و پیاوانی ئایینی کراوەتەوە.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، وەک نەزانینی زمانە ئەورووپییەکان و بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان، بێگومان گەر بەڵگەنامەکان بەردەست بوونایە، ئەوا توێژینەوەکەیان دەوڵەمەندتر دەکرد.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵەگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست وەک خۆی بخەینە ڕوو، تا لەو ڕێگەیەوە خوێنەرانی کورد ئاشنابن بە پێگە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ژنان لەو قۆناغە مێژووییەدا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی هاندەرانە بێت،

تاوەکو توێژەرانی کورد لە بواری مێژوو، پتر گرنگی بە ژن لە مێژوودا بدەن و خۆیان لە بیروباوەڕ و تێڕوانینە نێرسالارییی و کۆنەپەرستەکانی مێژوونووسانی پێش خۆیان لە نووسینەوەی مێژوودا بەدوور بگرن و هەوڵ بدەن مێژوو بە دیدگایەکی نوێ و مرۆڤانەوە بنووسنەوە، کە خاڵیی بێت لە دەمارگیریی و ڕق و جەنگی ئایدیۆلۆژی.

بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە هەشت تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا پاشخانی مێژوویی ئەو تێڕوانینە نەرێنییانە کە لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا باو بوو، خراونەتە ڕوو، لە تەوەری دووەمیشدا بەشێکی ئەو تێڕوانینە نەرێنییانە و هەڵوێستی کۆمەڵگەی ئەورووپی لەسەر ڕۆڵی ژنان خراونەتە بەر باس. لە تەوەری سێیەمیشدا باس لە ژن و ژیانی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا کراوە. لە تەوەری چوارەمیشدا هەوڵمان داوە ڕۆڵی ئایینیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا بخەینە بەرچاو، هەروەها هەوڵمان داوە ڕۆڵی ڕامیاریی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناویندا لە تەوەری پێنجەمدا بخەینە بەر باس، هەرچی تەوەری شەشەمە تایبەت بە ڕۆڵی سەربازیی ژنان لەو قۆناغە مێژووییەدا، تەوەری حەوتەمیش تایبەتە بە ڕۆڵی ئابووریی ژنان لە جڤاکی ئەورووپی سەدەکانی ناویندا. لە تەوەری هەشتەم، کە کۆتا تەوەرە، هەوڵمان داوە ئاماژە بە ڕۆڵی ڕووناکبیری و هزری و زانستی ژنان لە جڤاکی ئەورووپی سەدەکانی ناڤیندا بکەین.

هیوادارم ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەک بە ڕووی توێژەرانی کوردا واڵا بکات و لە ئایندەدا مژاری پێگە و ڕۆڵی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا ببێتە جێگای بایەخپێدانی توێژەرانی کورد و چەندین توێژینەوەی نایاب دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ببینین.

لە کۆتاییدا دبێژم کە هیچ کارێکی مرۆڤ بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، بەم پێیەش بێت ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە و دەخوازین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

## تەوەری یەکەم: پاشخانی مێژوویی تێڕوانینە نەرێنییەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا

لە کولتووری ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەردەوام نێرینە سەنتەر بووە و پێگە و بەهای مێینە کەم دەکرایەوە. ڕیشەی ئەم تێڕوانینەش دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری یۆنانی کۆن، کە لەو کولتوورەدا ڕقێکی زۆر بەرامبەر بە ژن هەبووە، پاشان لە کولتووری ڕۆمانیدا درێژەی پێدرا، دواتریش لە سەرەتای دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحیدا بەرگێکی ئایینی بە بەر کولتووری یۆنانیدا کرا و مۆرکێکی ئایینی پێدرا[١]. لەم سۆنگەیەوە وامان بە باش زانی لەم تەوەرەدا سەرەتا ئاورێک لە دۆخی ژنان لە یۆنان و ڕۆمای دێرین و پاشان لە تێڕوانین و تیۆرییەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن و باوکە فەیلەسوفەکان[٢] لەسەر ژن بدەینەوە، لەبەرئەوەی بێ تێگەیشتن لە دۆخی ژنان لە یۆنان و ڕۆمای کۆن و تێڕوانین و تیۆرییەکانی فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن و باوکە فەیلەسوفەکان لەسەر ژن، مەحاڵە تێبگەین لەو تیۆری و یاسایانەی، کە لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا داڕێژران، یان کۆکرانەوە، یاخود نووسران، کە تێیاندا تیۆریستەکان و یاسادانەرەکان پاساویان بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە بوارەکانی ژیاندا هێناوەتەوە.

لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا ژنان وەکو کۆیلەکان بۆیان نەبوو توخنی ئەو شوێنانە بکەون، کە وتاری سیاسییان تێدا دەخوێنرایەوە، چوون دەبوو زمانیان لە باسکردنی پرسە گشتییەکانی ڕۆژانە بگرن[٣]. لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان نەبوو بچنە ناو گیمناسیا (gymnasia)وە، کە باڕازێکی گشتی بوو، هەورەها بۆ ناو سیمپۆزیا (symposia) ش، کە دادگایەک بوو[٤]. زەینەفۆن ئامۆژگاری داوە، دەرگای ئەو شوێنە کلۆم بدرێت، کە لە ماڵدا بۆ ژن دانراوە، ئەرستۆڤانیش دەڵێت: ئەوان سەگیان ڕاگرتووە بۆ گەستن، تا پاسەوانی ژنان بکات و پیاوە دۆستەکانیان بترسێنن. بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە یۆنانی کۆندا ماڵ زیندانی ژنان بووە[٥].

دەگوترێت ئەفلاتون یەکەم کەس بووە بانگەشەی بۆ (ئازادبوونی ژن) کردووە، یاخود یەکەم کەس بووە بانگەشەی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا کردووە و لە جیهانی دێریندا پەیامبەری مافی ژن بووە، بەڵام دواجار ئەوانەی پێیان وایە ئەفلاتون پشتیوانی ژن بووە، ناتوانن نکوڵی لەوە بکەن، کە هەمیشە ژنی لەگەڵ منداڵان و ئاژەڵان و کۆیلەکاندا داناوە. لە ڕاستیدا ئەفلاتون لە چوارچێوەی ئەو ترادسیۆنە

هەواڵنامەی کتێب

یۆنانییە دەرنەچووە، کە لە ناخی خۆیدا دوژمنایەتی بەرانبەر ژن هەڵگرتبوو[٦].

ئەگەر ئەفلاتون لە ڕووی فەلسەفییەوە دۆخی ژنانی یۆنانی وەک ئەوەی هەبوو، باسکردبێت، ئەوا ئەرستۆ ئەو دۆخەی کردە یاسایەک، کاتێک هەوڵی دا تیۆرێک لەسەر ژن دابنێت، کە پایە سەرەکییەکانی لە میتافیزیکەوە وەرگرتبێت، پاشان بەسەر بایۆلۆژیا و دواتریش بەسەر هەریەک لە ڕەوشت و ڕامیاریدا پراکتیزەی کرد، ئەمەش بۆئەوەی ڕاستی و دروستی ئەو دۆخە نالەبارەی ژنان بسەلمێنێت، کە خوو و نەریتە یۆنانییەکان بۆیان دروستکردبوو[٧]. ئەم تیۆرەی ئەرستۆ دوای خۆشی هەر هەژموونی هەبوو و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مۆرکێکی دینیی پێدرا[٨]، بۆیە هاوڕای سوزان گرۆگ بێل (Susan Groag Bell)ین، کە دەڵێت: **«ئەو وێنەیەی ئەرستۆ بۆ ژنی داتاشیوە، زۆر گرنگە، کاریگەرییەکی زۆریشی هەیە، چونکە لە قوڵاییەکانی کولتووری ڕۆژئاواییدا جێگیر بووە، هەر ئەویش بوو بە سەرچاوەی ناسینی ژنان بە شێوەیەکی گشتی»**[٩]، گەر بیشڵێین ئەم تیۆرەی ئەرستۆ گواستراوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵات، زیادەڕەویی نییە، بۆ نموونە گەر لە سیاسەتی ئەرستۆدا ژن شیاو نەبێت بۆ ڕابەرایەتی، یان سەرۆکایەتی، یان حوکم، یاخود بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات و دادپەروەریی... هتد، ئێمەش ئەم بیرۆکانە دەڵێینەوە و پێمان وایە ئەوەی بۆ ژن شیاو و گونجاوە ئەوەیە، کە ژنیماڵەوە بێت[١٠].

کۆمەڵگەی ڕۆمانی سێ چین ژنی لەخۆ دەگرت، کە ئەمانە بوون:

١. **ژنی ئازادی ڕۆمانی**: ئەویش یەکێک لەمانە بوو: هاوسەر، دایک، کابان، یان خاتوون (Domina).

٢. **ژنی بیانی**: ئەمیش وەک پیاوی بیانی هیچ ماف و ئیمتیازێکی نەبوو.

٣. **کەنیزەکەکان**: ئەمانەش موڵکی تایبەتی ئاغاکانیان بوون[١١].

شایانی باسە، ڕۆما گرنگی بە ژنانی ئازادی ڕۆمانی دەدا، بە تایبەت پاکێتی و داوێنپاکی، بۆئەوەی نەوەیەکی ڕۆمانی وا بخاتەوە کە شیاوی ئەوە بێت میرات ببات، کە زەوی و خانوو و پارەش دەگرێتەوە، کەچی هیچ گرنگییەک بە هەڵسوکەوتی پیاوی ڕۆمانی نەدەدرا، پیاو بۆی هەبووە لەگەڵ ژنی بیانی و کەنیزەک ڕابوێرێت، بەڵام نەوەکانی لەو ژنە دانپێدانراو نەبوون و هیچ میراتێکیان بەر نەدەکەوت، چونکە بە هاوڵاتییانی ڕۆم نەژمێردراون. ئەمەو دەوڵەت هیچ گوێی بەو پەیوەندییانە نەدەدا، کە لەنێوان پیاوی ڕۆمانی و ژنی بیانی، یاخود کەنیزەکدا دروست دەبوو، کۆمەڵگەش لای خۆیەوە هیچ بەهایەکی بۆ دانەدەنا.

هەرچەندە لە دیرۆکی سەرەتایی ڕۆمدا چەند ژنێکی بیانی کەم دەرکەوتوون، کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، بەڵام لە مێژووی دواتر و شکۆداری ڕۆمادا، بیانییەکان هیچ ناو و ڕۆڵێکیان نەبووە[١٢]. هەرچی کەنیزەکیشە لە ڕۆمادا، هیچ مافێکی نەبووە، چونکە وەک ئاژەڵێک، یان بە گوتەی هەندێک مێژوونووس وەک مانگایەک مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. کەنیزەک بۆی نەبوو شوو بکات، چونکە خۆی و منداڵەکانیشی موڵکی تایبەتی ئاغاکانیان بوون. ڕەنگە کۆیلە و کەنیزەک ژیانێکی هاوشێوەی ژن و مێردایەتی پێکەوە ژیابێتن. کەنیزەک ئەگەر منداڵی ببووایە، ئەوکات مامەڵەی باشی لەگەڵدا دەکرا. لە سەردەمە کۆنەکانی ڕۆمادا، ئەو کەنیزەکەی سێ منداڵی دەبوو، لە کارە قورسەکانی ناوماڵ دەبەخشرا. زۆرجار ڕۆمانییەکان مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ ئەو کۆیلانەدا دەکرد، کە لە ماڵی خۆیاندا هاتوونەتە دنیاوە و لەگەڵ ئەو منداڵانەی خێزانەکەدا، کە هاوتەمەنی خۆیان بوون، بەخێویان دەکردن. لێرەوە پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوانیاندا دروست دەبوو و زۆرجاریش هەستکردنی موڵکداریی ڕەهایی کەمی دەکردەوە، چونکە لە وەها حاڵەتێکدا بە چاوێکی تایبەت سەیری کەنیزەک دەکرا. بێگومان بە کاریگەری ئەم هۆکارەش حاڵی کەنیزەکان باشتر بوو، تا ئەوەی دەبینین لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتدا چەند یاسایەک بۆ پاراستنیان دانراوە و زۆرجاریش ڕوویداوە، کە ئازادکراون[١٣].

هەرچەندە نووسەرانی مەسیحی پشتیان بە پەرتووکی پیرۆز بەستبوو، بەهۆی ئەوەی کە نوێنەرایەتی وشەی پیرۆزی خودا دەکات و بە گشتی لەم پەرتووکە پیرۆزەشدا وێنەی ژن وێنەیەکی نەرێنی بوو، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە نامەکانی پۆڵس (Saint Paul) بوون، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر نووسیاران و بیرمەندانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، لەسەر تێڕوانینیان بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبوو[١٤]. لەم سۆنگەیەوە وامان بە باش زانی، کە پێش ئەوەی تێڕوانینی باوکە فەیلسەفەکان لەسەر ژن بخەینە ڕوو، بەکورتی ئاماژەیەک بە تێڕوانینی پۆڵس لەسەر ژن، بدەین.

قەشە پۆڵس یەکێکە لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی بەراییی ئایینی مەسیحی. ئەم پیاوە ڕقێکی زۆری لە ژن بووە و هەمیشە باسی خەسڵەتە خراپەکانی ژنانی کردووە. دەتوانین بیروباوەڕە سەرەکییەکانی قەشە پۆڵس دەربارەی ژن، کە زۆرجار لەلایەن باوکە فەیلەسوفەکان و زانا و لاهوتیی سەدەکانی ناوەڕاست سوود و ئیلهامیان لێ وەرگیراوە، لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوە:

**١. پیاو میانگیری نێوان خودا و ژنە.**
**٢. ژن بوونەوەرێکی پلە دووە، کە لەپێناو پیاودا دروستکراوە.**
**٣. ژن بنەڕەتی گوناهە[١٥].**

کلیمێنتی ئەسکەندەرییە (Clement of Alexandria)، یەکێکە لە باوکانی کڵێسا و یەکەمین فەیلەسوفە مەسیحییەکانی کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی و بە یەکێک لە دیاترین فەیلەسوفانی ئەسکەندەرییە دادەنرێت. لە ڕوانگەی کلیمێنتەوە ژن هەبوویەکی نزمترە لە پیاو، ئەوەش بەهۆی ئاوەزەوە، کە بە پیاو بەخشراوە و تاجی سەریەتی. لە دیدی کلیمێنتەوە ئەرکی ژن ئەوەیە، کە لە ماڵەوە بیمێنێتەوە و کارێک نەکات هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێک بیبینێت[١٦].

یەکێکی دیکە لە باوکە فەیلەسوفە بەناوبەنگەکان تەرتولیان (Tertullian) بوو، کە لەگەڵ تەرتولیاندا ڕقی مەسیحییەت لە ژن، گەیشتە چڵەپۆپە و بوو بە عەقیدەیەک کە کڵێسا پێی قبووڵ دەکرا. شایەنی باسە، هەڵوێستی تەرتولیان لەسەر ژن بە شێوەیەکی نائاسایی کیناویی و تۆڵەسەندەوە بوو! ڕەگەزەکانی ئەم هەڵوێستەشی بەم شێوەیە پێکهاتبوو لە: وێناکردنی خراپیی غەریزەکانی ژن و وەزیفەکانیان، گاڵتەکردن بە وەزیفەی دایکایەتی و بێڕێزیکردن پێی، تۆقین لە جوانیی ژن، نیگەرانی لە توانای بە هەڵەدابردنی و پێداگرتن لەسەر بەرپرسیارێتیی ژن لە وەدەرنان لە بەهەشت. ئەم ڕەگەزانەش دوای خۆی بە زەقی لەلای جێنشین و شوێنکەوتووانی و فەیلەسوفە مەسیحییەکانیش دەبینرێت[١٧].

یەکێکی دی لە باوکە فەیلەسوفەکان قەشە ئۆگستینە. ئەم پیاوە بە سەرکێشی و پەیوەندیی زۆری بە ژنان و ئەنجامدانی گوناهـ و هەڵەی زۆرەوە بەناوبانگە و خۆشی بەشێکیانی لە پەرتووکی دانپێدانانەکاندا گێڕاوەتەوە. ژن لە دیدی ئۆگستیندا لەلایەک لە شێوەی دایکیدا بەو ڕۆڵەی لە ژیانیدا گێڕاویەتی، تروسکایی ئومێد و ڕۆحی پێبەخشیوە، لەلایەکی دیکەشەوە لە شێوەی دۆست و یاردا چێژی جەستەیی پێبەخشیوە. وێڕای ئەمانە، ئۆگستین زۆر بە توندی بە بیرۆکەی گوناهی یەکەم کاریگەر بووە، ئەوەش عەقیدەیەک بوو کە خۆی داینەهێناوە، چونکە پۆڵس و تەرتولیان و ئامبرۆز و جگە لەوانیش فێری خەڵکیان کردووە. ئەم جۆرە عەقیدە و ئەو گوناهانەی کە ئەنجامی داون، هەستی ئەوەیان تێدا چاندووە، کە ویستی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بەلای شەڕدا کێشکراوە. ئۆگستین هەر ئەوەندەی لە تواناداا بوو، کە ویستی مرۆڤ بۆ خراپە و گوناهـ بەوە لێکبداتەوە، کە ئەنجامی گوناهەکەی حەوا و خۆشەویستی ئادەم بۆ حەوا بێت[١٨].

## تەوەری دووەم: هەڵوێست و تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا، کۆمەڵێک یاسا دانران، یاخود نووسران و کۆکرانەوە، ئەم یاسایانە دوو جۆر بوون، یاسای کڵێسا و یاسای دونیایی. بە خوێندنەوەی ئەم یاسایانە تێڕوانینی بەشێکی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستمان لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بۆ بەدیار دەکەوێت.

یاساکانی کڵێسا بە گشتی دژی ژن بوون، تەنانەت هەندێک لە یاساکانی کڵێسا لە ملکەچپێکردنی ژناندا زیادەڕەوییان کرد[١٩].

لە ڕاستیدا یاساکانی کڵێسا بەتەواوی یاسای ئایینی نەبوون و هەندێک بڕگە و ماددەی یاسای دونیایی سەرکوتکەریان لەخۆگرت، بە تایبەت لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە کۆکەرەوەکان زۆرجار یاسا دونیاییەکانیان دەخستە ناو یاساکانی کڵێساوە. بۆ نموونە ئامادەبووانی جڤاتی نانت، کە ساڵی (٨٩٦)ز-دا بەڕێوەچوو، سەرچاوەیەکی پیرۆز کە نامەیەکی پۆلسی (Pauline letter) بوو، لەگەڵ سەرچاوەیەکی دونیایی، کە بەشێک لە یاسای تیۆدۆسیانۆس (Theodosian Code) بوو، تێکەڵ کرد، ئامانجیشیان لەم کارە، قەدەغەکردنی ژنان لە گرتنەدەستی پۆستە گشتییەکان بوو. ئەم قەدەغەکردنە بەڵگەی ئەوەیە کە بەشداریکردنی ژنان لە جەنگ و سیاسەتدا لە سەرەتای سەدەی ناوەڕاستدا پەسەندکراو نەبوو، وەک لە یاساکەدا ئاماژەی پێدەکات، ژنان تەنها لە کڵێسادا قسەکردنیان قەدەغە نەبووە، بەڵکو بەشدارییان لە دادگا و کۆبوونەوەکانیش لێ قەدەغە دەکرا[٢٠]. دەربارەی یاساکانی کڵێسا ماوەتەوە بڵێین، کە هەرچەندە ئەم یاسایانە نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی تەنها بەشێکی بچووکی دانیشتووانی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست دەکەن و نابێت وەک نوێنەری گشتی هەڵوێستی ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست بەرانبەر بە ژنان سەیر بکرێن، بەڵام وێڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین، کە تایبەتمەندیی گشتی گوتاری یاسایی و تیۆری کڵێسا سەرکوتکەر و پیاوسالاریی بووە[٢١].

یاسای مەدەنی لە یاسای کڵێسا پتر دوژمنایەتیی ژنی دەکرد، بۆ نموونە بەپێی یاسا مەدەنییەکان، شوێنی گونجاوی ژنان لەناو ماڵ بوو و بڕیار نەبوو خزمەت بە پاشا بکەن، نە لە سوپا و نە لە هیچ خزمەتێکی شاهانەی تردا. جگە لەوەش لە یاسای مەدەنیدا، لێدانی ژن ڕێگەپێدراو بوو[٢٢]، هەروەها ئەو ئافرەتانەی هاوسەرگیرییان

هەواڵنامەی کتێب

کردبوو، ناسنامەی یاساییان دەخرایە ناو ناسنامەی مێردەکەیانەوە و لە ئەنجامدا مێردەکە بە شێوەیەکی یاسایی کۆنترۆڵ و بەرپرسیارێتی تەواوی هەبوو لەسەر هەموو موڵک وماڵی ژنەکەی، واتە هاوسەرگیریی مافی تەواوی بە پیاو دەدا، کە سوود لە هەموو موڵکێکی ژنەکەی وەربگرێت و مامەڵە بە قازانجەکەشییەوە بکات. جگە لەوەش لە یاسادا ژن لەلایەن مێردەکەیەوە نوێنەرایەتی دەکرا و بەهۆی لاوازیی ژنەوە پێویست بوو لەبەردەم دادگادا ڕێگە نەدرێت ژن یەک وشەش بڵێت و زۆربەی کات پێش ئەوەی بتوانن لەسەر هەر بابەتێک لە دادگا ئامادەبن و شایەتیان لێ وەربگیرێت، پێویستیان بە ڕەزامەندیی مێردەکانیان بوو، تەنیا لە دوو حاڵەتەندا ژنان پێویستیان بە ڕەزامەندیی مێردەکانیان نەبوو تا لە دادگادا شایەتیان لێ وەربگیرێت، ئەوانیش یان دەستدرێژیی بکرایەتە سەری، یاخود مێردەکەی لەبەرچاویدا بکوژرایە، بەڵام بە پێچەوانەوە کچان و بێوەژنەکان دەیانتوانی بە ناوی خۆیانەوە لە دادگادا ئامادە بن و نوێنەرایەتی خۆیان لە دادگادا بکەن[٢٣]. ئەمەو بەپێی یاسا مەدەنییەکان سزای ژنان توندتر بوو لە سزای پیاوان، بۆ نموونە غەرامەی پیاوێک کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ ژنەکەیدا کردبوو، نیوەی غەرامەی ژنێک بوو، کە خراپ مامەڵەی لەگەڵ مێردەکەیدا کردبوو[٢٤].

جیا لە یاساکان، دەتوانین ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕە باو و چەسپاوەی کە تاکە شوێنی گونجاوی ژنان ماڵەوەیە، لەناو تیۆری و بەرهەمەکانی بیرمەدان و فەیلەسوفانی مەسیحی ئەوروپای ئەوێ دەمێ بدۆزینەوە، بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژە بە تێڕوانینی فەیلەسوفی مەسیحی تۆماس ئەکوینی دەکەین، کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژیاوە[٢٥].

تۆماس ئەکوینی، گەورەترین فەیلەسوفی مەسیحییە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و چەند نازناوێکی لێنراوە، لەوانەش: مامۆستای گەورەی کڵێسا، مامۆستای فریشتەیی. دەربارەی نووسینە زۆرەکانیشی وتراوە، کە کاتدرائییەکی گەورەی بیرۆکەکانە[٢٦]. تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە بۆ ژن نەرێنییە، بۆ نموونە وتوویەتی: «**ڕەنگە ئافرەت، تەنانەت لەگەڵ شەیتان پەیوەندی هەبێت**»[٢٧]. ئەمەو لای وی، ڕۆڵی سەرەکیی ژن لە زاوزێدایە، پێویستە لەبەر ئەم هۆکارە سەرەکییەش پارێزگاریی لێ بکەین، بۆیە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی تۆماس بۆ ژن، لەسەر بە کەمسەیرکردن بەند بوو[٢٧].

هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریی بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەندێک لە ژنان توانیویانە لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. جێی خۆیەتی بپرسین: چۆن هەست بە کردەوەکانی ئەم ژنانە کراوە؟ کاردانەوەی نەیارانیان چلۆن بووە؟ ئەی هەڵوێستی لایەنگرانیان چی بووە؟ بە ئاوڕدانەوەیەک لە هەڵوێست و کاردانەوەی کۆمەڵگەی ئەورووپی بۆ ڕەفتار و کردەوەکانی هەندێک لەو ژنانە، هەوڵ دەدەین بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە و پتر تێڕوانینی جڤاکیی ئەورووپی بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا بخەینە ڕوو.

یەکێک لەو ژنانەی کە جێپەنجەی دیارە بەسەر ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستی فەڕەنساوە، شاژنی فرانک برۆنهێلدا (Brunhilda) بوو. ئەم شاژنە بەشداریی ململانێ ڕامیاری و سەربازییە ناوخۆییەکانی ناو شانشینی فرانکەکانی کردووە و لە هەوڵدا بووە، کە دیسان شانشینی فرانکەکان یەک بخاتەوە[٢٩] و پاپا گریگۆری مەزنیش بۆ هاندانی لە خەباتەکانیدا نووسیویەتی و ئاماژەی بەوە کردووە، ئەرکی سەر شانییەتی کە هێز لە دژی دوژمنەکانی بەکاربهێنێت. بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە و بۆچوونەکانی گریگۆری، وا دیارە پاپا ئەو بۆچوونە باوەی بەرپەرچدابێتەوە، کە دەبێت سزای برۆنهێلدا بدەن، چونکە هێزی بەکارهێناوە[٣٠]. لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت بە گشتی کۆمەڵگەی ئەورووپی بە توندی دژی دەسەڵاتی ژنێک بوون.

یەکێکی دیکە لەو ژنانە ئێرین (Irene of Athens) بوو، کە دوای زنجیرەیەک ڕووداو بووە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی. کارەکانی ئەم ژنە مشتومڕێکی گەرم و درێژخایەنی لێکەوتەوە، بە تایبەتی لە دەرباری کارۆلینجیدا، کە شارلمان و دەستوپێوەندەکەی هێرشی توندیان کردە سەر ئێرین، بەڵام پاپا هادریان کە دەویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرێن بپارێزێت، هەوڵی دا دەرباری کارۆلینجی نەرم بکاتەوە، بەوەی نموونەی ژنانی باشی ئینجیلی وەک مارتا و مێری هێنایەوە، لەگەڵ قسەیەکی تاڕادەیەک ناڕوون لە ئۆگستینەوە، کە دەیگوت ژنان توانای چاکەیان هەیە، بەڵام شارلمان و دەربارەکەی بە لێکدانەوەیەکی درێژ لەسەر کارەکانی پەترۆس و پۆڵس و باوکانی کڵێسا وەڵامیان دایەوە. لە ڕاستیدا دەگوترێت وەڵامەکانی وەشانی ڕەسەنی ئەم بابەتە، هێرشێکی تاڵتری تێدابووە لەسەر ئەو ئیمپراتۆرە، کە دواتر لە بەرژەوەندیی دیپلۆماسی[٣١] سڕایەوە، وەلێ تەنانەت وەشانی ئێستاش بە ڕوونی دەیسەلمێنێت، کە شارلمان و دەربارەکەی بە توندیی دژی دەسەڵاتی ژنان بوون[٣٢].

یەکێکی دی لەو ژنانە ماتیلدا لە تسوکانی (Matilda of Tuscany) بوو، ژیانی نموونەیەکی دەگمەنی ژنێک دەخاتە ڕوو، کە توانیویەتی لە ماوەی درێژخایەندا

هەواڵنامەی کتێب

بەشداری لە چالاکییە سەربازییەکاندا بکات. ئەمە یەکێک بوو لە چالاکترین و سەرکەوتووترین ژنە سەربازییەکان لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا و یەکێک لەو ژنە کەمانەی، کە بە پلەی یەکەم بەهۆی دەستکەوتە سەربازییەکانییەوە یاد دەکرێتەوە و بە ژنە خانەدانی گەورە (gran contessa) ناسراوە[٣٣]. لەم سۆنگەیەشەوە وامان بە باش زانی، هەڵوێست و ڕوانگەی هەندێک هاوچەرخەکانی بۆ بەشداریی ناوبراو لە ململانێیەکانی نێوان پاپا گریگۆری حەوتەم و ئیمپراتۆر هێنری چوارەمی ئەڵمانیا بخەینە ڕوو، تا بەرچاوڕوونی زۆرترمان لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاست، بە تایبەت (سەدەکانی ناوەڕاستی بەرز)، بۆ پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەدا هەبێت.

دەتوانرێت سەردەمی گریگۆری، وەک سەردەمێکی مشتومڕ وەسف بکرێت، کە نەک تەنها سەبارەت بە دەسەڵاتی پاپا، بەڵکو مەودای یاسایی دەسەڵاتی ژنانیش، چونکە ژیانی سەربازیی ماتیلدا ناکۆکییەکی لەسەر شەرعییەتی فەرماندە ژنەکان دروستکرد، کە تەنانەت ڕژایە ناو ڕیزەکانی چاکسازیخوازانی کڵێساوە، کە هەرگیز بە تەواوی یەکگرتوو نەبوون و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان هەندێکجار بە قەد دژایەتیکردنیان بۆ ئیمپراتۆر و دژە پاپا توند بوو[٣٤].

جێی گوتنە کۆمەڵێک ئارگیومێنتی داهێنەرانە پێشکەشکرا بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی ماتیلدا و سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان بە گشتی. لەنێو یەکەم کەسەکاندا ڕێزمانزانێک بوو بە ناوی جۆن لە مانتوا (John of Mantua)، کە تەنها بە شرۆڤەیەکی پەرتووکی پیرۆز ناسراوە، کە لە نزیکەی ساڵی (١٠٨١)ز لەسەر گۆرانی گۆرانییەکان (بەشێکە لە پەرتووکی پیرۆز) نووسیویەتی.

ناوبراو هەوڵی داوە ماتیلدا قەناعەت پێ بکات، کە ژیانێکی چالاک لە بەرەنگاربوونەوەی بیدعە و جوداخوازیی لە کڵێسادا، لە چاوی خودادا شەریفە و لە ڕاستیدا بەسوودترە لەوەی ژیانێکی تێڕاماناویتر وەک ڕاهیبێکی داخراو بەسەر ببات، هەروەها جۆن فۆرمێکی تەمسیلیی لە ڕاڤەی ئینجیلی بەکارهێنا، بۆئەوەی بڵێت هەوڵەکانی ماتیلدا لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی بەکارهێنانی ڕەوای (شمشێری دونیایی) دەکەن بۆ بەرگریکردن لە کڵێسا، کە خۆی (شمشێری ڕۆحی)ی بەکارهێناوە[٣٥]. لە بەرانبەردا لایەنگرانی ئیمپراتۆرییەت بۆ بەرپەرچدانەوەی لایەنگرانی ماتیلدا، کە بەرگرییان لە کردەوە سەربازییەکانی دەکرد. کۆمەڵێک ڕەخنەیان ئاراستەی بەشداریی سەربازیی ماتیلدا کرد[٣٦]. یەکێک لەوانە کە ڕەخنەی توندی لە ماتیلدا گرت، دژە پاپا

وییبێرت لە ڕاڤینا (کلیمنێتی سێیەم) بوو، کە ماتیلدای وەک (ئیزابێلێکی پیلانگێڕ) وێنا کرد، کە کردەوەکانی بە (شێتی ژنێک) بەڕێوەدەبرێن، ئەمە و ژیاننامەنووسی بێناوی هێنری چوارەم، ماتیلدای تۆمەتبار کردووە بەوەی، کە فێڵە ژنییەکانی بەکارهێناوە بۆ فریودانی پیاوان[٣٧].

تێبینی ئەوە دەکەین کە بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا گوتاری نووسینی مێژوویی دژە ژنانە بووە و جەنگ بە ڕۆڵی پیاوانە دادەنرا، بەرگریکارانی ماتیلداش، کە شەڕیان لەگەڵ ئەم گریمانە باوەدا دەکرد، بۆئەوەی بتوانن لە ژینگەیەکی ئاوادا بەرگریی لە ماتیلدا بکەن، ناچار بوون وەک ژنێکی لاواز و نیعمەتی خودایی وێنای بکەن، یاخود فەزیلەتێکی پیاوانە بە ماتیلدا بدرێت و بە تایبەت وەک پیاوێکی بەشەرەف وێنای بکەن. وێناکردنی ماتیلدا وەک ژنێکی لاواز لەلایەن هەندێک لە لایەنگرانی ماتیلداوە بۆ ئەوە بوو، کە ناتەواوییەکانی هێنری و دادپەروەریی دۆزی چاکسازیی دەربخەن، چونکە شکستی ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێز لەلایەن تاکە ژنێکی لاوازەوە لەلایەن زۆر کەسەوە وەک لایەنگری خودا بۆ چاکسازیخوازان دەبینرا. لە هەر حاڵەتێکدا بێت ئەم نووسەرانە بەرگرییان لە مومارەسەی فەرماندەی سەربازیی ماتیلدا کردووە و ئامادە بوون بە شێوەیەکی زۆر بنووسن بۆ بەرگریکردن لە بەشداریکردنی ژنێک لە شەڕدا. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر پاڵپشتی ماتیلدا و گرنگییەکی گەورەی ئەو بۆ بزاڤی چاکسازیی[٣٨].

پێشتر تێبینی ئەوەمان کرد، کە لایەنگرانی ماتیلدا ناچار بوون ماتیلدا وەک ژنێکی لاواز وێنا بکەن، یان فەزیلەتی پیاوانەی پێ بدەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە بۆ ستایشکردنیان و ئاماژەدان بە فەزیلەتی ژنە جەنگاوەرانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە سیفەتە جەنگاوەرەکانی نێر پێناسە دەکران[٣٩]. لە هەر شکستێکیشدا مێژوونووسان هەڵوێستی ژنکوژتریان هەبوو، بۆ نموونە شکستەکانی هەڵمەتە سەربازییەکەی ئیمپراتۆرە ماتیلدا[٤٠] پەیوەست کرا بە سروشتی خۆبەزلزانیی ژنێک، کە دەرفەتی پێدراوە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی سەربازیی بەرچاو لە ئەستۆ بگرێت. وا پێدەچێت ئەوان پتر حەزیان لەوە بووبێت کە وەک قوربانییەکی میزاجی ژنانەی خۆی وێنا بکەن، نەک وەک ژنێک، کە توانای بڕیاردانی سەربەخۆی خۆی هەبێت و ڕەخنەگرتنەکانیان ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە ئیمپراتۆرە ماتیلدا وەک ماتیلدای پێش خۆی (ماتیلدا لە توسکانی) خەریکی شکاندنی ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییە ئاساییە بوو، کە پیاوان ڕۆڵی سەربازیی سەرەکییان تێدا دەبینی[٤١].

# تەوەری سێیەم: ژن و ژیانی کۆمەڵایەتی
# لە کۆمەڵگەی ئەوروپای سەدەکانی ناویندا

لە ڕوانگەی کڵێساوە، هاوسەرگیریی پیرۆز بوو، ئەمە و کڵێسا کۆنترۆڵی بەسەر پرۆسەی هاوسەرگیرییدا سەپاند، بەتایبەت دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەسەر هەموو هەنگاوەکانی هاوسەرگیرییدا درێژکردەوە و دەستی کرد بە ڕێکخستنی پرۆسەکە بە پێی ئەو یاسایانەی کە خۆی دایڕشتبوو. بۆ نموونە پیاو مافی ئەوەی هەبوو تەنیا یەک ژن بهێنێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤیش بێت، هەروەها کڵێسا مافی جیابوونەوەش (تەڵاق)ی قورس کرد، بە جۆرێک بۆ جیابوونەوەی ژن و مێرد لە یەکتر پێویستی بە ڕەزامەندیی کڵێسا هەبوو[٤٢]. کاریگەرییەکانی دەستتێوەردانی کڵێسا لە پرۆسەی هاوسەرگیرییدا لە سەدەی دوانزەیەمەوە زۆرتر و زۆرتر دەردەکەوتن، بەجۆرێک کە تەنها لە ئامادەبوونی قەشەیەکدا دەکرا نێر و مێ گرێبەستی هاوسەرگیریی ئەنجام بدەن، ئەمە و گرێبەستەکە یاسایی نەدەبوو، گەر کڵێسا پەسەندی نەکات[٤٣].

هەرچەندە ژنان لە ڕێگەی مارەییەوە دەیانتوانی دانپێدانان بۆ پێگەی خۆیان لە جڤاکدا بەدەستبهێنن[٤٤]، بەڵام دواتر مارەییەکەی کە بە دیاری لەلایەن باوکییەوە پێی درابوو (هەندێکجار پارچە زەوییەک بوو)، پێشکەشی هاوسەرەکەی دەکرد، چونکە یەکەم ئەرک لەسەر ئافرەت بەرانبەر هاوسەرەکەی، پێشکەشکردنی مارەییەکەی بوو بە هاوسەرەکەی. بەم جۆرە و بەهۆی ئەوەی زۆرینەی موڵک وماڵی دەبووە موڵک و ماڵی هاوسەرەکەی، ژنان نەیاندەتوانی بەشداری بکەن لە کڕین و فرۆشتنی موڵکەکانیان[٤٥].

دۆخی ژنانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بەرایی سەدەکانی ناڤیندا لە زۆر ڕووەوە بەراورد بە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، باشتر بوو، بۆ وێنە کولتوور و نەریتی جەرمەنەکان ئەو مافەی پێ دەدان، کە وەک پیاوان میراتیان پێ ببڕێت، وەلێ دەبوو شوویان کردبێت[٤٦]. زۆربەی کچانیش شووکردنیان بەدەست خۆیان نەبوو. بۆ نموونە کچانی ماڵباتە ئەرستۆکراتییەکان مافی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، یان ڕەتکردنەوەی داوای هاوسەرگرییان نەبوو، بەڵکو بەرژەوەندییە ڕامیاری و سەربازی و ئابوورییەکان ڕۆڵ و کاریگەری تەواویان لە بەشوودانیاندا هەبوو. هیچ جووتیارێک بە بێ پرسی گەورەکەی نەیدەتوانی کیژەکەی بە شوو بدات، دەبوو باوکی کەنیشەکەکە دڵنیابێت کە ئەو پیاوەی کیژەکەی پێدەدات، نەیاری گەورەکەی نییە، چونکە دواتر هاوسەرەکەی

دەستی بەسەر مارەییەکەدا دەگرت[٤٧]. لە ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا، بە تایبەتی لە باکووری ئەوروپا، دۆخەکە تارادەیەک جیاواز بوو، لەوێ کیژان ئەو مافەیان هەبوو مل بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری پێشنیازکراویان ڕانەکێشن[٤٨]. پێدەچێت هۆکارەکەشی ئەوە بووبێت کە تا ئەوکاتەش ڤایکینگەکان بە شێوازی خۆیان دەژیان و ئەو شێوە ژیانە ڕەسەنەی جێرمانییەیان پاراستبوو و هێشتا دوور بوون لە کاریگەرییەکانی ژیاری یۆنانی و ڕۆمانی و مەسیحییەت. لەمەوە دەتوانین شیمانەی ئەوە بکەین، لەو ناوچانەی ئەوروپادا کە بەتەواوی لەژێر کاریگەریی ژیاری یۆنانی و ڕۆمانی و مەسیحییەتدا بوون، زۆربەی کچان مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان نەبووە و لەو شوێنانەشی کە دووربوون لە کاریگەرییەکانی ژیاری یۆنانی و لاتینی و مەسیحییەت، کیژان مافی هەڵبژاردنی هاوسەریان هەبووە، بە تایبەت لە باکووری ئەوروپادا.

لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییەکی بەرچاویان لە یەکتر هەبوو، بە تایبەت لە ڕووی باروودۆخی ئابووری و مافە یاساییەکانەوە، ژنانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەش لەم ڕاستییە بەدەر نەبوون و ژنی چینێکی کۆمەڵایەتی لە ژنی چینێکی دیکە جیاواز بوو، بە تایبەت لە ڕووی جلوبەرگەوە، شێوازەکانی ژیان، پەروەردە، بەشداریکردن لە ئاهەنگە کۆمەڵایەتی و پشووە ئاینییەکاندا[٤٩]. لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ژن دەیتوانی بچێتە ناو خێزانێکی چینی باڵاوە، کە بەراورد بە خێزانەکەی خۆی، لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بوو، یان بە پێچەوانەوە ژنێک دەچووە ناو خێزانێک، کە بەراورد بە خێزانەکەی خۆی، لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی نزمدا بوو[٥٠]، لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەسەر ژنان پێویست بوو ملکەچی خودا و گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن. ئەگەر هاوسەرەکەشی بمردایە، ئەوا کوڕە گەورەکەی، یان گەورە و دەرەبەگەکەی دەبووە سەرپەرشتی[٥١].

شایەنی باسە تێڕوانینی کۆمەڵگای ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر ژن ئەوە بوو، کە دەبێت ژن هاوسەر و دایکێکی باش بێت، بۆ ئەو مەبەستە کاریان دەکرد تا بەزوویی کچان شوو بکەن و ژیانی هاوسەرگیریی پێکبهێنن، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هاوسەرگیریی لە ئەوروپا، کە لێکەوتە و ئەنجامەکەی هاوسەرگیریی پێشوەختە و ڕێژەی بەرزیی لەدایکبوون بوو[٥٢].

لە دەرەوەی ئەرستۆکراسی، کچان لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا هاوسەرگیرییان کردووە، لەناو ئەرستۆکراتەکانیش کچان لە تەمەنێکی تارادەیەک پێگەیشتوودا هاوسەرگیرییان کردووە. ئەمە و بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە و سەدەکانی ناوەڕاستی بەرزدا و لەمسەری ئەوروپا بۆ ئەوسەری ئەوروپا کچانی هەرزەکار بەزەحمەت دەدران بە پیاوێک، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە خۆیان گەورەتر بوون[٥٣]. لە قۆناغی کۆتایی

سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایشدا بەهۆی ئاستی بەرزی ژیانەوە هاوسەرگیریی دواکەوت، ئەمەش کاریگەری کردە سەر دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون[٥٤].

لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا کچان دەبوو هەر کە گەیشتنە تەمەنی باڵغبوون، هاوسەرگیریی بکەن و لانیکەم سێ منداڵ بهێننە دونیاوە. ئەمەو بوونی زارۆکی نێرینەش گرنگترین چاوەڕوانی بووە لە ژن، لە کاتی نەبوونی کوڕدا بۆ هاوسەرەکەی، ئاسان بوو وا لە قەشە بکات هاوسەرگیرییەکەی نێوانیان هەڵبوەشێنێتەوە[٥٥]. بۆ نموونە هاوسەرگیرییەکەی ئێلینۆر لە ئاکویتێن (Eleanor of Aquitaine) لەگەڵ لویسی حەوتەمی پاشای فەرەنسا لە ساڵی (١١٥٢)دا هەڵوەشایەوە، کاتێک دوای پانزە ساڵ لە هاوسەرگیریی، تەنها کچی هێنابووە دونیاوە[٥٦].

شایەنی باسە ڕێگرتن لە منداڵبوون قەدەغە بوو، ئەم یاساغکردنەش بەبێ وەستان لە هەموو ئەنجومەنەکاندا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەدەی دوانزەیەم قەدەغەکردن و سزادانی ئەو کارانەیان دووپات دەکردەوە، کە ئامانجیان ڕێگریکردن لە لەدایکبوون، یان لەناوبردنی کۆرپە بوو، بەڵام لە سەدەی سیانزەیەم بەدواوە، بەهۆی ئاشنابوونی ئەوروپییەکان بە پەرتووکە پزیشکییەکانی موسڵمانان، پراکتیزەکردنی ڕێگریکردن لە دووگیانی لە هەندێک ژینگەدا بڵاوبووەوە. بەهەرحاڵ باسکردنی ئەم پرسە وایکرد، کە ئیلاهیناسەکان تا ڕادەیەک قەدەغەکردنەکانیان کەم بکەنەوە، بۆ نموونە هەندێکیان ئیتر جووتبوونیان لەنێوان هاوبەشە نەزۆکەکاندا قەدەغە نەدەکرد، یان ڕێگەیان بە پەیوەندیی سێکسی دەدا، ئەمەش بەو مانایە بوو کە ژن و مێرد دەتوانن بەدوای چێژدا بگەڕێن، نەک منداڵبوون. هەندێکی دیکەشیان ئیتر ڕێگریی لە دووگیانییان لەگەڵ کۆرپەکوژیی یەکسان نەدەکرد، بەڵام بە گشتی تا کۆتایی ئەو ماوەیەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، بانگخوازان و فەیلەسوف و بیرمەندانی مەسیحی بەردەوام ڕێگریکردن لە دووگیانی و لەباربردنیان بە تاوانێکی قێزەون دەناسی، بۆ وێنە بێرناردینۆ (Bernardino) بە ژنە گوێگرەکانی وتووە: گەر پیاوەکانتان داوای ئەوەی لێکردن ڕێگریی لە منداڵ بوون بکەن، ئەوە دەتوانن پێشێلی ئەرکی گوێڕایەڵی مێردەکەتان بکەن، تەنانەت ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانیشتان هەبێت، تۆماس ئەکوینی ئەمەی وەک تاوانێک دەبینی کە لە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست قێزەونترە[٥٧]. دەربارەی ڕێگریکردن لە دووگیانی ماوەتەوە بڵێین، کە لە ڕاستیدا ئەم قەدەغەکردنە بۆ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە وەک جووتیاران و کۆیلەکان کێشە نەبوو، لەبەرئەوەی حەزیان دەکرد منداڵی زۆریان ببێت، چونکە لە کارکردندا پێویستیان پێی بوو[٥٨].

هەرچەندە کڵێسا و دەوڵەت هانی هاوسەرگیرییان دەدا، بەڵام ژمارەی منداڵە وازلێهێنراوەکان زۆر بوو. زۆربەی ئەم منداڵە وازلێهێنراوانە لەلایەن کڵێساوە بەخێو

و پەروەردە دەکران، لە بەرانبەردا دەبوونە کۆیلەی زەوی و کاریان لەسەر موڵک و ماڵی کڵێساکە دەکرد[٥٩].

لە ڕاستیدا خێزانەکان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا خێزانی بچووک، یان مامناوەند بوون، چونکە ئەو خێزانە گەورانەی کە لە دە تا پانزە منداڵ پێکهاتبێت، وەک تیۆری دەمێننەوە، لەبەرئەوەی بە تێکڕا لە ماڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دوو منداڵی زیندوویان لەخۆگرتبوو، وەک لە بەڵگەنامەکانی سەرژمێریشدا دەردەکەوێت و ئەو منداڵانەی کە لە وەسیەتنامەکانی باوک، یان دایکدا باسکراون، بە دەگمەن لەم ژمارەیە زۆرترن. هۆکاری ئەوەش کە خێزانەکان بچووک بوون، کەمیی ڕێژەی لەدایکبوون نەبوو، بەڵکو بەرزیی ڕێژەیی مردنی منداڵ بووە. بۆ نموونە لە فلۆرانسییە (٤٥٪) ئەو منداڵانەی لە خێزانە دەوڵەمەندەکان لەدایکبوون، پێش تەمەنی بیست ساڵی مردوون. هەرچەندە ژنان ڕەنگە کەمتر لە کاتی منداڵبووندا بمرن وەک لەوەی کە دەوترێت، سەرەڕای ئەوەش، ژنان بە یەکێک لە مەترسیدارترین ساتەکانی ژیانیدا تێدەپەڕی، ئەویش بەسەر منداڵچوونەوە بوو. جگە لەوەش ژنان ساڵانێک بەدەست نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانی دوای لەدایکبوونەوە دەیانناڵاند و دەبووە قوربانیی ئەرکە زاوزێییەکانی[٦٠].

لەپێناو ڕێکخستنی کاروباری خێزاندا، سزای لەشفرۆشی (زینا) زۆر قورس کرا، بۆ نموونە بەپێی یاسای ئینگلیزی، ئافرەتی بەدڕەوشت بڕینی لوت و هەڵکێشانی گوێی بوو[٦١]. کڵێساش لەلای خۆیەوە داوای پاکیزەیی لەو شوێنکەوتووانەی خۆی دەکرد، کە ژیانی هاوسەرگیرییان پێک نەهێنابوو، ئەوانەش ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنابوو، داوای لێ دەکردن بە پاکژیی بمێننەوە و زینا نەکەن، ئەمە و بە توندیی مامەڵەی لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی زینا بە گشتی و ناپاکیی هاوسەرگیریی بە تایبەتی، دەکرد[٦٢].

لە ڕاستیدا یاسا و ڕێوشوێنە توندەکان سەرکەوتوو نەبوون لە نەهێشتنی لەشفرۆشی (زینا)، بۆ نموونە لە ساڵی (١٢٥٤)ز لویسی نۆیەم بڕیاری دەرکردنی هەموو لەشفرۆشەکانی لە فەڕەنسا دا و بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردنەوە، وەلێ هەر زوو لەشفرۆشی نهێنی جێگەی بازرگانی ئاشکرای گرتەوە، تا لە کۆتاییدا و دوای تەنها دوو ساڵ بڕیارەکە و هەڵوەشێنرایەوە[٦٣]. دەربارەی لەشفرۆشی و زینا ماوەتەوە بڵێین، کە لەو ڕۆژگارەدا پەیوەندیی خۆشەویستی زۆر هەبووە و بە ئەگەری زۆرەوە گەنجان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی شانزە ساڵی، هەندێک جۆری پەیوەندیی سێکسییان هەبووە. ئەمەو لە هەندێک لە باژێڕەکانی وەک تۆلۆز و ئەڤینۆن و مونپیلیە و نورنبێرگدا لەشفرۆشی بە یاسا ڕێکخرابوو، بەجۆرێک خرابوویەوە ژێر چاودێریی باژێڕڤانییەکان[٦٤].

هەواڵنامەی کتێب

## تەوەری چوارەم: ڕۆڵی ئایینیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا[٦٥]

ژنـان لەناو کڵێسکاندا هیچ پلە و پۆستێکی گرنگیان نـەبوو، چونکە لەناو ئەم دامەزراوەیەدا قەدەغە بوو ژنان وەک قەشە کار بکەن و ڕێوڕەسم و نوێژی گشتی ئەنجام بدەن. تاکە شوێنێک کە ژنان دەیانتوانی خزمەتی تێدا بکەن و بەڕێوەی ببەن، دێرەکان بوو. ئەگەرچی لەوێش بەجۆرێک لە جۆرەکان هەر لەژێر سەرپەرشتی مەترانێکی پیاودا بوون[٦٦].

لە دێرەکاندا ژنان وەک ڕاهیب دەژیان و پێدەچێت هۆکاری پەیوەندیکردنی ژنان بە دێرەکانەوە ئەوە بووبێت، کە ژیانی ناو دێر ئامرازێک بووە بۆ ڕزگاربوون لە ژیانی هاوسەرگیریی، کە تێیدا ژنان پێگەیەکی نزمیان هەبوو[٦٧]. ئەمەو هەندێک لە ئافرەتانیش بە ناچاریی و بەبێ ویستی خۆیان دەنێردرانە ناو دێرەکان و دەقەکان پڕن لە چیرۆکی ترسناک، کە کچان بە پێچەوانەی ویستی خۆیان دەنێردرانە ناو دێرەکانەوە[٦٨].

شایەنی باسە هەندێک لە ژنانی ناو دێرەکان توانییان ببنە کەسایەتیی گرنگ و زۆرجار کاریگەرییان لەسەر دێرەکان و خاوەندارێتی زەوی و دەسەڵات هەبووە[٦٩]. بۆ نموونە هێراد لە لیندسبێرگ (Herrad of Landsberg)و هیلدێگارد لە بینگن (Hildegarde of Bingen) هێلۆیس (Héloïse)، کە ئابێس (abbes) و نفیسکاری کاریگەر بوون[٧٠]. ئەوەشی کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندن، شێوازی ژیانی ناو دێرەکان بوو، چونکە یەکێک لە باشییەکانی ژیان لەناو دێرەکاندا، ئەوە بوو ژنان فێری خوێندن و نووسین دەکران، کە زۆرینەی ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست لێی بێبەش بوون[٧١]. هەرچەندە ژنانی ناو دێرەکان دەرفەتی نووسین و خوێندنەوەیان هەبوو، بەڵام بەهۆی سروشتی شوێنەکەوە، کە شوێنێکی ئایینی بوو، بابەتی نووسینەکانیان ئایینی بووە و ژمارەیەکی زۆر کەمیان بابەتەکانیان سنووری ئایینی تێپەڕاندووە، بۆ نموونە هەردوو ڕاهیب هیلدێگارد لە بینگن و هێراد لە لیندسبێرگ بەوە ناسراون، کە بابەتی نووسینەکانیان سنووری ئایینی تێپەڕاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانەی کە ژنە ڕاهیبەکان لەدوای خۆیان بەجێیانهێشتووە، وەک دیدگا و ڕوونکردنەوە و سەرنج و بۆچوونە ڕۆحییەکانی ژنانی ئەو سەردەمە سەیر بکرێن[٧٢].

هەندێک لە ژنان وەک ڕاهیبەکان خۆیان لەناو دێرەکاندا قەتیس نەکرد، بەڵکو بەردەوام بوون لە بانگەواز و ژیانی بانگەوازی ئایینییان بەسەر برد، بەڵام بەتەواوی لە دەرەوەی دامەزراوەی کڵێسا بوون. بەناوبانگترینیان ئەوانەن کە بە بیگوینەکان (Beguines) ناسراون، کە لە کۆتایی سەدەی یانزەیەم و سەرەتای سەدەی دوانزەیەم لە ئەوروپا، بە تایبەتی لە بەلجیکا بڵاوبوونەوە. ئەوان کۆمەڵێک ژنن کە لە کۆمەڵگەی خۆیاندا دەژیان و دەیانویست ژیانێکی ئایینی لە شارەکاندا لەسەر بنەمای تەقوا و نوێژ و بانگەشەی گشتی و کاری خێرخوازیی بەسەر ببەن و ئاییندارییی و ڕێنمایی ئایینی جێبەجێ بکەن. شایەنی باسە ئەم ژنانە لەنێو خەڵکدا بوون بە نموونەیەک بۆ ژیانی مەسیحی باش و ڕاستەقینە، بەڵام بەبێ ئەوەی ملکەچی دەسەڵات و چاودێریی و ڕێساکانی کڵێسا بن، هەر ئەمەش دواجار وایکرد بکەونە بەر هێرش و ڕەخنەی توند لەلایەن قەشە و کێڵساوە، تاوەکو بە فەرمی تاوانبار کران و دەرکران و گرووپەکان هەڵوەشێنرانەوە[٧٣].

لە ڕاستیدا ئەوانەی کە لە دەرەوەی کڵێسادا بانگەواز و چالاکیی ئایینییان ئەنجام دەدا، مەترسی ڕاستەقینە نەبوون بۆ سەر کڵێسای کاتۆلیکی، بەڵکو ئەوەی کە مەترسی ڕاستەقینە بوو بۆ سەر کڵێسای کاتۆلیکی، ئەو بزووتنەوە و ئایینزا نارەزاییانە بوون، کە لە دەسەڵاتی پاپا یاخی بوون و هەندێک لە باوەڕەکانی ناو ئایینزای کاتۆلیکیان خستە ژێر پرسیارەوە، کە دواجار لەلایەن کڵێساوە بە گومڕا و بیدعەچی ناسێنران و بەشێکیان لەشکرکێشی خاچیان کرایە سەر، تا لە ڕەگەوە هەڵکێشران[٧٤]. لە ڕاستیدا بیرۆکە و بەرژەوەندی و چالاکییەکانی ژنان لەنێو ئەم بزاڤ و ئایینزایانەدا گەورەن[٧٥] و باس لەوە دەکرێت، کە ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتووانی ئەو بزووتنەوە و ئایینزایانە ژن بوون، چونکە دەرفەتی بەشداریکردنی کاریگەریان بۆ ژنان ڕەخساندبوو، بە پێچەوانەی کڵێسای کاتۆلیکییەوە، کە ژنانی لە پۆستەکانی کڵێسا بێبەش کردبوو[٧٦].

ماوەتەوە بڵێین، کە بەشداریی و کاریگەری ژنان لەناو ئەم بزووتنەوە و ئایینزایانەدا بەڕادەیەکە، کە چاوپۆشی لێ ناکرێت و هەر مێژوویەکی نووسراویش کە چاوپۆشی لەم ڕاستییە بکات، مێژوویەکی بەشەکی و پارچەپارچە و ناڕاستە، لەبەرئەوەی هیچ پاساوێک نییە کە ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان نادیدە بگیرێت، چونکە چەندین بەڵگەنامە دەربارەی بیرۆکە و کردەوەی ژنانی بیدعەچی بوونی هەیە، کە ژنان وەک پیاو ئەشکەنجە دەدران و دەسووتێنران و بە هەزارانیان لەگەڵ پیاوەکاندا بە کۆمەڵ لە کوشتارگەی جەنگە ئایینییەکاندا لەناوچوون[٧٧].

## تەوەری پێنجەم: ڕۆڵی ڕامیاریی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا

سەرەڕای ئەو ڕێگرییانەی لە هەمبەر ئافرەتاندا هەبوو، کەچی دەبینین کە چەندین ژنی بەناوبانگ و خانەدان توانیویانە ڕۆڵی ڕامیاریی خۆیان بگێڕن[٧٨]. لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ڕووناکییەک بخەینە سەر ڕۆڵی ژنان لەم بوارەدا.

بەشێک لە ژنان کە مێردی باشیان کردبوو و لەوەیرا کە هاوسەرەکانیان بە هێز و دەسەڵاتبەدەست بوون، ئەوانیش بە هێز و دەسەڵات گەیشتبوون. یەکێک لەو ژنانە تیۆدۆرا[٧٩] هاوسەری جوستنیانی یەکەمی ئیمپراتۆری بیزەنتییە بوو. ئەوکاتەی کە جوستنیان بە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداری هاوبەشی ئیمپراتۆرییەت دیاری کرد، دەسەڵاتی ڕامیاریی خۆی بەدەستهێنا[٨٠]. یەکێکی دیکەش لەو ژنانەی کە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوژینەکەی فەرمانڕەوایی وڵاتەکەی دەکرد، ئیزابێلای یەکەم (Isabella I of Castile) شاژنی کاستیل بوو، کە لەگەڵ هاوسەرەکەی فێردیناندی دووەمی (Ferdinand II of Aragon) پاشای ئەراگۆن شانشینییەکی هاوبەشیان بەڕێوەدەبرد[٨١]. ئەمەو هەندێک لە ژنان بەهۆی لاوازیی مێردەکانیانەوە جڵەوی کاروبارەکانی وڵاتەکەیان دەکەوتە دەست، بۆ وێنە ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی لویسی خواپەرست (Louis the Pious) دوای ئەوەی ئێرمێنگارد (Ermengarde of Hesbaye)ی ژنی یەکەمی مرد و جودیت (Judith of Bavaria) ی دڵخوازی پێشووی هێنا، بەڵام بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی جودیتەوە (هەروەها بەهۆی لاوازیی لویسیشەوە) جڵەوی دەسەڵات لە دەست لویس دەرهات و تا کۆچی دوایی جودیت، کاروباری وڵاتەکەی بەدەستەوە گرت[٨٢].

هەرچەندە شاژنێتی دەرفەتێکی زێڕینی ژنان بوو، کە وەک هاوفەرمانڕەوا، یان بەلایەنی کەمەوە هەندێکجار کاریگەری لەسەر بڕیاردانی مێردەکەی هەبوو، بەڵام بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پێگەی شاژن، ڕۆڵی سەرەکی ئەوەبوو کە میراتگری نێر بهێنێتە دنیاوە، پێگە و دەسەڵاتەکەی لە مەترسیدا بوو، بەڵام گەر منداڵی نێری بهێنایەتە دونیاوە، مەترسییەکە دەڕەوییەوە، وەک ئەوەی لیندی گرانت (Lindy Grant) تێبینی کردووە، کە لەدایکبوونی میراتگرێک شاژنی لە کچی ماڵێکی نامۆ، یان ڕەنگە لە ماڵێکی دوژمنەوە دەگۆڕی بۆ دایکی فەرمانڕەوای داهاتوو. بۆ نموونە فیلیپی دووەمی فەرەنسی (Philip II of France) لە ساڵی (١١٨٤)ز-دا بە هۆکاری ڕامیاری

هەرەشەی جیابوونەوەی لە ئیزابێلای هاینۆ (Isabella of Hainault) کرد، بەڵام کاتێک کوڕێکی لەدایکبوو، کە دواتر بووە لویسی هەشتەم، ئەو دەرگایە بە ڕوویدا داخرا. بە پێچەوانەوە گەر زارۆکێکی نێری نەهێنایە دونیاوە، ئەوا هاوسەرەکەی لێی جیا دەبووەوە، بۆ نموونە هاوسەرگیرییەکەی ئێلینۆر لە ئاکویتێن لەگەڵ لویسی حەوتەمی فەڕەنسی لە ساڵی (١١٥٢)ز-دا هەڵوەشایەوە، کاتێک دوای پانزە ساڵ لە هاوسەرگیریی تەنها کیژی هێنابووە دونیاوە[٨٣].

بەدەر لەوەی ژنان وەک شاژن، یان هاوسەری مێردەکانیان بە هاوبەشی فەرمانڕەوایی خاک و وڵاتەکانیان دەکرد، ڕێگایەکی تریش هەبوو کە ژنان فەرمانڕەوایی بکەن، ئەویش ئەوە بوو ژنان دەرفەتی نائامادەیی مێردەکانیان بقۆزنەوە و فەرمانڕەوایی بکەن. بۆ وێنە شاژنە ماتیلدا لە نائامادەیی ولیامی هاوژینی لە ساڵانی (١٠٦٦- ١٠٨٧)ز فەرمانڕەوای ناوچەی نۆرماندی دەکرد[٨٤]، هەروەها خێزان و ژنی گەورە دەرەبەگەکانیش کە بەهۆی مافی موڵکداریی زەویوزار، کە لە ڕێگەی هاوژینەکانیانەوە دەستیان کەوتبوو، پێگەیەکی گرنگیان هەبوو و ئەو کاتانەی کە مێردەکەنیان لە قەڵاکانیان نەدەبوون، ئەوان دەیانتوانی سەرۆکایەتیی قەڵاکە بکەن و لەسەر فەرمانبەر و شوێنکەوتووان و خزمەتکارەکانیش بوو کە گوێڕاڵیان بکەن[٨٥]. ماوەتەوە بڵێین، کە هۆکاری سەرەکی نائامادەیی پیاوان، جەنگ بوو، چونکە لە کاتی جەنگدا مێردەکان دەچوونە بەرەی جەنگ و هاوسەرەکانیان سەرپەرشتی موڵک سامانی مێردەکانیان دەکرد، تەنانەت دوای گەڕانەوەی هاوسەرەکانیشیان درێژەیان بە کارەیان داوە[٨٦].

هەرچەندە بەهۆی هاوسەرگیییەوە ژنان بە گشتی و شاژنەکان بە تایبەتی، دەرفەتی ئەوەیان هەبوو کە بەشداری لە سیاسەتدا بکەن، بەڵام ڕەنگە لەو سەردەمەدا زێڕینترین دەرفەت بۆ شاژنەکان ئەو کاتە بووبێت، کە پاشاکان کۆچی دواییان دەکرد و کوڕێکیان لە دوای خۆیان بەجێدەهێشت، کە هێشتا نەگەیشتبووە تەمەنی گونجاو، لەو کاتەدا دایکەکە دەکرا بە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەدا و بە ناوی کوڕەکەیەوە کاروباری شانشینەکەی بەڕێوە دەبرد، تا ئەو کاتەی کوڕەکەی دەگەیشتە تەمەنی گونجاو، بۆئەوەی خۆی فەرمانڕەوایەتی شانشینەکەی بکات.

ڕەنگە باشترین نموونە دایکی لویسی نۆیەم (Louis IX of France) بلانچ لە کاستل (Blanche of Castile) بێت، کە دوای ئەوەی لویسی هەشتەم (Louis VIII of France)ی مێردی کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی شوێنی گرتەوە، لەبەرئەوەی

زۆر منداڵ بوو، دایکی کرایە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهەنەوە (regent)، بەڵام وەجاغزادە فەڕەنسییەکان هەوڵیان دا لە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕزگار بن، بۆیە دەستیان لەگەڵ هێنری سێیەمی پادشای بەریتانیا تێکەڵ کرد، بەڵام زیرەکی و لێهاتوویی دایکەکە هەموو پیلانەکانی پووچەڵ کردەوە و شانشینەکەی بۆ پاشای گچکە پاراست[٨٧].

لە ڕاستیدا هەموو ژنەکان وەک بلانچ لە کاستل، نەیانتوانی تا ئەوکاتەی کوڕەکەیان دەگاتە تەمەنی گونجاوی خۆیان، پارێزگاریی لە پێگەکەی خۆیان بکەن و لەسەر کورسی دەسەڵات بیمننەوە، بۆ نموونە کاتێک هێنری سێیەمی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز لە ساڵی (١٠٥٦)ز-دا کۆچی دوایی کرد و کوڕێکی شەش ساڵانی لە دوای خۆی بەجێهێشت، ئەوە بوو دایکی ئەگنێسی پۆیتۆ Agnes of Poitou)) دەسەڵاتی کەوتە دەست و بووە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەدا، بەڵام ئەگنێس تەنیا بۆ ماوەی شەش ساڵ بە ناوی کوڕەکەیەوە ئەڵمانیای بەڕێوەبرد و لەو ماوەیەشدا نەیتوانی بەرانبەر دوک و میرە خۆپەرستەکان بوەستێتەوە، کە لە هەموو لایەکەوە هەوڵیان دەدا لە دەسەڵاتی ناوەندیی ڕزگار بن و تا دواجار لە ساڵی (١٠٦٢) ز-دا و لە پیلانێکدا هێنری ڕفێندرا و دەسەڵاتی ئەگنێس کۆتایی هات و دەسەڵات کەوتە دەست ئەنۆن (Anno II)ی سەرۆکی قەشەکانی کۆڵن، بەڵام دەسەڵات لە دەستی ویشدا زۆر نەمایەوە و دەسەڵات کەوتە دەست ئادالبێرت (Adalbert von Hamburg–Bremen)ی سەرۆکی قەشەکانی بریمن، تا ئەوکاتەی هێنری لە ساڵی (١٠٦٦)ز و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بڕیاری دا خۆی بەرپرسیارێتییەکە بگرێتە ئەستۆ و ئیمپراتۆرییەتەکە لەناو ئەو گێژاوە دەربهێنێت کە تێی کەوتبوو[٨٨].

شایەنی باسە هەندێک لە ژنان کاتێک دەکران بە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەدا، نە وەک بلانچ لە کاستل، تا کوڕەکەی پێدەگات لەسەر کورسی دەسەڵات بمێنێتەوە و نە وەک ئەگنێس، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەسەر کورسی دەسەڵات دەمایەوە، بەڵکو کوڕەکەی پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی گونجاو، گیانی لەدەست دا. ڕەنگە باشترین نموونەی ئەم ژنانە ئامالاسونتا (Amalasuintha) بێت، کە دوای ئەوەی باوکی تیۆدۆریکی گەورە (Theodoric the Great)ی پاشای گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ساڵی (٥٢٦)ز-دا مرد و کوڕەکەی ئامالاسونتا، کە نۆ ساڵان بوو، جێگەی گرتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی تەمەنی کەم بوو، ئامالاسونتای دایکی کرایە سەرپەرشت بەسەر کوڕەکەیەوە، بەم جۆرە ئامالاسونتا دەسەڵاتداریێتی شانشینەکەی بەدەستەوە گرت و

توانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی دەسەڵاتەکەی بپارێزێت و پێگەی خۆی بەهێز بکات. هەرچەندە ناوبراو کەسێکی شیاو و لێهاتوو و بیرمەند بوو، بەڵام توانای سازانی لەگەڵ گەورەپیاوانی گۆتیکی نەبوو، لەبەرئەوەی کە بۆ ئەوان ناخۆش بوو لەلایەن ژنێکەوە فەرمانیان بەسەردا بکرێت. دواتریش کە کوڕەکەی لە تەمەنی شازدە ساڵیدا مرد، ئامالاسونتا ناچار بوو لەگەڵ تیۆداهاد (Theodahad)ی پسمامی هاوسەرگیریی بکات، کە ئەم هاوسەرگیرییە کۆتایی بە ژیانی ناوبراو هێنا، چونکە تیۆداهاد هەر کە نازناوی پادشایی وەرگرت، دەستبەجێ ئامالاسونتای خستە زیندان و پاش ماوەیەک لایەنگرانی هەندێک لە دوژمنە ڕامیارییەکانی ئامالاسونتا، کە پێشتر بە بڕیاری ئەو کوژرابوون، ئەویان لە زینداندا خنکاند[٨٩].

لە ڕاستیدا ژنان کە دەبوون بە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەدا، پەیوەندی بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیانەوە بوو، چونکە هەندێکجار لەبری دایکەکە، کەسێکی تر دەکرا بە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەدا، بۆ وێنە کاتێک ئارنلوف (Arnulf of Carinthia)ی پاشای شانشینی فرانکەکانی ڕۆژهەڵات (ئەڵمانیا) لە ساڵی (٨٩٩) ز کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی بە ناوی لویسی منداڵ (Louis the Child)، کە ئەوکات تەمەنی تەنیا حەوت ساڵ بوو، شوێنی گرتەوە، لەوکاتەدا ئۆتا (Ota)ی دایکی دەستتێوەردانی لە کاروباری حوکومەتدا نەکرد و وڵاتەکە کەوتە دەست قەشەکان و ژمارەیەک قەشە کاروباری شانشینەکەیان بەڕێوە دەبرد[٩٠].

شایەنی باسە، لەو سەردەمەدا جەنگ دەرفەتی بە ژنان دەدا تا پیادەی دەسەڵاتی ڕامیاری بکەن، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا پیاوان ڕاستەوخۆ بەشدار بوون لە چالاکییە سەربازییەکاندا و کاتێک لە ماڵ دووردەکەوتنەوە و دەچوونە بەرەکانی جەنگ، لەو کاتانەدا ژنان هەندێک جار کۆنترۆڵی تەواوی حوکمڕانیی ماڵ، یان موڵکەکانیان دەکرد، جێی خۆیەتی لێرەدا دووبارە بلانچ لە کاستیلی، دایکی لویسی نۆیەم، بە نموونە بهێنینەوە، کە کاتێک لویسی نۆیەم چووە بۆ جەنگی خاچدروشمان، فەرمانڕەوایی شانشینی فەڕەنسای بە دایکی سپارد، پێشتر خۆی سەلماندبوو، کە فەرمانڕەوایەکی جێی متمانە و کاریگەرە. یەکێکی تر لەو ژنانە ئێلینۆر لە ئاکویتێن بوو، کە کاتێک ڕیچاردی یەکەم (بە ڕیچاردی شێردڵ بەناوبانگە)، ئینگلتەرای بەجێهێشت و ڕووی کردە خاکی پیرۆز، وەک ڕاسپێردراو فەرمانڕەوایی کرد[٩١].

# تەوەری شەشەم: ڕۆڵی سەربازیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا

لەم قۆناغەدا بواری سەربازیی بوارێک بووە، کە پیاوان ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینیوە، بەڵام سەرەڕای بەربەست و ڕێگرییەکان، ژنان بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی سەربازییان لەسەر هەردوو ئاستی سەکردایەتیی سەربازیی و پاڵپشتی سەربازیی گێڕاوە، کە لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین ڕووناکییەک بخەینە سەر ڕۆڵی ژنان لەم بوارەدا.

شایەنی باسە سەرکردایەتیی سەربازیی ژنان لە دوو پلەی جیاوازدا ڕوویداوە. یەکەم و باوترین شێوەی سەرکردایەتی کاتێک ڕوویـدا، کە ژنـان پۆستێکی فەرماندەیی سەربازییان بەدەستەوە بوو، لەو حاڵەتەدا ژن دەتوانێت فەرمانی جوڵەی سەربازەکان و بڕیاری ستراتیژیی بدات و بەرپرسیارێتی ئەنجامی کۆتایی شەڕ، یان گەمارۆدانەکەی بگرێتە ئەستۆ، کە تێیدا بەشدار بووە. دووەم کە کەمتر باو بوو، بەڵام هەر پەیوەستە بە ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی ژنانەوە، ئەویش بەشداریی ژنان بوو لە پرۆسەی دیپلۆماسی لە کاتی جەنگدا، کە بە گشتی وەک نێوەندگیر، یان تکاکار بە ناوی لایەنی سێیەمی جەنگەکەوە بەشداربوون و توانییان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە دڵنیابوون لە سەرکەوتوویی دانووستانەکان. ڕۆڵی سەرکردایەتییان لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ژنانی بەشداربوو پێگەی خۆیان بەکارهێناوە بۆ کاریگەریکردن لەسەر یەکێک، یان هەردوو سەرکردەی لایەنی جەنگەکە، بۆئەوەی بگەنە ڕێککەوتن، بەم کارەش ئەگەری شەڕیان کەمکردووەتەوە، تەنانەت ئەگەر تەنها بە شێوەیەکی کاتییش بووبێت. شایەنی باسە هەندێک جار ئەو ژنانەی کە پەیوەندییان بە دیپلۆماسییەوە هەبووە، فەرماندەیی پیاوانیشیان دەکرد )وەک ماتیلدا لە تسوکانی(، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە نزیکەکانی نێوان پۆستی فەرماندەیی و بەکارهێنانی دیپلۆماسی بوو لە جەنگدا[٩٢].

لە ڕاستیدا زۆرێک لەو ژنانەی کە ڕۆڵێکی سەربازی فەرماندەییان گرتە ئەستۆ، لە دۆخێکی بەرگریدا بوون، کە بەزۆری بەهۆی پێویستییەوە ناچار دەکران بەرگریی لە قەڵا، یان خاکیماڵەوەیان بکەن و تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی بووە، واتە تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان ڕێگەیان بە نێرێک دا جارێکی دیکە پۆستی سەرکردایەتیی سەربازیی بگرێتە ئەستۆ. هەرچەندە ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەسەریاندا سەپێندرابوو، کاتیی بوو، بەڵام ئەمە ڕاستییە و نابێت لەم ڕاستییە کەم بکرێتەوە، کە ئەرکێکی سەربازیی

گرنگیان ئەنجامداوە. ئەمەو ژمارەیەکی کەمی ژنان توانییان هەڵمەتی سەربازیی، یان هێرش بە دەستپێشخەریی خۆیان ئەنجام بدەن[٩٣].

یەکێک لەو ژنانەی کە وەک فەرمانده ڕۆڵی سەرکردایەتیی سەربازیی بینی، ژنی سیمۆن دی مۆنتفۆرت (Simon de Montfort, 6th Earl of Leicester)ی سەرۆکی جەنگی خاچدروشمی ئەلبیجینسی بوو، بەڕادەیەک کە نقیسەرێک بە ناوی لۆرێنس مارڤین (Laurence Marvin) بە یەکێک لە متمانەپێکراوترین جێدارەکانی سیمۆن وەسفی کردووە، نەک هەر باس لەوە کراوە کە کۆمەڵێک سوارچاکی هێناوە بۆئەوەی لەگەڵ سیمۆن کۆببێتەوە، بەڵکو بەشێک لە ئەنجومەنی جەنگی ویشی پێکهێنا و چالاک بوو لە بەشداریکردن لە بڕیارەکانیدا، تەنانەت لە نائامادەیی هاوسەرەکەیدا وەک فەرماندەری قەڵا لە قەڵای ناربۆن ڕۆڵی گێڕا. هەرچەندە نازانرێت کە ئایا ئەو فەرماندەیی پیاوانی لە شەڕدا کردووە، بەڵام وادیارە ڕۆڵێکی چالاک و گرنگی هەبووبێت لە پشتگیریکردنی ستراتیژی سەربازیی هاوسەرەکەی[٩٤].

دەربارەی فەرماندەیی ژنان ماوەتەوە بڵێین، کە ژنان وەک فەرماندە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە و بەردەوامیی سەرکەوتنەکانیان ئارگیومێنتە تیۆرییەکانی پووچەڵکردەوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە بەرهەمەکانی گایلز لە ڕۆما (Giles of Rome) و بەتلیمۆس لە لوکا (Ptolemy of Lucca)دا دەربڕدراون، کە ڕەتیان دەکردەوە ژنان تەنانەت بتوانن فێری کاروباری سەربازیی جەنگیش بن. ئەمەو تیۆرییە ئەبستراکتەکان سەبارەت بە نەگونجاویی سروشتی ژنان بۆ شەڕ، ڕێگرییان لە پیاوان نەدەکرد، کە بەرپرسیارێتی بخەنە ئەستۆی ژنان لە دۆخە سەربازییەکاندا، چونکە لە زۆرێک لە بارودۆخە بەرگریی و دیپلۆماسییەکاندا، پیاوان پشتیان بە ژنان بەستبوو بۆ وەرگرتنی فەرماندەیی، یان گواستنەوەی زانیاری[٩٥].

دیپلۆماسیی سەربازیی بوارێکی تری جەنگ بوو، کە ژنە ئاغاکان هەندێک جار ڕۆڵی پێشەنگیان تێدا دەگێڕا. دیسان بلانچ لە کاستیل بە نموونە دەهێنینەوە، کە ناوبراو چالاک بوو لە دانوستاندن لەسەر پەیماننامەکان، کە یارمەتیدەر بوو بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی شاهانە لە باکووری فەڕەنسا، لەکاتێکدا وەک سەپەرشتی کوڕەکەی فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەمەو ژنە ئاغاکانی سەدەکانی ناوەڕاست زۆرجار بە ناوی لایەنەکانی ترەوە پەیامیان دەگواستەوە لەنێوان لایەنەکاندا، بۆئەوەی دوژمنەکان ناچار نەبن ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە، هەروەها تکا، یان دەستتێوەردانیان دەکرد، بۆ نموونە فیلیپا لە هاینۆ (Philippa of Hainaul)ی هاوسەری ئێدواردی سێیەم

(Edward III of England) ناسرابوو، کە داوای لێبووردنی بۆ هەندێک لە دانیشتووان (Burgher)ی شاری کالێس کردووە، بۆئەوەی ڕێگریی لە لەسێدارەدانیان بکات، دوای ئەوەی لە گەمارۆدانی سەرکەوتووانەی ئیدوارد لە ساڵی (١٣٤٧)ز خۆیان دابوو بەدەستەوە[٩٦]. لە ڕاستیدا کردەوە دیپلۆماسییەکانی ژنان، کە زۆرجار بریتیبوون لە تکاکردن، یان پشتگیری مەرجەکانی ئاشتی، هێندەی کردەوەی ئەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ بڕگە تایبەتەکانی ئاشتیدا، گرنگە، چونکە بەبێ دەستتێوەردانی ژنان بۆ هاندان، یان یارمەتیدان لە گەیاندنی پەیامەکان، ڕەنگە هەرگیز ئاشتی بەدی نەهاتبا و پەیماننامەکان هەرگیز ئەنجام نەدرابن، بە تایبەت لە دۆخی ژنانی وەک ماتیلدا لە توسکانی، ئەدێلا لە بلۆیس (Adela of Blois) و بلانچ لە کاستیل، کە هەموویان کەسایەتیی سەرەکی بوون لە ناکۆکییەکان، یان ئەو هاوپەیمانییانەی کە پێویستیان بە هەوڵی دیپلۆماسی (سەرکەوتوو)یان هەبوو. سەرکەوتنی ئەوان و سەرکەوتنی ژنانی دیکە، کە وەک سەرکردەی سەربازیی ڕۆڵیان گێڕا، نیشانی دا کە ژنان دەتوانن کاریگەر و کەسێتی سەربازیی گرنگ بن[٩٧].

جەنگ ناکرێت و هەڵمەتی سەربازیی ئەنجام نادرێت، گەر کۆمەڵێک کەس نەبن پشتگیریی ئەو کەسانە بکەن کە جەنگ دەکەن. ئەم ڕاستییە لە سەدەکانی ناوەڕاستی بەرز و کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا (هەروەها سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستیش) بەقەد ئەمڕۆ ڕاست بووە و ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە تواناسازیی پیاوان بۆ جەنگکردن و یارمەتیدان، بۆئەوەی سەرکەوتن لە بەرەکانی جەنگدا پتر ببێتە کەتوار. هەرچەندە کەمتر لە کردەوەکانی سەرکردە سەربازییە ژنەکان دیارە، بەڵام کردەوەی ئەو ژنانەی سەدەی ناوەڕاست لەم بوارەدا، هێشتا بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاست پێکدەهێنن[٩٨].

شایەنی باسە، پاڵپشتی سەربازیی ژنان دوو جۆر بووە، یەکەمیان پشتگیریی ڕاستەوخۆ لەلایەن ژنانەوە بۆ پیاوان لە بەرەکانی جەنگدا، لێرەدا پشتگیریی ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ ئەو کردارانە، یان خزمەتگوزارییە ڕۆحی، یان سۆزدارییە، یان جەستەییانەی کە لەلایەن ژنانەوە و لە ئامادەبوونی پیاوان لە کاتی هەڵمەتی سەربازیی، یان لە گەمارۆدان ئەنجام دەدرا، بۆئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چانسی سەرکەوتنی سەربازیی هەبێت. دووەمیش، هەوڵە ناڕاستەوخۆکان بۆ پشتیوانیکردن لە چالاکییە سەربازییەکان، وەک پشتیوانیی دارایی لەلایەن ئەو ژنانەی کە یاوەری سوپا نەبوون و لە ماڵەکانی خۆیان مابوونەوە[٩٩].

ئەو پشتگیرییە ڕاستەوخۆیانەی کە ژنان لە کاتی ئامادەبوونی لەگەڵ سوپاکاندا لە پیاوانیان دەکرد، گرنگ بوون، بۆ نموونە هەندێک لە ژنان لە ڕاستیدا مەنجەنیق، یان کەوانیان بەکارهێناوە کاتێک هێزی مرۆیی کەم بووە، یان وەک پاسەوان ڕۆڵیان گێڕاوە، یاخود کەرەستەی پێویستیان بۆ هێرش کۆکردووەتەوە، هەروەها پێویستە بڵێین ژنان چەندین خزمەتگوزاریی سەرەتایی، بەڵام گرنگیان وەک چێشتلێنان و کۆکردنەوەی پێداویستییەکان (هەروەها چاودێریی و چارەسەرکردنی بریندارەکانیان) ئەنجامداوە. ئەمەو ژنان لە شەڕگە و مەیدانەکانی جەنگدا وەک هێزێکی ڕۆحیی پشتیوانی پیاوان بوون و ورەی پیاوانیان بەرزکردووەتەوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێت کە سیکلگایتا (Sikelgaita)ی هاوسەری ڕۆبەرت گیسکارد (Robert Guiscard) لە هەڵمەت سەربازییەکاندا یاوەری هاوژینەکەی بووە و گوایە لە یەک شەڕدا یارمەتی ڕێگریکردن لە پاشەکشەی هێزەکانی داوە و قەناعەتی پێکردوون بگەڕێنەوە بۆ شەڕ(١٠٠).

بوارێکی دیکەی گرنگ کە ژنان دەیانتوانی ڕاستەوخۆ یارمەتی هەڵمەتە سەربازییەکان بدەن، هەوڵەکانیان بوو بۆ یارمەتیدانی دارایی و کۆکردنەوەی پارە بۆ جەنگەکانی ناو ئەوروپای ڕۆژئاوا و خاکی پیرۆز. لە ڕاستیدا پارەدان بۆ هەڵمەتە سەربازییەکان بە چەندین شێوەی جیاواز بوو، وەک: باجدان، بەخشینی گشتی، فرۆشتنی موڵک. هەرچەندە دیسانەوە زۆر ئەستەمە بزانین لەم ڕووەوە ژنان چەندە بەشدارییان کردووە، بەو پێیەی سەرۆکی ماڵەکە (نێر)، ئەو کەسە بووە کە باجی دەدا و بەم شێوەیە لە تۆمارەکانی باجدا دەرکەوتووە. تەنیا ئەو ژنانە لە تۆمارەکاندا دەرکەوتوون، کە لە بازرگانییەکی سەربەخۆی خۆیاندا چالاک بوون، یان بێوەژن بوون و لە ماڵێکدا دەژیان، کە هیچ میراتگرێکی نێری تێدا نیشتەجێ نەبووە، هەرچەندە پێدەچێت ئەو جۆرە ژنانە تەنیا بەشێکی کەمیان لە باجدەران پێکهێنابێت و ڕێژەی سەدیی ئەو داهاتەی کە ڕاستەوخۆ لە باجدەری ژنەوە هاتبوو، زۆر کەمتر بوو لە داهاتی باجدەری پیاو، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ئامرازانەی کە ژنان دەتوانن لە ڕووی داراییەوە بەشداری بکەن، دەتوانین شیمانەی ئەوە بکەین، کە ژنانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بوون بۆ هەڵمەتە سەربازییەکان، بە تایبەت بۆ هەڵمەتەکانی خاچدروشمان(١٠١).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین، کە جەنگ هەرگیز چالاکییەکی تەواو پیاوانە نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە و بەشێکی گرنگی مێژووی سەربازیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پێکدەهێنن(١٠٢).

# تەوەری حەوتەم: ڕۆڵی ئابووریی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەورووپی سەدەکانی ناوەڕاستدا

ئابووری یەکێک بوو لەو بوارانەی ژیانی کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە ژنان وەک پیاوان ڕۆڵی دیار و بەرچاویان تێدا گێڕاوە[١٠٣].

هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە بیانووی پاراستن و چاودێریی ژنانەوە، هاتوچوونی ژنیان سنووردار کرد و تاڕادەیەکی زۆر لەناو ماڵدا هێشتیانەوە، تا لەوێ سەرقاڵی کاری ناوماڵ بێت، کە یەکێک لە گرنگترین ئەو ئەرکانە بوو کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە ژنان سپێردرابوو. تا ئاگاداری منداڵەکانی ببێت و پەروەردەیان بکات[١٠٤]. وێڕای ئەمانەش کەم تا زۆر ژنان دەچوونە دەرەوەی ماڵەکانیان، بۆئەوەی جگە لە کاری ناوماڵ، کاری دیکەش بکەن. بە تایبەت ژنانی جووتیار و کۆیلەی زەوی و کۆیلەکان، کە لە ژیانێکی سەخت و دژواردا دەژیان و لەپێناو پەیداکردنی بژێویی ژیاندا بە بەردەوامی لە تەک هاوژینەکانیان لەناو کێڵگەدا کاریان دەکرد[١٠٥]. تەنانەت هەندێک جار کچانی هەژاران و جووتیاران لە تەمەنی هەرزەکاریدا (هەندێک جاریش لە تەمەنی منداڵیدا) سنووری کێڵگەکانیان تێدەپەڕاند و وەک خزمەتکاری ماڵ لە شارەکاندا کاریان دەکرد. ئەو کچانەی کە بەم شێوەیە کاریان دەکرد، بەشێک لە مووچەکانیان پاشەکەوت دەکرد، بۆئەوەی پارەی مارەییەکانیان بەدەستبهێنن، بەشەکەی تریشیان تەرخان دەکرد بۆئەوەی یارمەتی ماڵەوە بدەن و داهاتی خێزانەکانیان زیاد بکات[١٠٦].

دوای ئەوەی داگیرکاریی بەربەرییەکان کەمبووەوە و کۆچەرەکان لە ناوچەیەکی بەرفراوان نیشتەجێ بوون، شارەکان گەشەیان سەند و بازرگانی و پیشەسازیی بووژایەوە. بێگومان ژنانانیش بەشدارییان لە چالاکییە پیشەسازیی و بازرگانییەکاندا کردووە و لەم دوو بوارەشدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە[١٠٧].

بە گشتی چاوەڕوان دەکرا ژنان یارمەتیدەری هاوژینەکانیان بن لە کاروباری بازرگانیدا. ئەمەو نموونەی تۆمارکراو هەیە کە ژنان بەشدارییان لە بازرگانی تر، جگە لە کاری بازرگانی مێردەکانیان، کردووە[١٠٨].

هەرچەندە زۆرێک لە ڕێسا پیشەسازییەکان کاری ژنانیان قەدەغە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکی دیکە بوو لەو کەرتە ئابوورییانەی کە ژنانی ئەورووپی لە سەدەکانی ناویندا بەشدارییان تێدا کرد. شایەنی باسە، ژنان هاتنە ناو شارەکانەوە

بۆئەوەی وەک کرێکار لە کارگەکاندا کار بکەن، بە تایبەت لە کارگەکانی قوماشدا. لەو سەردەمەدا کاتی کارکردنیان لەنێوان هەشت بۆ شانزە سەعات بوو لە ڕۆژێکدا، بەڵام مووچە، یان کرێیەکەیان هاوتای کرێی کوڕێک بوو، کە هێشتا لە مەشق و ڕاهێناندا بوو، سەرەڕای ئەم نادادابیەش ژنانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پیشەوەر بوون، بە تایبەت لە دروستکردنی بیرە و تەشی ڕستن، کە ئەو دوو پیشەسازییە بوون کە لەو سەردەمەدا ژنان حەزیان لێی بوو[١٠٩].

شایەنی باسە، لە هەندێک شاردا ژنانی پیشەوەر وەک هاوتا پیاوەکانیان لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پەیوەست بوون بە سەندیکاکانەوە[١١٠]، بۆ نموونە ژنان لە زۆربەی سەندیکا پیشەسازییەکانی ئینگلیزدا یەکسان بوو بە ژمارەی پیاوان، گرنگترین هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە پیشەوانەکان ڕێگەیان پێدەدرا ژن و کچەکانیان دابمەزرێنن و ناوەکانیان لە سەندیکاکان تۆمار بکەن. جگە لەوەش ژنانی زێڕینگەر سەندیکای تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە تەنیا لە ژنان پێکهاتبوون، بۆ نموونە لە کۆتایی سەدەی سیانزەدا لە پاریس، پانزە سەندیکای لەم جۆرە هەبوون. دەربارەی سەندیکەکان ماوەتەوە بڵێین، کە ژنان بە دەگمەن سەرۆکی سەندیکاکانی پیشەسازیی بوون، کە لە نێر و مێ پێکهاتبوون[١١١].

پەتای مەرگی ڕەش (Black Death) لە ئەوروپادا بڵاوبووەوە و لە ماوەی سێ ساڵدا (١٣٤٧- ١٣٥٠)ز، بووە هۆی گیانلەدەستدانی نزیکەی یەک لەسەر چواری دانیشتووانی ئەوکاتی ئەوروپا. لە دوای مەرگی ڕەشەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی مردنی پیاوانەوە دەرفەت بۆ ژنان ڕەخسا ئەو کارانە بکەن، کە جاران پیاوان دەیانکرد، بۆ نموونە وەک ئاسنگەریی و پێستەخۆشکردن[١١٢]. هەرچەندە ژنان چەندین دەستکەوتیان لە دوای سەردەمی مەرگی ڕەش بەدەستهێنا، بەڵام نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو دەستکەوتانە بپارێزن و پێگەی ژنان لە ڕێگەی ئەو پاشەکشە ئابوورییەوە، کە بەهۆی ئەو تاعونەوە دروست بوو، کەوتە مەترسییەوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کەمیی ژنان سەبارەت بە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگادا، کە تەنها لە ژیانی ناوماڵدا سنووردار بوو[١١٣].

## تەوەری هەشتەم: ڕۆڵی ڕۆشنبیری و هزری و زانستیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا

شایەنی باسە ژنان لەناو دێرەکاندا فێری خوێندن و نووسین دەکران[١١٤]. لە دەرەوەی دێرەکانیش کچان و ژنانی چینی دەسەڵاتدار و ئاغاکان پەروەردە دەکران، بەڵام ژنانی چینی گشتی، بەهۆی هەلومەرجی ئابوورییانەوە لە خوێندن و پەروەردە بێبەش بوون، بەڵام لە قۆناغی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا پەروەردە و فێرکردنی کچان زیادی کرد و زۆرێکیان فێری نووسین و خوێندنەوە بوون[١١٥]. هەرچەندە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا نازانین، بەڵام دەتوانین بڵێین لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ژمارەیەکی زۆی ژنان توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبووە، بە تایبەت لە ڕۆژئاوای ئەورووپادا، بەڵگەشمان ئەوەیە پەرتووکەی جۆفری دی لا تۆر لاندری[١١٦]، کە بۆ فێرکردنی کچانی نووسیبوو، لە کاتی خۆیدا وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزیی ڕێژەی خوێندەواریی ژنان لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا[١١٧].

تۆمارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، نەک هەر ئەوە دەردەخەن کە ژنان توانیویانە بنووسن و بخوێننەوە، بەڵکو ئەوەش دەردەخەن کە ژنان توانای ڕوونکردنەوە و نامەنووسییان لەگەڵ یەکتر لەلایەک و لەگەڵ پیاوە خوێندەوارەکاندا (بە تایبەت عیرفانییەکان) لەلایەکی دیکەوە هەبووە. بۆ نموونە کریستینا ڤۆن ستۆمێلن (Christina von Stommeln)، کە لەدایکبووی خێزانێکی جووتیار بوو، لەلایەک لەگەڵ پیتەری سوید (Petrus de Dacia)، کە ڕەبەنێکی دۆمینیکانی بوو، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ برا مۆریس (Brother Maurice)، کە خوێندکاری بەکالۆریۆس بوو لە پاریس، نامەی ئاڵوگۆڕ کردووە، کە لەو نامانەدا باسیان لە بابەتی ئەزموونی ئایینی کردووە. بێگومان دەتوانین بڵێین ئەم ژنە توانایەکی فیکریی باشی هەبووە، تا بتوانێت لەگەڵ دوو برای کڵێسادا سەرقاڵی نامەنووسی بێت[١١٨]. لەم نموونەیەوە دەکرێت گشتاندنێک بکەین و بڵێین ژنان لە بواری ڕۆشنبیری و هزریشدا ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە.

بەدەر لە بواری هزری و ڕۆشنبیری، ژنان لە بواری زانستیش، بە تایبەت زانستی پزیشیکدا، ڕۆڵی خۆیان بینیوە، لە خوارەوە هەوڵدەدەین باس لە بەناوبانگترین ئەو ژنانە بکەین، کە لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا کاری پزیشکییان کردووە.

یەکێک لە بەناوبانگترین ژنە پزیشکەکانی سەدەکانی ناوەڕاسی ئەورووپا، ترۆتولا (Trota of Salerno)بـوو، کە بەناوبانگترین مامۆستای ژن بووە لە قوتابخانەی پزیشکی سالێرنۆ لە باشووری ئیتاڵیا و بە ناوە جیاوازەکانی: ترۆتا، ترۆکتا، ترۆتولۆ، ترۆکولا و بە چەندین ناوی دیکە ناوهێنراوە، هەروەها بە (ژنەکەی پلاتریۆس )و (ژنە ژیرەکە)ش ناودێر کراوە. شایەنی باسە لەبەرگرەوەکان بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەویان لەسەر ژنان و هونەری منداڵبوون لەبەر گرتەوە، کە بە تێپەڕبوونی کات و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ناوی نووسەرێکی مەسیحییان (ئیرۆس، یان ئیرۆسیان) لەسەر دانا، ئەمەش ئەو پرسیارەی ورووژاند، کە ئایا بەڕاستی ترۆتولا بوونی هەبووە؟[١١٩]

نووسیار و پزیشک و فێمێنیست کەیت کامپبێل هێرد-مید (Kate Campbell Hurd–Mead) یەکێکە لەوانەی کە بە وردیی پێداچوونەوەی بە دەستنووسەکان و چاپە چاپکراوەکانی بەرهەمەکانی ترۆتولا کردووە و توانیویەتی بەرسڤی ئەو دیرۆکنڤیسانە بداتەوە، کە گومانیان لە ناسنامەی نووسەری پەرتووکی گەورە و بچووکی ترۆتولا هەبووە. ناوبراو سەلماندوویەتی ترۆتۆلا کەسێکی زۆر ڕاستەقینە بووە و لە سەدەی یازدەیەمدا سەرۆکی پزیشکان بووە و تەنها مامانێکی ئاسایی، یان کەسایەتییەکی ئەفسانەیی نییە وەک ئەوەی باس دەکرێت، بەڵکو ئەو پەرتووکەی کە چەندین سەدە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، ڕەسەنە و لەلایەن پیاوێکەوە نەنووسراوە و بە هیچ شێوەیەک هیچ سەرچاوەیەک نییە کە ڕەوایەتی بدات بە گومانکردن لە ڕەسەنایەتی ناسنامەی ئەو، یان گومانکردن لەوەی کە نووسەری پەرتووکانە، یان بەرهەمەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو. دیرۆکنووسێکی دیکەی مۆدێرن بە ناوی سیسیلیا مێتەر (Cecilia Mettler) هاوڕایە و هەرچەندە دان بەوەدا دەنێت کە ترۆتولایان تێکەڵ بە کەسایەتیی جۆراوجۆر کردووە، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە ترۆتولا بوونی سەربەخۆی خۆی هەیە و کەسێتییەکی دیرۆکیی ڕاستەقینەیە[١٢٠].

زۆرێک لە ژنە ئابیسەکان ڕۆڵی گرنگیان لە بواری پزیشکیدا گێڕا، یەکێک لەوانە هێلۆیس بوو، کە لەهەمان کاتدا فەیلەسوفیش بووە، بەڵام خەڵکی بەهۆی پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ پیتەر ئەبێلارد (Peter Abelard)ی فەیلەسوف دەیناسن. وەک باس دەکرێت هێلۆیس شارەزاترین پزیشک بوو لە فەڕەنسا، دوای مردنی ئەبێلارد لەساڵی (١١٤٢)ز ژیانی خۆی بۆ وانەوتنەوە و کاری پزیشکی تەرخان کردووە[١٢١].

ئابیسێکی پزیشکی دیکەی بەناوبانگ هیلدێگارد لە بینگنە، کە توانایەکی ئەدەبیی گەورەی هەبووە و نووسینە بەرفراوانەکانی ڕەنگدانەوەی چالاکییە هەمەچەشنەکان

و توانا نائاسایییەکانی ئەوە. دەوترێت چواردە بەرهەمی نووسراوی لەدوا بەجێماوە، بەشێک لەو نووسیانەنەی تایبەتە بە بواری پزیشکی و دکتۆر کەیت کامپێل هێرد-مید، بە گرنگترین بەشدارییە زانستییەکانی لاتینی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا وەسفی کردووە[١٢٢].

هەرچەندە دوای مردنی هیلدێگارد لە بینگن، هیچ ژنێک دەرنەکەوت کە لە ئاستی ترۆتولا و ئەودا بێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە ژنان ڕۆڵی خۆیان لە بواری پزیشکیدا نەبینیوە، بەڵکو بەپێچەوانەوەیە و ژنان لەو بوارەدا ڕۆڵی چالاکانەی خۆیان بینیوە و ڕەنگە زۆربەیان لە ڕەچەڵەکی شاهانە بووبن، کە بە ڕژدیی خەریکی کاری پزیشکی بوون[١٢٣].

شایەنی باسە هەندێک لەو ژنانەی لە کڵێسادا بە پیرۆز ناسێنراون، ڕۆڵی خۆیان لە بواری پزیشکیدا بینیوە، ڕەنگە بەناوبانگترینی ئەو ژنانە کاترین لە سییێنا (Catherine of Siena) بێت، کە ناوبراو ژیانی خۆی بۆ چاودێریکردنی نەخۆشەکان تەرخان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی بەدەست تاعون و پەتا درمییەکانەوە دەیانناڵاند. بەهەمان شێوە دوو ژنێکی دیکەش کە نازناوی پیرۆزیان هەبوو لە بواری پزیشکیدا، ڕۆڵی خۆیان بینی، یەکەمیان کاترین لە بۆلۆنیا (Catherine of Bologna) بوو، سەرۆکی دێری خوشکانی چارلزی هەژار بوو، کە پزیشکیی فێری ڕاهیبەکان دەکرد، بۆئەوەی بتوانن چارەسەری نەخۆشەکانیان بکەن. دووەمیشان کاترین لە جەنەوا (Catherine of Genoa) بوو، کە بە دڵسۆزی بۆ نەخۆشەکان ناسرابوو، بەڕادەیەک لە کاتی پەتای تاعوندا، درێغی نەدەکرد، بۆئەوەی لەنێو تووشبووواندا بژی و چارەسەریان بکات. شایەنی باسە بریجیتی سوید (Bridget of Sweden) ڕێکخراوی ڕزگارکەری پیرۆز (Order of the Most Holy Saviour)ی دامەزراند، دێری سیۆن (Syon Abbey)، کە لەلایەن هێنری پێنجەم (Henry V of England)ەوە لە ساڵی (١٤١٥) ز دامەزرا و بووە باشترین قوتابخانە بۆ فێرکردنی پزیشکی لە ئینگلتەرا سەر بەم ڕێکخراوە بوو[١٢٤].

لە فەڕەنسا و لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی سیانزیەمدا لیستی پزیشکانی پاریس سیوهەشت پزیشکی لەخۆگرتبوو، کە ناوی هەشت ژنی تێدابوو. هەر لە فەڕەنسا و لە ساڵی (١٣١١)ز فیلیپی دادپەروەر فەرمانێکی دەرکرد، کە هەر پزیشکێک نێر، یان مێ بێت، نەشتەرگەریی لێ قەدەغە دەکرێت و ناتوانێت لە پاریس کار بکات، مەگەر پشکنینی تووندی کردبێت و لەلایەن پرۆفیسۆرە شارەزاکانی نەشتەرگەرییەوە

پەسەندکرابێت. پێدەچوو ئەم فەرمانە ژنان یەکسان بکات بە پیاوان، بەڵام ئەم یەکسانییە تیۆرییە نەیتوانی ڕێگریی بکات لە جیاکاریی ڕەگەزیی بەرانبەر بە ژنان و لە ڕووی کردارییەوە و لە کاتی پێدانی مۆڵەت جیاکاریی دەکرا، بۆ نموونە لەنێوان ساڵانی (١٣١٢- ١٣٢٧)ز، سەرۆکی دێری فەرەنسی سانت جنێڤێڤ (Abbey of Saint Genevieve) ژمارەیەک ژنی لە کڵێسا دەرکرد، چونکە بەبێ مۆڵەت پزیشکییان دەکرد، بەڵام یەکێک لەو ژنانە بە ناوی کلاریس ڕۆتۆماج سەرپێچی فەرمانەکەی کرد و بەردەوام بوو لە کاری خۆی[١٢٥].

لە بەشەکانی تری ئەوروپا ژنان چالاک بوون، بۆ نموونە لە ساڵی (١٣٩٤)ز پانزە ژن مۆڵەتی پزیشکییان لە فرانکفۆرت وەرگرت. ئەمەو لە ساڵی (١٤٠٦)ز سیگیسموندی ئیمپراتۆری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز (Sigismund, Holy Roman Emperor) ژنانی بۆ چارەسەری هەزاران دەستنیشان کرد، چونکە پزیشکە پیاوەکان ئامادە نەبوون بێبەرانبەر بچنە ماڵی ئەو نەخۆشانە، یان چارەسەریان بکەن[١٢٦].

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیە و دوای گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە بە چەندین زمان و دیدی جیاواز لەسەر پێگە و ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا، گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بووە و پێگەی ژن لەم کۆمەڵگەیەدا نزم بووە و بە گشتی تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژن ئەو باوەڕە باو و چەسپاوە بوو، کە تاکە شوێنی گونجاوی ژنان لەماڵەوەیە و نابێت بەشداری لە کاروباری ڕامیاری و سەربازی... هتد بکەن، ئەم باوەڕەش لەناو یاسا و تیۆری و نووسراوەکانی زۆربەی تیۆریست و بیرمەند و فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە.

٢. هەرچەندە کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بووە و پیاوان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بە درێژایی ئەم قۆناغە ڕۆڵی خۆیان لە بوارەکانی: کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕامیاری، سەربازی، ئابووری، هزری، ڕۆشنبیری، زانستی... هتد بینیوە و بەشێکی گرنگی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پێکدەهێنن.

٣. لە کۆمەڵگەی ئەوروپی سەدەکانی ناوەڕاستدا، چینە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازییەکی بەرچاویان لە یەکتر هەبوو، بە تایبەت لە ڕووی بارودۆخی ئابووری و مافە یاساییەکانەوە، ژنانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەش لەم ڕاستییە بەدەر نەبوون و ژنی چینێکی کۆمەڵایەتی لە ژنی چینێکی دیکە جیاواز بوو، بە تایبەت لە ڕووی جلوبەرگەوە، شێوازەکانی ژیان، پەروەردە، بەشداریکردن لە ئاهەنگە کۆمەڵایەتی و پشووە ئایینییەکاندا. ئەمەو ژن لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە دەیتوانی بچنە ناو خێزانێکی چینی باڵاوە، کە بەراورد بە خێزانەکەی خۆی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بوو، یان بە پێچەوانەوە ژنێک دەچووە ناو خێزانێک، کە بەراورد بە خێزانەکەی خۆی لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی نزمدا بوو. لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەسەر ژنان پێویست بوو ملکەچی خوا و گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن. ئەگەر هاوسەرەکەشی بمردایە ئەوە کوڕە گەورەکەی، یان گەورە دەرەبەگەکەی دەبووە سەرپەرشتی.

٤. ئەو ژنانەی لەناو دێرەکاندا بوون، فێری خوێندن و نووسین دەکران و لە دەرەوەی دێرەکانیش کچان و ژنانی چینی دەسەڵاتدار و ئاغاکان مافی خوێندن و پەروەردەیان هەبوو، بەڵام ژنانی چینی گشتیی بەهۆی هەلومەرجی ئابوورییانەوە تا قۆناغی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست لە خوێندن و پەروەردە بێبەش بوون، لەم قۆناغەوە پەروەردە و فێرکردنی کچان زیادی کرد و زۆرێکیان فێری نووسین و خوێندنەوە بوون. بە تایبەت لە ئەورووپای ناوەڕاست و ڕۆژئاوادا، کە ژمارەیەکی زۆری ژنان توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبووە.

## توێژینەوەی دووەم:

# ڕاپەڕینی جووتیاران لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ وەك نموونە

## پێشەکی

کۆمەڵگەی ئەوروپی لە سەدەکانی ناڤیندا، کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بوو، زۆرینەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەش جووتیاران بوون، کە ئەم جووتیارانە چینی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا و لە ژیانێکی ناخۆش و سەختدا دەژیان و هەندێک جاریش بەهۆی خراپیی بارودۆخیانەوە لە دەرەبەگەکان یاخی دەبوون و ڕادەپەڕین. یەکێک لەو ڕاپەڕینانە ڕاپەڕینی ئیڤایلۆیە، کە مەترسی گەورەی بۆ سەر دەرەبەگەکان دروستکرد، کە دواجار لەلایەن دەرەبەگی بولگاری و ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی و تەتارەکانەوە ڕاپەڕینەکە سەرکوتکرا.

بەداخەوە لە نووسینەوەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، لە لای کورد وەک پێویست ئاوڕ لە جووتیاران نەدراوەتەوە، کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەوکاتەی ئەوروپا بوون و پتر گرنگی بە پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان دراوە و جووتیاران پەراوێزخراون، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر ڕاپەڕینی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بنووسین، کە تا ئێستا و ئەوەندەی ئاگاداربین، توێژینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە نەزانینی زمان و کەمیی سەرچاوە و بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان. ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، وێنای بارودۆخی جووتیاران لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا بکەین و گرنگترین پاڵنەر و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی جووتیاران لەو سەردەمەدا بۆ خوێنەرانی کورد بخەینە ڕوو، تا ڕووناکییەک بخەینە سەر یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاپەڕینەکانی جووتیاران لەو سەردەمەدا، کە ڕاپەڕینی ئیڤایلۆیە.

جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا هەوڵمان داوە وێنایەکی گشتیی ژیان و بارودۆخی جووتیارانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست بکەین، لە بەشی دووەمیشدا هەوڵمان داوە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە و گرنگترین ڕووداوەکان و هۆکارەکانی شکستهێنانی ڕاپەڕینەکە بخەینە ڕوو.

بێگومان هیچ کارێکی مرۆڤ بێ هەڵە و کەموکورتی نییە، بەم پێیەش بێت ئەم توێژینەوەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە و هیواداریین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

# بەشی یەکەم: تێڕوانینێکی گشتی لەسەر بارودۆخی جووتیاران لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا چینی جووتیار بنکەی هەرەمی کۆسووری دەرەبەگایەتی پێکدەهێنا، هەروەها چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە تەواوی پشتیان بە جووتیار بەستبوو بۆ بەدەستهێنانی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ[١].

لەو سەردەمەدا جووتیاران دابەش ببوون بەسەر دوو دەستەدا، جووتیاری ئازاد و جووتیاری کۆیلە، جووتیاری کۆیلەش دوو جۆر بوون، جۆرێکیان بەتەواوی کۆیلە بوو و جۆرێکی دیکەشیان کۆیلەی زەوی[٢]. جووتیارانی کۆیلە بە هەردوو جۆرەکەیەوە، زۆرترین چینی جووتیارانیان لە ئەورووپای ئەوێ دەمێ پێکدەهێنا، کە زۆربەیان جووتیاری کۆیلەی زەوی بوون و لەسەر پارچە زەوییەک دەژیان و خاوەنی زەوییەکە ئاغایەک بوو، ئەو جووتیارەش بەتەواویی بەسترابووەوە بەو زەوییەوە و نەیدەتوانی جێی بهێڵێت، جگە لە ڕاکردن، یان کڕینی ئازادییەکەی بە پارە، ئەگەر گەورەکەی ڕازیبووایە[٣]. شیاوی باسە زۆربەی ئەم جووتیارانەش لە بنەڕەتدا ئەو کۆیلانە بوون، کە لەلایەن گەورەکانیانەوە ئازاد کرابوون و زەوییان پێ درابوو کاری لەسەر بکەن، یان ئەو جووتیارە ئازادانە بوون کە باری داراییان تێکچووبوو، لە بەرانبەر پاراستنی خۆیان، ئازادی و زەوییەکانیان بە ئاغایەک دەفرۆشت، جیا لەمانەش خەڵکی ئازادی دیکەش، کە ڕەنگە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێک، یان نەتوانینی دابینکردنی بژێویی ژیانی خۆیانەوە دەبوونە کۆیلەی زەوی، بۆیە لەو سەردەمەدا زۆرینەی جووتیاران، جووتیاری کۆیلەی زەوی بوون[٤]. ئەمەش شتێکی سروشتی بوو، چونکە وابەستەبوونی جووتیار بە زەوییەکەوە، مانای ئەوە بوو کە ئاغاکەی دەیپارێزێت لە مەترسییە لەڕادەبەدەرەکان لە سەردەمێکدا، کە بە ئاژاوەگێڕیی و ناسەقامگیریی ناسراوە، بە تایبەت کە لە ئەنجامی جەنگە ناوخۆییەکان لەلایەک و هێرشە توندوتیژە دەرەکییەکان لەلایەکی ترەوە وایان کرد لاوازەکان بەدوای پاراستنیاندا بگەڕێن، تەنانەت ئەگەر ئەوەش بەوە بێت، کە ئازادیی کەسیی خۆیان بکەنە قوربانیی لەپێناو سەلامەتیی خۆیاندا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ زۆربوونی کۆیلەی زەوی، کە لە بنەڕەتدا ئازاد بوون، بەڵام ناچار بوون ئەو بارودۆخە نوێیە پەسەند بکەن[٥].

جووتیاری کۆیلە و جووتیاری کۆیلەی زەوی ناچاربوون سەریان بتاشن، چونکە لەو سەردەمەدا قژی کورت، یان درێژ، یەکێک بوو لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئازاد،

سەربازی ئەوەی لە زەوی خاوەن موڵکەکاندا کاریان دەکرد، لە کاتی جەنگەکاندا سەرباز و هێزی چەکداری دەرەبەگەکان بوون، هەروەها بۆ هیچ جووتیارێک نەبوو بێ پرس و ڕەزامەندیی گەورەکەی، بۆ هیچ لایەک بڕوات و ژن بۆ کوڕەکانی بهێنێت، یاخود کچەکانی بدات بە شوو. جووتیار نەک تەنیا بۆ هاوسەرگیریی کچەکەی لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی موڵکی گەورەکەی، دەبووایە ڕەزامەندیی گەورەکەی بەدەست بهێنێت، بەڵکو دەبوو غەرامەیەکیش بە ناوی مێرچێت (merchet) بداتە ئاغاکەی[٦]. جێی گوتنە جووتیاری کۆیلەی زەوی لە زۆر ڕووەوە لە جووتیاری کۆیلە جیاواز بوو، بۆ نموونە ئاغاکەی نەیدەتوانی وەک کۆیلە بیفرۆشێت، هەروەها نەیدەتوانی بێ دادگایی سزای بدات، بەم پێیە جووتیاری کۆیلەی زەوی، نە کۆیلە بووە و نە مرۆڤی ئازاد، دەتوانین بڵێین نیوە کۆیلە بووە[٧].

هەرچی جووتیارانی ئازادە کە لەناو چینی جووتیاراندا ژمارەیان کەم بوو، خاوەنی زەوییەکی بچووک بوون و ئازادیش بوون لە فرۆشتن، یان کڕینی زەوییەکی دیکە. ئەم جووتیارانە مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبوو، هەروەها مافی ئەوەیان هەبوو کچەکانیان هاوسەرگیریی بکەن، یان ناوی کوڕەکانیان لە کڵێسادا تۆمار بکەن، بەبێ پابەندبوون بە ڕەزامەندیی ئاغاکانیان. لەگەڵ ئەمانەشدا جووتیارە ئازادەکان هەندێک جار ناچار بوون کاری جۆراوجۆر بۆ دەرەبەگەکان ئەنجام بدەن، بە تایبەت خزمەتی سەربازیی، کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی دەرەبەگی ناوچەکە، کە ئەم دەسەڵاتەی لە پاشاوە وەرگرتبوو[٨]. لەلایەکی دیکەوە جووتیارە ئازادەکان لە ڕووی ئابوورییەوە ژیانیان باشتر نەبوو لە جووتیاری کۆیلە و جووتیاری کۆیلەی زەوی، چونکە لەو سەردەمەدا جووتیاران بە یەک شێوە دەژیان، واتە هەمان جۆر جلوبەرگیان لەبەر دەکرد و هەمان جۆر خواردنیان دەخوارد و تووشی هەمان ناخۆشیی دەبوونەوە[٩].

کۆمەڵێک لەو جووتیارە ئازادانە کە لەژێر بارودۆخێکی سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەژیان، بە چەند هۆکارێک لە جووتیاری ئازادەوە بوونە جووتیاری کۆیلەی زەوی، یەکێک لە نووسەرانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەو هۆکارانەی بۆ ئێمە باسکردووە، کە بوونەتە هۆی ئەوەی مرۆڤی ئازاد ببێتە کۆیلە:

یەکەم: کاتێک دەرەبەگ داوای لە جووتیارێکی ئازاد دەکرد بەشداریی جەنگ بکات، بەڵام جووتیارەکە ڕەتی دەکردەوە، بۆیە دەرەبەگەکە سزای دەدا و پلەکەی دادەبەزاند.

دووەم: زۆرجار جووتیارێکی هەژاری ئازاد دەچووە لای یەکێک لە ئاغا دەوڵەمەندەکان و پێی دەوت: فلان بڕە پارەم پێ بدە، منیش دەبم بە پیاوی تۆ و بارمتەت دەبم.

سێیەم: زۆرێک لە جووتیارە ئازادەکان بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان لە بەرامبەر ستەمکارێک، یان دوژمنێکی ناوخۆیی، دەچوونە ناو جیهانی کۆیلایەتی، بە ڕادەستبوونی خۆیان بە پیاوێکی بەهێز، کە پارێزگارییان لێ بکات.

چوارەم: بەشێک لە جووتیارە ئازادەکان زۆرجار زەوییەکانیان و خۆیان دەبەخشی بە کڵێسایەک، یان دێرێک و پەیوەست دەبوون بەو دەزگا ئایینییەوە[١٠].

جووتیارەکان لەگەڵ ئەوەدا کە جووتیار بوون، لەهەمان کاتدا ئاژەڵداریش بوون، تەنانەت زۆرجار منداڵەکانیان کە لە تەمەنێکی کەمدا بوون، بەرپرسیار بوون لە بردنی ئاژەڵەکان بۆ لەوەڕگە. جووتیاران بەزۆریی مەڕ و بزن و بەرازیان بەخێو دەکرد، بە کەمی ئەسپ و مانگایان بەخێو دەکرد، چونکە بەخێوکردنی ئەو دوو ئاژەڵە پێویستی بە ئالیکی زۆر دەبوو، کە لە توانای هەموو جووتیارێکدا نەبوو[١١].

بێگومان هەر جووتیارێک ماڵی خۆی هەبوو، کە خراپترین جۆری کوخ بوو، ئەم کوخانە لەلایەن جووتیارەکان خۆیانەوە دروستکرابوون و لەناو ئەم کوخانەدا هەندێک کەلوپەل و کەرەستەی ناو ماڵ هەبوون، وەک مێز و کورسی و سندووقی دار، کە جلوبەرگی جووتیارەکانی تێدا هەڵدەگیرا[١٢]. لەگەڵ سەبەتە و گۆزە و هەندێک قاپوقاچاخی گڵین، کە لەسەر ڕەفەکان دادەنران[١٣]. شایەنی باسە ئەم کوخانە لە شەودا هیچ ئامرازێکی ڕووناککەرەوەیان تێدا نەبوو، چونکە مۆم تەنها لە کڵێساکان و خانووی خاوەن گوندەکەدا بەکاردەهێنرا. جگە لەوانەش جووتیارەکان دوای خۆرئاوابوون هیچ کارێکیان نەبوو، بەو پێیەی نەیاندەزانی بخوێننەوە و بنووسن، هەروەها دەبوو شەوان زوو بخەون تا بەیانیان زوو لە خەو هەڵبستن[١٤].

جلوبەرگی جووتیار جلوبەرگێکی شڕ بووە[١٥]، هەروەها خواردنی سەرەکی جووتیار بریتیبوو لە نانی قاوەیی و هێلکە و هەندێک سەوزەی ئاسایی، ڕەنگە لە بۆنەیەکدا چێژی لە خواردنی مریشک، یان باڵندەیەکی تر وەرگرتبێت، بەڵام بە دەگمەن دەیتوانی تامی گۆشتی ئاژەڵ بکات[١٦]، چونکە گۆشت تەنها لە جەژنەکاندا دەخورا، هەروەها پەز و چێڵ و گا زۆر بەنرخ بوون، تەنها کاتێک سەریان دەبڕی، کە ئاژەڵەکە لە دۆخێکی خراپدا بووایە، یان بەشی پێویست ئالیکیان نەبووبێت تا لە زستاندا بەخێوی بکەن[١٧].

به پێچەوانەی بۆچوونی ڕابردووەوە، زۆربەی خێزانی جووتیاران خێزانی بچووک، یان خێزانی مامناوەند بوون، واتە خێزانەکان لە دایک و باوک و یەک، یان دوو سێ منداڵ و یەک، یان چەند باپیرەیەک پێکهاتبوون و پێدەچێت خێزانە گەورەکان کەم بووبن[١٨].

جووتیارانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا لە بارودۆخێکی سەختدا دەژیان و سەختیی ژیان وای لێکردبوون، کە ژنان و کچانی جووتیاران شانبەشانی پیاوان بۆ بەدەستهێنانی بژێویی ژیانیان کاربکەن. ژنان جگە لەوەی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگیان ئامادە دەکرد و لەناو ماڵدا منداڵەکانیان بەخێو دەکرد[١٩]، لە دەرەوەی ماڵیش کاریان دەکرد و هەندێک جار کچانی جووتیاران وەک خزمەتکاری ماڵەوە لە شارەکاندا کاریان دەکرد[٢٠]. ئەمەو زۆربەی کاری کشتوکاڵی گوندەکان بە هەرەوەزیی ئەنجام دەدران، بە تایبەت لە وەرزی چاندن و دروێنەدا، چونکە تاکە جووتیارێک توانای نەبوو کە بتوانێت لەم دوو وەرزەدا بە تەنیا کار بکات. ئەگەر وای دابنێین کە ئەو خاوەنی هەوجاڕ بووە، ئەوا ئەو گامێشانەی نەبووە، کە پێویست بووە بۆ ڕاکێشانی، بە تایبەت کە زەحمەت بوو بەو هەوجاڕە سەرەتاییانەی کە ئەو کاتە هەبووە، زەوییەکان بەخێرایی بکێڵدرێت[٢١]، بۆیە هەموو گاکانی کێڵگەکە کە بیست دانە، یان پتر بوون، پێکەوە هەوجاڕەکانیان ڕادەکێشا و زەوییەکانیان دەکێڵا، ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و بەشداریی جووتیاران هەبوو لە کێڵانی هەموو زەوییەکانیاندا. هەمان ئەم هاوکارییانەش لە کاتی دروێنەشدا پێویست بوو، چونکە پێویست بوو دانەوێڵەکان بە خێرایی دروێنە بکرێن. لە وەرزی دروێنەدا هەموو ژن و پیاو و منداڵان لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، بۆئەوەی بە زووترین کات بەرهەمەکان دروێنە بکرێن[٢٢]. جیا لەمانە جووتیارەکان بەیەکەوە بڕیاری هەڵبژاردنی جۆری بەرهەم و کاتی چاندن و دروێنەکردنیان دەدا[٢٣].

جووتیاران لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا سووڕی دووانەیان بەسەر زەویدا جێبەجێ دەکرد، واتە زەوی کشتوکاڵییان دەکردە دوو بەشەوە، بەشێکیان دەکێڵا و بەشەکەی تریان بە بەیاریی بۆ ساڵی ئایندە دەهێشتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە زەوییەکە بەپیتی خۆی بگەڕێنێتەوە، دواتر لە سەدەی هەشتەمدا سووڕی سیانە بەسەر زەویدا جێبەجێ دەکرا، واتە زەوییەکە دابەش دەکرا بۆ سەر سێ بەش، بەشێکی بۆ کشتوکاڵی پاییزە، بەشێکی بۆ کشتوکاڵی بەهارە، بەشێکیشی بە بەیاریی بۆ ساڵی ئایندە دەهێڵدرایەوە. هەرچەندە پێدەچێت سووڕی دووانە بەربڵاو بووبێت و سووڕی سیانە تەنیا لەسەر زەوییە بەپیتەکان جێبەجێ کرابێت[٢٤].

شیاوی باسە جگە لە گەنم، شۆفان و هەرزن و نۆک و لۆبیا و بازیلاش کشت دەکرا، بەڵام بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست شێوازی کشتوکاڵ گۆڕانکیی ئەوتۆی بەسەردا نەهات و ئامێرە کشتوکاڵییەکان کە بریتیبوون لە هەوجاڕ و شەنی دارین و دەستاڕ، وەک خۆیان مانەوە، بە پێتکردنی زەویش بریتیبوو لەوەڕاندنی ئاژەڵ تیایدا و پاشان هەڵگەڕاندنەوەی زەوییەکە و تێکەڵکردنی لەگەڵ پەینی ئاژەڵاندا[٢٥].

بەدەگمەن دەرەبەگەکان کاروباری کێڵگەکانیان بەڕێوە دەبرد، بەڵکو بریکاریان هەبوو کاروبارەکانیان بۆ بەڕێوە دەبردن، کە کۆمەڵێک خزمەتکار و نۆکەر بوون، کە بەزۆریی کەسانی شەقاوە و دڵڕەق و بێبەزەیی بوون و زۆرێک لەو گەندەڵییانەی کە کۆیلەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەدەستیانەوە دەیانناڵاند، هۆکارەکەی ئەو بریکارانە بوون. بەم جۆرە دەرەبەگ ئاگای لە بارودۆخی جووتیاران نەبوو، تا ئەوەندەی دەزانی جووتیاران یاخی دەبوون و دەرەبەگەکانیش بە دڕندانە سەرکوتیان دەکردن[٢٦].

گەورەترین بارگرانیی سەر شانی جووتیاران ئەو ئەرکانە بوون، کە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە بەسەر جووتیاراندا دەسەپێندرا، هەرچەندە لە ئەنجامی دابونەریت و بارودۆخی جیاواز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت بەسەر سێ جۆردا دابەش بکرێن، یەکەمیان کاری زۆرەملێی هەفتانە بوو، کە جووتیار لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ لەسەر زەوی ئاغاکەی کاری دەکرد، سێ ڕۆژیش لەسەر زەوییەکەی خۆی کاری دەکرد، دووەمیش کاری زۆرەملێی وەرزیی بوو، کە لە وەرزی دروێنەکردنی بەرهەمەکەدا بەسەر جووتیاراندا سەپێندرابوو، ڕوونە کە ئەم خزمەتە وەرزییە بۆ جووتیاران مایەی کێشە بوو، چونکە لە سەردەمێکدا بەسەریاندا سەپێندرا کە پێویستیان بە هەوڵ و کاتی زۆر بوو، بۆئەوەی بەرهەمەکانی خۆشیان دروێنە بکەن. سێیەمیش جۆرێکی تری کاری زۆرەملێ بوو، کە بەسەر کۆیلەکاندا سەپێنرابوو، ئەویش ئەوەبوو کە بەکاردەهێنران بۆ دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگاوبان و پردەکان[٢٧]. لەگەڵ ئەوەی باری نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان و پردەکان کەوتە سەر شانی جووتیاران، ئەوە هەر ئەوانیش بوون کە قەڵاکانیان دروست دەکرد و بەردەوام بانگ دەکران بۆ بەهێزکردنی قەڵاکان[٢٨]. سەرباری ئەم کارە زۆرەملێیانە، جووتیاران کەوتبوونە ژێر باج و سەرانەری زۆرەوە، بۆ نموونە باجی دەیەک، کە جووتیار دەبوو یەک لەسەر دەی بەرهەمی زەوییەکەی لە دانەوێڵە و سەوزە و میوە و یەک لەسەر دەی بەرهەمی ئاژەڵ و باڵندە و ماسی ڕاوکراو بدات بە خاوەن زەوییەکان، جۆرێکی تری باج بریتیبوو لە باجی سەرانە، کە دەبوو

هەموو کەسێک ساڵانە بڕێک پارە، یان کەرە، مۆم... هتد بدات بە خاوەن موڵکەکە، پێدەچێت ئەم باجە بێبایەخ و سادە بووبێت، بەڵام هێمای ملکەچبوونی جووتیار بوو بۆ خاوەن زەوییەکە[٢٩]، هەروەها جووتیار دەبوو باجێک بدات کاتێک داری دارستانی بەکاردەهێنا، کە زۆرجار ئەم دارستانانە لە تەنیشت گوندەکانەوە بوون[٣٠].

هەر گوندێک، یان ڕاستتر بڵێین هەر کێڵگەیەک (**بە عەرەبی: الضیعة** و **بە ئینگلیزی** manor: پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی بوو، کە گوندێک، یان زۆرتری لەسەر بوو و یەک خاوەنی هەبوو)ی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا یەکەیەکی ئابووری سەربەخۆ بوو و هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نەبوو، گوندنشینان دەبوو پشت بە خۆیان ببەستن و هەموو شتێک بۆ خۆیان بەرهەم بهێنن، بۆیە هەر گوندێک لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەکی زۆر خۆبژێو بوو و هەموو ئەو خۆراکانەی بەرهەم دەهێنا، کە پێویست بوون بۆ خەڵکەکەی، جگە لەوەش هەر گوندێک پیشەوەری وەک ئاسنگەر و دارتاشی خۆی هەبوو[٣١]، هەرچەندە پێدەچێت جووتیاریش هەبووبێت کە تا ڕادەیەک وەک بەردهەڵکۆڵ و دارتاش و چەرمچی و هاوشێوەکانیان کاری کردبێت[٣٢]. ئەو پێداویستییانەی کە دەبوو لە دەرەوە دابین بکرێن، زۆر کەم بوون، زۆرجار تەنیا خوێ و ئاسن بوون، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین گوندەکانی ئەو سەردەمە گوندی خۆبژێن بوون[٣٣].

بەلایەنی کەمەوە ئەم جۆرە ئابوورییە خۆبژێوییە تا سەدەی دوانزەیەم مایەوە، چونکە تا ئەوکاتە هیچ پێویستییەکی بەپەلەی بۆ هیچ ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەبوو، هەر بۆیە هیچ بازاڕێکی گەورە نەبوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی گوندنشینان، بۆیە جووتیاران تەنیا بەشی خۆیان و گەورەکانیان بەرهەم دەهێنا[٣٤]. لە سەدەی دوازدە و سیانزە بە دواوە و لە ئەنجامی گەشەی دانیشتووان و بووژانەوەی بازرگانی و گەشەسەندنی شارەکان جووتیاران، ناچار بوون زیادەیەک بۆ دانیشتووانی شار بەرهەمبهێنن، بەرهەمەکەش لەلایەن جووتیارەکە خۆیەوە دەگوازرایەوە بۆ شارەکانی دراوسێ، یان لە ناوچەکەی خۆیدا دەفرۆشرا بەو بازرگانانەی کە بازرگانییان لەگەڵ دەکردن[٣٥]. لە سەدەی یانزەیەم و دوانزەیەمدا کۆیلەکان بە ئاسانی دەیانتوانی ئازاد بن و ڕزگاریان بێت لە پابەندبوونی هەمیشەیی بە پارچە زەوییەکەوە، بێگومان چەندین هۆکای ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پشت ئەم گۆڕانەوە بوون، گرنگترینەکان بریتیبوون لە جەنگەکانی خاچدروشمان، کە دەرگای بۆ نزیکەی دە هەزار کەس کردەوە، کە خاکی خۆیان بەجێبهێڵن، بۆئەوەی

بەشداریی جەنگەکان بکەن، هەروەها بووژانەوەی بازرگانی و ئابووریی نەقدی بوو، کە وایکرد دەرەبەگەکان بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان لە کالاّ بازرگانییەکان، پێوستیان بە دراو بێت، بۆیە ئیتر کۆیلە دەیتوانی لە بەرانبەر دانی هەندێک پارە بە ئاغاکەی، خۆی لە کۆیلایەتی ڕزگار بکات، یان ئەگەر منداڵێک لە باوکێکی کۆیلە و دایکی ئازاد بووایە، ئازاد دەکرا. ئەمەو گەر کۆیلەیەک لە دەستی ئاغاکەی هەڵبهاتایە و خۆی بگەیاندبایە بە شارێکی ئازاد و ماوەیەک بمایاتەوە و نەگیرایە، ئازاد دەبوو. بەم جۆرە سەرهەڵدان و گەشەکردنی شارەکان دەرگایەکی نوێی بۆ کۆیلەکان کردەوە تا ئازاد بن و لە شارەکاندا بژین. ئەمەو هەندێک لە دەرەبەگ و سەرۆک دێرەکان لە بەرانبەر چاککردنی زەوی و پڕکردنەوەی زۆنگاوەکان و بڕینەوەی داری دارستانەکان، کۆیلەکانیان ئازاد دەکرد. بەم جۆرە تا دەهات نەوە لەدوای نەوە کۆیلە کەمتر دەبووەوە[٣٦]، بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانیی ئێکسپرێس، توانی بنووسێت و بڵێت: **«ئێمە ئیتر کۆیلە و دەستی بێ کارمان نییە، کەسیش نییە کە بارودۆخی لە بارودۆخی ئەم کەسانە بچێت»**[٣٧].

هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری کۆیلە لە ماوەی سەدەی دوانزەدا خۆیان ئازاد کرد، لەگەڵ ئەوەشدا جووتیاری کۆیلەی زەوی مابووەوە، بەڵام زۆربەی شێوازی سەرەتایی خۆی لەدەست دابوو، بە تایبەت کاری زۆرەملێ لەو کاتەدا سووکتر بوو بە بەراورد بەو ئەرک و کارانەی کە لە ڕابردوودا بەسەریاندا سەپێندرابوو، لە سەدەی سیانزەیەمیش بەدواوە بەخێرایی بەرەو نەمان دەچوو[٣٨].

هەرچەندە زۆرێک لە بیروباوەڕی ئایینی جووتیاران ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی پێش مەسیح، یان سەرچاوە نا مەسیحییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جووتیاران بە توندیی وابەستەی کڵێسا بوون، لە سەرووی هەمووشیانەوە کڵێسای گوندەکانی خۆیان. لەلایەکی دیکەوە لە ئەندێشەی جووتیاراندا، سەردەمی زێڕین هەمیشە ڕابردوو بوو، نەک داهاتوویەکی نادیار. لەم ڕووەوە جووتیاران باوەڕیان وابوو تا دێت گێتی خراپتر دەبێت[٣٩]. ئەمەو کڵێساش کە پێکهێنەری بنەما هزرییەکانی کۆسووڕی دەرەبەگایەتی بوو، بەجۆرێک بنەماکانی داڕشتبوو، کە بتوانێت خزمەت بە ڕەوشەکە بکات، ئەویش بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئازار و ناخۆشییەکانی سەر زەوی کاتیین و لەو دونیا قەرەبوو دەبنەوە، بەو جۆرە دەبووە هاندەری جووتیاران بۆ خزمەتکردنی گەورەکانیان[٤٠]. سەرباری هەموو ئەمانە هەست و سۆزی ئایینی پاڵنەر و هۆکارێک بوو بۆ یاخیبوون و ململانێی نهێنی و ئاشکرای جووتیاران لەگەڵ

ئاغاکاندا. بۆ نموونە لە یەکێک لە بەیاننامە تایبەتەکاندا هاتووە: **«ئێمە داوای ئەوە دەکەین، کە هەموو کۆیلەکان ئازاد بکرێن، لەبەرئەوەی خودا بە ڕشتنی خوێنی بەنرخی خۆی هەمووانی ئازادکرد»**[٤١].

ماوەتەوە بڵێین، کە زۆربەی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا نەخوێندەوار بوون، بەڵام پێدەچێت هەندێک لە جووتیاران کۆلکەخوێندەوار بوون، بە تایبەت لەو ناوچانەی لەژێر کاریگەریی گەشەسەندنی شارەکاندا بوون، وەک هەندێک دەڤەری توسکانی لە ئیتاڵیا، لەوێ چەند جووتیارێکی زەنگین و هەندێک خاوەن زەوی بچووک، ڕەنگە لە قەشەی گوندەکانەوە فێری نووسین و خوێندنەوە بووبن[٤٢].

## بەشی دووەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ و گرنگترین ڕووداوەکان و هۆکارەکانی شکستی ڕاپەڕینەکە

پێش ئەوەی باسی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ بکەین، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە لەو سەردەمەدا زۆربەی شێوازەکانی ناڕەزایەتی و بەرەنگاریی جووتیاران دژی ستەم و زۆرداریی ئاغاکان بە نهێنی بووە. هەندێک جاریش ناڕەزایەتی و بەرەنگارییە ئاشکراکان لە ئاستی تاکەکەسدا بووە، ئەو جووتیارەی کە لە ژیانی خۆی ناڕازیی بوو، بەرەو شارەکان هەڵدەهات و لەوێدا جووتیاران دیسان خۆیان لە خوارەوەی کۆمەڵگادا بینییەوە، بەڵام دەرفەتیان بۆ ڕەخسا کە پەیوەندی بە سەندیکاکانەوە بکەن و ئەو پیشانەی کە لە وەستاکانەوە فێر دەبوون، بۆ منداڵەکانیان بگوازنەوە[٤٣].

هەرچەندە زۆربەی ناڕەزایەتیی و بەرەنگارییەکانی جووتیار بە نهێنی بوون، بەڵام چەندین جار بە ئاشکرا یاخی دەبوون و ڕادەپەڕین، بە تایبەت ئەوکاتانەی کە جووتیاران بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەبوو، یان سەرکردەی بەتوانایان لەناودا هەڵدەکەوت، تەنانەت هەندێک جار ئەم یاخیبوون و ڕاپەڕینانە سەروو ناوچەیی بوون، بەناوبانگترین ڕاپەڕینەکان لەم ماوەیەدا هەرچەندە بە تەنیا ناڕەزایی جووتیاران نەبوون، ڕاپەڕینی جاکیری ساڵی (١٣٥٨)ز لە فەڕەنسا و ڕاپەڕینی گەورەی جووتیاران لە ساڵی (١٣٨١)ز لە ئینگلتەرا بوون[٤٤].

جێی گوتنە لە پشت سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆوە پتر لە یەک هۆکار هەیە، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە دەکەین:

١. لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ئەنجامی ناسەقامگیریی ڕامیاری و جەنگی نێوان دەرەبەگەکان لەسەر زەوی و دەسەڵات.

٢. سەپاندنی باجی قورس بەسەر جووتیاراندا و ئیستغلالکردنی ئابووریی جووتیاران لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، کە ناڕەزایەتی جووتیارانی بەدوای خۆیدا هێنا.

٣. بێتوانایی و کەمتەرخەمی بەگزادەکان لە پاراستنی گوندنشینان لە هێرش و تالانکاریی تەتارەکان.

٤. بیروباوەڕی ئایینی پاڵنەر بوو بۆ یاخیبوونی جووتیاران، بە تایبەت سەرکردەی ڕاپەڕینەکە، کە پێی وابوو ئەرکێکی لەلایەن خوداوە پێدراوە بۆ ڕزگارکردنی بولگاریا لەژێر دەستی تەتارەکان[٤٥].

ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ لە بەهاری ساڵی (١٢٧٧)ز دەستی پێکرد، سەرکردەی ڕاپەڕینەکە جووتیارێک بوو بە ناوی ئیڤایلۆ (Ivaylo)، کە لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا بە (لاچاناس) ناوی هاتووە، کە تەنیا وەرگێڕانێکی یۆنانی بوو بۆ نازناوە بولگارییەکەی، کە بە واتای (کەلەرم)، یان (کاهوو) دێت[٤٦].

مێژوونووسی یۆنانی بیزەنتی جۆرج پاچیمێرێس (Georges Pachimeres) دەربارەی ئیڤایلۆ نووسیویەتی:

**«لەوێ (مەبەستی بولگریایە) جووتیارێک هەبوو، کە بۆ پارە بەرازی دەلەوەڕاند و ناوی بوردۆکڤا (لەبری ناوەکەی ئەم نازناوە وەک سوکایەتییەک لەلایەن نەیارەکانی ئیڤایلۆوە بەکارهاتووە، کە بە واتای کەلەرم، یان کاهوو دێت) بوو. زۆر ئاگاداری بەرازەکانی بوو، بەڵام هیچیان هی خۆی نەبوون، نە گرنگی بە جلوبەرگەکەی دەدا و نە بە خواردنەکانی. بەو پێیەی تەنها سەوزەی دەخوارد و بە شێوەیەکی خراپ دەژیا...»**[٤٧].

ئەم جووتیارە بە هاوڕێکانی دەوت، کە شەڕکردن تاکە ڕێگایە بۆ دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستی ئەرستۆکراسییەکی کەمتەرخەم و بێتوانا، بەڵام سەرەتا کەس باوەڕی پێ نەدەکرد، چونکە نەیانبینیبوو جووتیارێک بە ئاشکرا شەڕی ئاغاکەی بکات، وەلێ زۆری نەبرد قسەکانی ئەم جووتیارە بولگارییە کاریگەری لەسەر جووتیاران دانا و ناوی لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووەوە و جووتیارانی ستەملێکراو، کە دەیانویست لە ئاغاکانیان ڕزگاریان ببێت، لە دەوری ئیڤایلۆ کۆبوونەوە[٤٨].

سەرەتا ڕاپەڕینەکە هەموو باکووری ڕۆژهەڵاتی بولگاریای گرتەوە و ناوەندی ڕاپەڕینەکەش دۆبرۆدجا و لۆدۆگۆرییە بوو، کە ئیڤایلۆ خۆی لەوێ ژیابوو. جووتیاران بەخێرایی قەڵا و شارۆچکەکانی بەگزادەکانیان دەگرت و هەر هەڵمەتێکی نوێ کە ئیڤایلۆ ئەنجامی دەدا، هێزی زۆرتر دەکرد و سوپاکەی لە جەماوەرێکی جیاوازەوە گۆڕدرا بۆ یەکەیەکی شەڕکەری ڕێکخراو، لە بەرانبەردا دەرەبەگەکان تەواو بێ دەسەڵات بوون و تەنیا هەندێک لە شار و قەڵا گەورەکان لە دەستی تزاردا مانەوە[٤٩].

ئیڤایلۆ تەنیا بە شەڕکردن لەگەڵ دەرەبەگەکان نەوەستا و سەرکردایەتیی سوپاکەی کرد لە دژی تەتارەکان و لە یەکەم هێرشدا بەسەر کۆمەڵێک لە تەتارەکاندا سەرکەوت، دوای ماوەیەکی کەمیش بۆ دووەمجار کۆمەڵێکی تری تەتاری شکست دا. تەتارەکان کە تا ئەو کاتە بەرانبەر بولگارییەکان بەو جۆرە نەدۆڕابوون، بەپەلە کشانەوە بۆ ئەودیوی دانوب. سەرکەوتن بەسەر تەتارەکاندا پەرچوویەک بوو، کە هانی هەزار پیاوی دا بۆئەوەی بچنە ناو سوپای ئیڤایلۆوە[٥٠].

دوای کشانەوەی تەتارەکان و لە پاییزی ساڵی (١٢٧٧)ز ئیڤایلۆ سەرکردایەتیی سوپاکەی کرد و لە تارنۆڤۆی پایتەخت نزیک بووەوە، پاشان لە شەڕێکی کراوەدا کە شوێنی نادیارە، سوپای تزاری بولگاریا کۆنستانتین تیخ (KonstantinTih)، کە بۆ وەستاندنی ئیڤایلۆ هاتبوو، شکستی هێنا و کۆنستانتینیش بە دەستی ئیڤایلۆ لەناوچوو و پایتەختەکەشی لەلایەن یاخیبووانەوە گەمارۆ درا[٥١].

ئیمپراتۆری بێزەنتین میخایلی هەشتەم (Michael VII palaiologos)، بەبێ دوودڵی دەستتێوەردانی لە کاروباری بولگاریادا کرد، چونکە دەترسا ناسەقامگیریی بولگاریا مەترسی بۆ بێزەنتییە دروست بکات. سەرەتا ئیمپراتۆر میخایل یەکێک لە کچەکانی بە ناوی ئیرێن لە ئیڤانی کوڕی میکۆ مارە کرد، کە پەنابەرێکی خانەدانی بولگاری بوو و ئەو کاتە لە خزمەت بێزەنتییەدا بوو، ئیڤان لەبەرئەوەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای بولگاریا بوو، بە مافی یاسایی خۆی دەزانی کە لەسەر تەختی بولگاریا دابنیشێت. ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم لە هاوسەرگیرییەکەی، لەژێر ناوی ئیڤان ئاسنی سێیەم (Ivan Asen III) وەک تزاری بولگاریا ناسێندرا و پاش ئەوەی سوێندی دڵسۆزیی بۆ ئیمپراتۆر میخایل خوارد، لەگەڵ سەربازانی بێزەنتییە بەرەو تارنۆڤۆ بەڕێکەوت، بۆئەوەی تەختی دەسەڵات لەژێر چنگی ئیڤایلۆ دەربهێنێت[٥٢].

لەم سەروبەندەدا دۆخی بێوەژن ماریا پالایلۆجینا (Maria Palaiologina) و بەگزادەکانی بولگاریا لە تارنۆڤۆ زۆر خراپ بوو. ئەوان لەنێوان بەرداشی ئیڤایلۆ و ئیڤاندا بوون، یان دەبوو خۆیان ڕادەستی جووتیارە یاخیبووەکانی ئیڤایلۆ بکەن، یان خۆیان بدەن بەدەست ئیڤانەوە، کە لەلایەن سوپای بێزەنتییەوە پشتیوانی دەکرا. بژاردەی یەکەم لە ئەستەم دەچوو، بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا هەبوو، بەهەمان شێوەش بژاردەی دووەمیش ئەستەم بوو، چونکە بە مانای وابەستەیی و ژێردەستەیی بولگاریا بۆ بێزەنتییە دەهات. دواجار ئەوەبوو بژاردەی یەکەم هەڵبژێردرا و لە بەهاری ساڵی (١٢٧٨)ز-دا ماریا خۆی ڕادەست کرد و دەروازەکانی تارنۆڤۆی بەڕووی ئیڤایلۆدا کردەوە، بەو مەرجەی دان بە میخایلی کوڕیدا بنێت وەک میراتگری یاسایی تەخت، پاشان هاوسەرگیریی لەگەڵ ئیڤایلۆ کرد و ئیڤایلۆ تاجی تزاری لەسەر دانرا[٥٣].

ئیڤایلۆ کاتی نەبوو چێژ لە سەرکەوتنەکانی وەربگرێت و دوای دوای ئەوەی تاجی لەسەر دانرا، دەبوو لە دوو بەرەدا ڕووبەڕووی دوژمنانی دەرەکی بێتەوە، کە هەڕەشەیان لەسەر دەستکەوتەکانی جووتیاران دەکرد، کە بە ئارەق و خوێنی

خۆیان بەدەستیان هێنابوو. لە باکوورەوە تەتارەکان دیسانەوە دانوبیان بەزاند، لە باشووریشەوە ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی سوپایەکی گەورەی نارد بۆ بولگاریا، کە لەلایەن (میخایل گلاڤا)وە سەکردایەتی دەکرا و ئەرکی ئەم سوپایە ئەوە بوو، تزاری جووتیار لەسەر تەخت لاببەن و ئیڤان ئاسنی سێیەم بخەنە سەر تەختی دەسەڵات[٥٤].

تزاری گەنج، کە پێشتر شوانی بەراز بووە، لەم دۆخە ئاڵۆزەدا بێهیوا نەبووە، بڕیاری دابوو ئەوەی دەستی پێکردووە، تەواوی بکات، بۆ ئەم مەبەستە دیسانەوە سوپاکەی کۆکردەوە. سەرەتا سوپای جووتیاران ڕووبەڕووی تەتارەکان بوونەوە، چونکە ئیڤایلۆ ئاشنای شێوازی شەڕکردنیان بوو و دەیوست بە سەرکەوتنێک ورەی شوێنکەوتووانی بەرز بکاتەوە، ئەوە بوو دیسان بەسەر تەتارەکاندا سەرکەوت و تەتارەکانیان ناچار کرد بکشێنەوە[٥٥].

جووتیاران دوای سەرکەوتنیان بەسەر تەتارەکاندا، بە ورەیەکی بەرزەوە بەرەو باشوور ڕۆیشتن، بۆئەوەی ڕووبەڕووی بێزەنتییەکان ببنەوە، کە سوودیان لە سەرقاڵیی ئیڤایلۆ لە باکووردا وەرگرتبوو و هاتبوونە ناو خاکی بولگاریاوە، بەڵام ئیڤایلۆ لەگەڵ بەرگریکارانی ناو ئەو قەڵایانەی کە مابوونەوە، یەکی گرت و ڕووبەڕووی سوپای بێزەنتییە بوونەوە و دوای زنجیرەیەک شەڕی تووند، لە شەڕێکی یەکلاییکەرەوەدا بەسەر سوپای بێزەنتییەدا سەرکەوت و بەشی زۆری سوپاکەی لەناوبرد[٥٦].

میخایلی هەشتەم، کە زۆر نیگەران بوو لەم شکستە، پەنای بردە بەر ئامرازەکانی دیپلۆماسی، ناوبراو نوێنەری نارد بۆ باکوور، بۆئەوەی تەتارەکان ڕازی بکەن لە بەرامبەر زێڕ و شتی بەنرخی تردا بۆ جارێکی دیکە هێرش بکەنەوە سەر بولگاریا، تەتارەکانیش بە پێشنیارەکەی ڕازی بوون و جارێکی تر هێرشیان کردەوە سەر بولگاریا[٥٧]. ئیڤایلۆ ناچار بوو پایتەخت بەجێبهێڵێت و جارێکی تر سوپاکەی بەرەو باکوور ببات، بۆئەوەی بەرگری لە وڵاتەکەی بکات لە داگیرکاریی بیانی، لەم کاتە هەستیارەدا بەگزادە بولگارییەکان دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە ئیڤایلۆ لە شەڕدا کوژراوە و سوپاکەی لەناوچووە، ئەم دەنگۆیەش باندۆری خراپی لەسەر خەڵکی پایتەخت دانا و دەروازەکانی تارنۆڤۆ بەڕووی ئیڤان ئاسنی سێیەم، کە سوپایەکی گەورەی بێزەنتییەی لەگەڵدا بوو، کرانەوە و بەگزادەکان بووکەڵەکەی بێزەنتییەیان وەک تزاری بولگاریا پەسەند کرد. هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە بەگزادەکان بە پیلانێک ماریا و میخایلی کوڕیان گرت و دایانە دەست بێزەنتییەکان و ئەوانیش ناردیان بۆ قوستەنتینییە[٥٨].

جێی گوتنە تەتارەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە کەوتنی تارنۆڤۆ. ئەگەر سوپای تەتار سەرنجی ئیڤایلۆی لە باکوور سەرقاڵ نەکردبا، سەربازانی بێزەنتییە نەیاندەتوانی لە قەڵاکانی باشووری چیای هایمۆسەوە بچنە ناوچەی باکووری دەریای ڕەش، لەوێشەوە نەیاندەتوانی هێرشی کۆتایی و سەرکەوتووانە دژی یاخیبووەکان ئەنجام بدەن. ئیمپراتۆر میخایلی هەشتەمیش زۆر باش ئاگاداری ئەم ڕاستییە بوو، بۆیە پاداشتی چاڤوشباشی (Čavušbaši) فەرماندەی گشتی تەتارەکانی کرد و نازناوی فەخری پرۆتۆستراتۆر (protostrator)ی پێ بەخشی[٥٩]. هەرچی بەگزادەکانی بولگاریایە، هەروەک چۆن ئامادە نەبوون ئیڤایلۆ لەسەر تەختی بولگاریا پەسەند بکەن، بەهەمان شێوە تزاری نوێشیان پەسەند نەبوو، کە بووکەڵەی بێزەنتییە بوو. ئیمپراتۆری بێزەنتییەش دەیزانی کە ئیڤان ئاسنی سێیەم لەنێو ئەرستۆکراسی بولگاریادا هیچ پشتیوانییەکی نییە، بۆیە ویستی پشتگیریی ئەوان بۆ ترازی نوێ مسۆگەر بکات، ئەویش بەوەی بەهێزترین بەگزادە، کە جۆرج تێرتەر (George Terter) بوو، بە ترازی نوێ و بێزەنتییە ببەستێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە بەپێی ڕێککەوتنێک، جۆرج تێرتەر لە هاوسەرە بولگارییەکەی جیابووەوە و لەگەڵ کوڕەکەی دوورخرانەوە بۆ نیکایا، پاشان جۆرج تێرتەر هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشکی ئیڤان ئاسنی سێیەم کرد و نازناوی دادوەری ڕەها (despot)ی پێبەخشرا. سەرەڕای ئەمانە، ڕەنگە جۆرج تێرتەر وازی لە بیرۆکەی بوون بە تزار نەهێنابێت و بە یارمەتی بەگزادەکان خەریکی پیلانگێڕیی بووبێت، تا تزاری نوێ لاببات و خۆی بچێتە شوێنی[٦٠].

هەرچەندە ئیڤایلۆ شکستی بەسەر تەتارەکان لە دەشتی دانوبدا هێنابوو و جارێکی دیکە ناچاری کردبوون بەرەو باکوور بکشێنەوە، بەڵام دوای کەمێک لەو سەرکەوتنە ڕووبەڕووی دوژمنێکی نوێ بوونەتەوە، کە سوپای بێزەنتییە بوو و ئەرکی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیڤان ئاسنی سێیەمی پێدرابوو، ئەم جارە جووتیارە شەکەت و ماندووەکان نەیانتوانی ڕووبەڕووی هێرشی بێزەنتییە ببنەوە و ئیڤایلۆیش پەنای بردە بەر قەڵای دروستار. سەرەڕای گەمارۆیەکی درێژخایەن، بێزەنتییەکان نەیانتوانی بەرگرییەکە بشکێنن. زۆری نەخایاند ئیڤایلۆ سەربازەکانی کۆکردەوە و دیسانەوە هێرشی کردەوە و گەلەکەی ئەوەندە خۆشیان دەویست، هەزاران خۆبەخش چوونە ناو سوپاکەیەوە، بەم جۆرە جارێکی تر قارەمانێتی و ئیلهامبەخشی یاخیبوونەکە ڕزگاریی بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی بولگاریا

هێنا و ئیڤایلۆ دیسانەوە گەلەکەی بەرەو تۆرنۆڤۆ برد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو تەختەی کە پێشتر بە هێزی تورەیی جووتیاران بەدەستی هێنابوو[٦١].

ئیڤایلۆ لەگەڵ فەرماندەی تەتار چاڤوشباشی، کە دوای ئەوەی لەلایەن جۆرج تێرتەرەوە لە پۆستەکەی دوورخرابووەوە، هاتبووە بەرەی ئیڤایلۆوە، سەرئێشەیەکی زۆریان بۆ بێزەنتییەکان دروستکرد. ئیڤایلۆ هەوڵی دا تارنۆڤۆ کۆنترۆڵ بکاتەوە و لە (١٧)ی تەمموزی (١٢٧٩)ز سەربازەکانی لەگەڵ دە هەزار سەربازی بێزەنتییە تێکهەڵچوون. شەڕەکە لە دیابابینا (ئەمڕۆ دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی بولگاریا) ڕوویدا و ئیڤایلۆ سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

دواتر لە (٥)ی ئابدا، سەربازەکانی ئیڤایلۆ لە شوێنێک لە دەرەوەی زنجیرەچیای زایگۆس (ئێستا ناوی سریدنا گۆرایە)، ڕووبەڕووی پێنج هەزار سەربازی بێزەنتییە بوونەوە و بێزەنتییەکان دیسان شکستیان هێنا و سەرکردەی بێزەنتییەکان لەلایەن ئیڤایلۆوە کوژرا[٦٢]. ئیڤان ئاسنی سێیەمیش دوای ئەوەی درکی بەوە کرد، کە ناتوانێت زۆر لەسەر تەخت بمێنێتەوە، شەوێکی تاریکی هاوین بە نهێنی بەشێک لە گەنجینەی شاهانەی لەگەڵ خۆی برد و تارنۆڤۆی بەجێهێشت بەرەو قوستەنتینییە هەڵات و هەرگیز نەگەڕایەوە. هەموو ئەمانە لە ساڵی (١٢٧٩)ز ڕوویان داوە، ساڵی دواتر لە ساڵی (١٢٨٠)ز-دا جۆرج تێرتەر وەک تزاری نوێی بولگاریا هەڵبژێردرا[٦٣].

هەڵبژاردنی جۆرج تێرتەر وەک ترازی نوێ، گورزێکی کوشندە بوو بەر جووتیاران کەوت، چونکە لەوکاتەدا یەکگرتنی دەرەبەگەکان و بەلاوەنانی ناکۆکییەکانی نێوانیان، بووە هۆی بهێوابوونی جووتیاران و هەرکامیان گەڕایەوە ماڵی خۆی، کە سێ ساڵ بوو لێی دوور بوون، بەم جۆرە جووتیاران بڵاوەیان لێ کرد و ئیڤایلۆ نەیتوانی تارنۆڤۆ کۆنترۆڵ بکاتەوە[٦٤].

ئیڤایلۆ دەیەویست ئەو کارەی دەستی پێکردووە، تەواوی بکات، بۆ ئەو مەبەستە دڵسۆزترین هاوڕێکانی کۆکردەوە و لەگەڵ چاڤوشباشی چوون بۆ خێوەتگەی شازادەی تەتار نۆگای خان (Nogay Khan)، چونکە دەیزانی کە سوپای جووتیاران ماندوون و ناتوانن لەگەڵ هێزە یەکگرتووەکانی بەگزادەکاندا ڕووبەڕوو ببنەوە و پێویستیان بە هاوپەیمانێکی بیانییە، ئەو هاوپەیمانەش تەتارەکان بوون، کە هێشتا بەتەواوی نەگەیشتبوونە قۆناغی دەرەبەگایەتی و تاکە کەس بوون کە دەتوانرا وەک دۆستی جووتیارانی یاخیبوو سەیر بکرێن.

لەوێ ئیڤایلۆ دەستی هاوپەیمانی بۆ دوژمنی پێشووی درێژ کرد و نۆگای خانیش پێشوازی لێکردن و بەڵێنی دا یارمەتییان بدات، بەڵام بەپەلە هەواڵەکە گەیشتە قوستەنتینییە و ئیمپراتۆر میخایلی هەشتەم زاوەکەی (ئیڤان ئاسنی سێیەم)ی نارد بۆ لای زاواکەی دیکەی (نۆگای خان)، بۆئەوەی پشتگیریی نۆگای خان لە وەرگرتنەوەی تەختی بولگاریا بۆ ئیڤان ئاسنی سێیەم مسۆگەر بکات. بەم جۆرە دوو بولگاری لە یەک کاتدا هەوڵیان دەدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەرکردەی تەتار[٦٥].

نۆگای خان ئاهەنگێکی ساز کرد و ئیڤایلۆ و چاڤوشباشی و ئیڤان ئاسنی سێیەمیش لەو ئاهەنگدا بەشدار بوون و لە ساتێکی دیاریکراوی ئاهەنگەکەدا نۆگای خان فەرمانی دا: «**ئەمە دوژمنی باوکە ئیمپراتۆرەکەمە؛ بە هیچ شێوەیەک شایەنی ئەوە نییە بژی، بەڵکو دەبێت بکوژرێت**» و خزمەتکارەکانی نۆگای خانیش دریغییان لە جێبەجێکردنی فەرمانی گەورەکەیان نەکرد و ئیڤایلۆ و چاڤوشباشییان کوشت. پێدەچێت کچە ناشەرعییەکەی میخایلی هەشتەم یوفرۆسین پالایلۆجینا (Euphrosyne Palaiologina)، کە هاوسەری نۆگای خان بوو، کاریگەری لەسەر نۆگای خان هەبووبێت، تا بڕیار بدات ئیڤایلۆ بکوژێت. بەم جۆرە بە مردنی ئیڤایلۆ ڕاپەڕینی جووتیارانی بولگاریا کۆتایی هات[٦٦].

لە کۆتاییدا چەندین هۆکار هەبوون بۆ شکستی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ، لە خوارە ئاماژە بە گرنگترین هۆکارەکان دەکەین:

١. هەموو چین و توێژەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگەی بولگاری بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا نەکرد.

٢. جووتیاران سەربازی ڕاهێنراو نەبوون و توانای جەنگیی درێژخایەنیان نەبوو، بۆیە دواجار سەرکردەکەیان جێهێشت و بڵاوەیان لێ کرد.

٣. جووتیاران لە دوو بەرەدا لە دژی دوژمنانی دەرەکی لە جەنگدا بوون، کە ئەمەش جووتیارەکانی ماندوو کرد و لە کۆتاییدا نەیانتوانی دژی دوژمنی ناوخۆییان کە بەگزادەکان بوون، بوەستنەوە.

٤. ڕاپەڕینەکە بەبێ پلان و بەرنامەی پێشوەختە سەری هەڵدا و دوای کوژرانی سەرکردەی جووتیارەکان، ڕاپەڕینەکە کۆتایی هات.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. جووتیاران زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئەوروپییان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێکدەهێنا، وەلێ لەلایەن کەمینەیەکی دەرەبەگ و پیاوانی ئایینییەوە دەچەوسێنرانەوە.

٢. جووتیاران بە هەرەوەزیی کاریان دەکرد و خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگیان بۆ تەواوی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە دابین دەکرد.

٣. جووتیاران لە ژیانێکی ناخۆش و سەختدا دەژیان و لەژێر باری ئەرکێکی زۆری سەپێنراودا بوون، کە بریتیبوون لە کاری زۆرەملێی هەفتانە و وەرزانە و دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبان و پرد و قەڵاکان، لەگەڵ ئەمانەشەدا کەوتبوونە ژێر باری باج و سەرانەیەکی زۆرەوە، وەک باجی سەرانە، کە هێمای ملکەچبوون بوو بۆ خاوەن زەوی.

٤. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا جووتیاران دابەش ببوون بەسەر دوو دەستەدا، جووتیاری ئازاد و جووتیاری کۆیلە، جووتیاری کۆیلەش دوو جۆر بوو، جۆرێکیان بەتەواوی کۆیلە و جۆرێکی دیکەشیان کۆیلەی زەوی بوو، بە هەردوو جۆرەکەیەوە زۆرترین جووتیاری چینی جووتیارانیان لە ئەوروپای ئەوێ دەمێ پێکدەهێنا، بەڵام لە سەدەی سیانزەیەمیش بەدواوە بەخێرایی بەرەو نەمان دەچوون، بێگومان چەندین هۆکای ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پشت ئەم گۆڕانەوە بوون، وەک: گەشەسەندنی شارەکان و بووژانەوەی بازرگانی.

٥. جووتیاری ئازاد لەناو جووتیاراندا کەمینە بوون و خاوەن مافی تایبەت بە خۆیان بوون، کە جووتیارانی کۆیلە نەیان بوو، وەک مافی هەڵگرتنی چەک و بەشوودانی کچەکەی بەبێ ڕەزامەندیی دەرەبەگ، بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە ژیانی لەگەڵ جووتیارانی کۆیلە جیاوازی نەبوو، چونکە لەو سەردەمەدا جووتیاران لە یەک جۆر خانوودا دەژیان، کە خراپترین جۆری کوخ بوو، هەروەها هەمان جۆر جلوبەرگیان لەبەر دەکرد و هەمان جۆر خواردنیان دەخوارد و تووشی هەمان ناخۆشیی دەبوونەوە.

٦. جووتیارەکان لەگەڵ ئەوەدا کە جووتیار بوون، لەهەمان کاتدا ئاژەڵداریش بوون و بەزۆریی مەڕ و بزن و بەرازیان بەخێو دەکرد، بە کەمی ئەسپ و

مانگایان بەخێو دەکرد، چونکە بەخێوکردنی ئەو دوو ئاژەڵە پێویستی بە ئالیکی زۆر دەبوو، کە لەو کاتەدا ئالیک کەم بوو.

٧. زۆربەی خێزانە جووتیارییەکان خێزانی بچووک، یان خێزانی مامناوەند بوون، واتە خێزانەکان لە دایک و باوک و یەک، یان دوو سێ منداڵ و یەک، یان چەند باپیرەیەک پێکهاتبوون و پێدەچێت خێزانە گەورەکان کەم بووبن.

٨. زۆربەی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا نەخوێندەوار بوون، بەڵام پێدەچێت هەندێک لە جووتیاران کەمێک خوێندەوارییان هەبووبێت، بە تایبەت لەو ناوچانەی لەژێر کاریگەری گەشەسەندی شارەکاندا بوون.

٩. دەرەبەگەکان کۆمەڵێک بریکاریان هەبوو، کە خزمەتکار و نۆکەر بوون و بەزۆری کەسانی شەقاوە و دڵڕەق بوون، کە کاروباری کێڵگەکانیان بۆ بەڕێوە دەبردن و خۆیان ئاگایان لە بارودۆخی جووتیاران نەبوو، تا ئەوکاتەی دەیانزانی جووتیاران یاخی دەبن.

١٠. لەو سەردەمەدا زۆربەی شێوازەکانی ناڕەزایەتی و بەرەنگاریی جووتیاران دژی ستەم و زۆرداری ئاغاکان، بە نهێنی بووە، بەڵام هەندێک جار بە ئاشکرا یاخی دەبوون و ڕادەپەڕین، کە زۆربەی ئەم ڕاپەڕینە و یاخیبوونە ئاشکرایانە دەکەونە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوونی کۆسووڕی دەربەگایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان بەدڕندانە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە سەرکوتکران و جووتیاران نەگەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان.

١١. لە بەشێک لە ڕاپەڕینەکانی جووتیاراندا چین و توێژەکانی تریش بەشدار بوون، بەڵام چونکە زۆرینەی ڕاپەڕیوەکان جووتیار بوون، بۆیە ڕاپەڕینەکان لە دیرۆکدا بە ڕاپەڕینی جووتیاران ناسراوە.

١٢. هەرچەندە سەرهەڵدانی هەر ڕاپەڕینێکی جووتیاران لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەندین هۆکاری تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام لەنێوان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەموو یاخیبوون و ڕاپەڕینەکان هۆکارێک، یان چەند هۆکارێکی هاوبەشیان دەدۆزینەوە، کە ئەمانەن: ڕەتکردنەوەی باج، یان داواکاریی کەمکردنەوەی باج، ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی و جیاوازیی چینایەتی، ڕزگارکردنی وڵات لە داگیرکاریی بیانی، برسێتی و تاعون، بیروباوەڕی ئایینی.

١٣. گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئیاڤیلۆ بریتیین لە: لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی، نارەزایەتی جووتیاران لە سیاسەتی باج، بێتوانایی بەگزادەکان لە پاراستنی گوندنشینان لە هێرش و تاڵانکاریی تەتارەکان، هەوڵدانی جووتیاران بۆ ڕزگارکردنی بولگاریا لە داگیرکاریی تەتارەکان.

١٤. سەرکردەی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆ، سەرکردەیەکی سەربازیی نایاب بوو، بەڵام بە کوژرانی، کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هات.

١٥. چەندین هۆکار لە پشت شکستی ڕاپەڕینی ئیڤایلۆوە بوون، کە گرنگترینیان: نەبوونی بەرنامە و پلان بوو بۆ ڕاپەڕینەکە، دژایەتی دەرەبەگەکان و بەشدارینەکردنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی بولگاری، هەروەها جەنگانی جووتیاران لە دوو بەرەدا لە دژی دوژمنانی دەرەکی.

## توێژینەوەی سێیەم:

# جەنگەکانی کلۆڤیسی یەکەم

# (٤٨١ - ٥١١)ز

## پێشەکی

کلۆڤیسی یەکەم، یەکێکە لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین کەسایەتییەکانی مێژووی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، یەکێکیش لەو هۆکارانەی کە کلۆڤیسی کردە یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین و بەهێزترین پاشای ئەوروپا لە قۆناغی بەرایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بریتیبوو لە سەرکەوتنی لە زۆربەی ئەو جەنگانەی، کە بەشداری تێدا کردبوون.

ئەوەندەی لای ئێمە زانراوە، تا هەنووکە هیچ توێژینەوەیەک بە زمانی کوردی دەربارەی جەنگەکانی کلۆڤیسی یەکەم نەنووسراوە، ئەمەش هۆکار و پاڵنەرمان بوو تا توێژینەوەیەکی تایبەت لەمەڕ جەنگەکانی کلۆڤیس بنووسین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمانەکانی لاتینی و فەڕەنسی و ئەڵمانی، کەمیی سەرچاوە، هەروەها بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئاوڕێکی مێژوویی لە جەنگ و فراونخوازییەکانی کلۆڤیسی یەکەم بدەینەوە، کە گرنگییەکی تایبەتی لە مێژووی سەدەکانی ناڤینی ئەوروپادا هەیە، هەروەها خوێنەرانی کورد ئاشنا بکەین بە ژیانی سەربازیی یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین کەسایەتییە سەربازی و ڕامیارییەکانی مێژووی ئەوروپا بە گشتی و مێژووی سەرەتای سەدەکانی ناوینی ئەوروپا بە تایبەتی.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە نۆ تەوەر پێکدێت، لە تەوەری یەکەمدا و لەسەر بنەمای ئەوەی کلۆڤیس پاشای فرانکەکان بووە و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی شانشینی فرانکەکان بووە، وامان بەباش زانی کورتەیەک لە مێژووی فرانکەکان لە سەرەتاوە تا سەردەمی کلۆڤیس بخەینە بەرچاو، هەروەها بەهۆی ئەوەی زۆربەی جەنگەکانی کلۆڤیس لەناو گالدا بووە، لە تەوەری دووەمدا نەخشەی گالمان پێش دەستپێکی جەنگەکانی کۆلڤیس خستووەتە ڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا یەکەم جەنگی کلۆڤیس کە دژی پاشماوەی ڕۆمەکان بوو لە گال، باسکراوە، لە تەوەری چوارەمیشدا بە کورتی هەڵمەتی کلۆڤیس دژی سورینجییەکان خراوەتە بەر باس، هەروەها لە تەوەری پێنجەمدا سەختترین و خوێناوترین جەنگی کلۆڤیس، کە جەنگەکانی دژی ئەلەمانییەکان بوو،

باسکراوە، هەرچی تەوەری شەشەمە تایبەت کراوە بە باسی هەڵمەتەکانی کلۆڤیس دژی بریتۆنەکان، کە تێیدا کلۆڤیس شکستی هێنا و بەناچاریی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە تەک مۆرکردن، لە تەوەری حەوتەمیشدا باس لە بەشداریی کلۆڤیس لە جەنگی ناوخۆیی بورگەندی کە جەنگی نێوان دوو برا بوو لەسەر حکومڕانیی شانشینی بورگەندییەکان، خراوەتە بەر باس، لە تەوەری هەشتەم و پێش کۆتاییدا گرنگترین و سەرکەوتووترین جەنگی کلۆڤیس باسکراوە، کە جەنگەکانی دژ بە گۆتە ڕۆژئاواییەکان بوو، لە کۆتا تەوەریشدا شەڕ و هەڵمەتەکانی ساڵانی کۆتایی کلۆڤیس خراونەتەڕوو.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە لە هەڵە و کەموکورتی بەدەر نییە. هیوادارین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

## تەوەری یەکەم: کورتەیەك لە مێژووی فرانكەكان، لە سەرەتاوە تا سەردەمی كلۆڤیسی یەكەم

**فرانك،** ناوێکە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی سەربەخۆ، کە هەریەکەیان لەلایەن سەرۆکی خۆیانەوە فەرمانڕەوایی دەکران[١]. بە دەربڕینێکی تر، ناوی فرانکەکان کە بە مانای (ئازادەکان)، یان (بوێرەکان) دێت، بۆ کۆنفیدراسیۆنێکی هۆزە جێرمانییەکان بەکارهاتووە، کە لەنێوان ڕووباری ڕاین و وێزەر ژیاون[٢].

ئەم هۆزانە شانازییان بەوەوە دەکرد کە بە ئازاد ناسراون[٣]و بە شێوەیەکی گشتی لە سێ هۆزی سەرەکی پێکهاتبوون:

١. **سالییەکان**: واتە کەنار دەریاییەکان. ئەو ناوەش لەوەوە بەسەریاندا بڕا، چونکە لە کەنار دەریاکان نیشتەجێ بوون.

٢. **ڕیپوارییەکان**: واتە دەشتنشینەکان. ئەم ناوەش لەوەوە بەسەریاندا بڕا، چونک لە دەشتاییەکاندا نیشتەجێ ببوون.

٣. **شامات**: واتە چیانشینەکان. ئەم ناوەش لەوەوە بەسەریاندا بڕا، چونکە لەناو ناوچە شاخاوییەکاندا دەژیان[٤].

ناوی فرانکەکان بۆ یەکەمجار لە دیرۆکدا لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زاینیدا دەردەکەوێت، کاتێک بۆ یەکەمجار نووسیارانی ڕۆمانی لە ساڵی (٢٤١) ز-دا باسیان لەوە کردووە، ئاوریلیان، کە ئەوکاتە تریونی لیجۆنی (ئەفسەری لەشکر) بوو، دەستەیەکی فرانکەکانی لە خوارەوەی ڕاین شکست پێهێنا[٥].

جێی گوتنە کە فرانکە سالییەکان لە سەردەمی ئیمپراتۆر جولیانەوە وەک هاوپەیمانێکی ئیمپراتۆر لە دیوی چەپی ڕووبای ڕاینەوە نیشتەجێ بوون، بەبێ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو خزمانەیان بپچڕن، کە لە ئەوبەر ڕووباڕی ڕاینەوە نیشتەجێ ببوون[٦]. بەم جۆرە فرانکەکان لە زۆربەی کاتەکاندا وەک هاوپەیمانی دڵسۆزی ڕۆما و بەرگریکاری ئیمپراتۆرییەت لە دژی جێرمانییەکانی دیکە مامەڵەیان دەکرد، بۆ نموونە کاتێک سوڤی و واندالەکان دوای شکستی ستیلیچۆ (Stilicho) بەرانبەر ئەلاریکی یەکەم (Alaric I) هێرشیان کردە سەر گال، فرانکەکان لە بەرەی ڕۆمانی بوون و دژیان جەنگان[٧]، هەروەها زۆر

دڵسوزانە لە پاڵ ڕۆمەکان دژی گوتە ڕۆژئاواییەکان و هونەکانیش جەنگان[٨]. لەگەڵ ئەمانەشەدا بەردەوام بەرەو ڕووباری ئالسۆم جوڵان و وەکو جووتیار لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون و لەهەمان کاتیشدا مۆرکی جێرمانیبوونی خۆیان پاراست[٩].

یەکەم پاشای ناسراوی فرانکەکان کلۆدیۆ (Chlodio)یە، کە لە ساڵی (٤٣١)ز هێرشی کردە سەر شاری کۆڵن و لەلایەن هێزە ڕۆمییەکانەوە بە سەرۆکایەتیی ئایتیۆس (Flavius Aetius) شکستی هێنا. هەرچەندە کلۆدیۆ نەیتوانی دەست بەسەر کۆڵندا بگرێت، بەڵام سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی لای ڕۆژهەڵاتی گال تا ڕووباری سۆم لە ڕۆژئاوا و شاری تۆرنای )ئەمڕۆ شارێکە لە بەلجیکا( کردە پایتەختی خۆی، بۆیە دەتوانرێت بڵێین کلۆدیۆ یەکەم کەس بوو، کە بەردی بناغەی بۆ دەوڵەتی فرانکەکان دانا[١٠]. بەدوایدا کوڕەکەی میرۆڤیچ (Merovech) بە یارمەتی ڕۆمانییەکان لەژێر سەرکردایەتیی ئایتیۆس و لە شەڕی یەکلاییکەرەوە و بەناوبانگی شالۆن (Battle of Chẩlons)دا زۆر بە سەختی هونەکانیان شکاند[١١].

میرۆڤیچ لە ساڵی (٤٥٦)ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی چیلدێریک (Childeric) شوێنی گرتەوە، ئەو فەرمانڕەوایەکی چالاک بوو، پەیوەندیی گەلەکەی لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمدا پاراست و پشتگیری لە سوپای ڕۆمانی کرد و پێکەوە لەسەر ڕووباری لۆیر و هێرشی سەکسۆنەکانیان بەرپەرچ دایەوە، هەروەها یارمەتی ڕۆمەکانی دا لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی گۆتە ڕۆژئاواییەکان، چیلدێریک باکووری گالی لە هێرشی جێرمانییەکانی دی پاراست، بۆئەوەی فرانکەکانی تر دەستیان پێی بگات. لەم نێوەندەدا فرانکە ڕیپوارییەکان لە کۆڵن و ماینزەوە دەستیان کرد بە بڵاوبوونەوە بە هەردوو کەناری ڕووباری ڕایندا[١٢].

ساڵی (٤٨١)ز چیلدێریک کۆچی دوایی کرد و کوڕە گەورەکەی کلۆڤیس، کە هێشتا تەمەنی شانزە ساڵ نەبوو، لە شوێنی ئەو بوو بە سەرۆکی فرانکە سالییەکان[١٣].

## تەوەری دووەم: نەخشەی گال پێش جەنگەکانی کلۆڤیس یەکەم

چیلدێریک لە ساڵی (٤٨١)ز-دا کۆچی دوایی کرد و کوڕە گەورەکەی کلۆڤیس، کە هێشتا تەمەنی شانزە ساڵ نەبوو، شوێنی باوکی گرتەوە و بوو بە سەرۆکی فرانکە سالییەکان[١٤]. لەو کاتەدا گال بەسەر چەند هێزێکدا دابەش ببوو، کە ململانێی یەکتریان دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو گالدا.

فرانکەکان و ئەلەمانییەکان[١٥]. بەشی باکووری گالیان داگیر کردبوو، بەجۆرێک هۆزە فرانکییەکان لەنێوان چەندین شانشینی بچووکدا دابەش بوون، فرانکە سالییەکان لە بەشێکی باکووری گال کە دەکەوتە نێوان دەمی ڕووباری ڕاین و ڕووباری سۆم، نیشتەجێ ببوون[١٦] و فرانکە ڕیپوارییەکانیش بەدرێژایی ڕووباری ڕاین، لە ڕۆژهەڵاتی خاکەکانی کلۆڤیس دەژیان[١٧]. سەبارەت بە ئەلەمانییەکان، ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی گال، لە ئەلزاس و لۆرین نیشتەجێ بوون[١٨].

بەشی باشووری گالیش لەلایان گۆتە ڕۆژئاواییەکان و بورگەندییەکانەوە داگیرکرابوون[١٩]. بەجۆرێک گۆتە ڕۆژئاواییەکان شانشینی خۆیان لە زەوییەکانی نێوان پیرینیس و ڕووباری لۆیر دامەزراندبوو، هەرچی بورگەندییەکانە سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی شانشینییەک بۆ خۆیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گال لە دۆڵی ڕووباری ڕۆن و دۆڵی ڕووباری ساۆن[٢٠].

لە ڕۆژئاوای گالیش چەند داگیرگەیەکی سەکسۆنەکان بەدرێژایی کەناڵی ئینگلیزی دامەزرابوون، ئەمە و نیمچەدوورگەی ئارمۆریکا )بریتانی( ئۆتۆنۆمی بەدەستهێنابوو، کە لە سەدەی پێنجەمدا ناوچەیەکی سەربازی لە دژی چەتەی دەریایی جێرمانی بوو، کە بریتۆنەکانی دەرکراو لە بەریتانیا تێیدا نیشتەجێ ببوون[٢١].

لە کۆتاییدا ناوچەکانی نێوان ڕووبارەکانی لۆیر و سۆم لەلایەن ڕۆمانییەک بە ناوی سیاگریۆس (Syagrius) بەڕێوە دەبرا و هێشتا بەربەرەکان داگیریان نەکردبوو[٢٢].

# تەوەری سێیەم: جەنگی دژی پاشماوەی ڕۆمەکان

کاتێک کلۆڤیس بووە پاشا هێشتا هەرزەکار بوو، بەڵام وەک پیاوی پێگەیشتوو زیرەک و ئازا بوو، سەرچاوەی ئەم زیرەکی و ئازایەتییەشی باوکی بوو، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ ئەو شەڕانەی کە فرانکەکان لەگەڵ هۆزەکانی دراوسێدا هەیانبوو، کە دواجار لەم شەڕانەدا کلۆڤیس سوارەیەکی بوێر و لێهاتووی لێ دەرچوو، کە دەیتوانی بە ئاسانی ئەسپ ڕام بکات[٢٣].

سەرەڕای بەهێزیی کەسایەتیی کلۆڤیس، هەندێک دیرۆکنووس پێیان وایە یوریک (Euric)ی پاشای گۆتە ڕۆژئاواییەکان، کە پاشایەکی بەهێز بوو، ڕێگر بوو لەبەردەم کلۆڤیسدا تا فراوانخوازییەکانی دەست پێ بکات، بەڵام هەر زوو دوای مردنی یوریک سوپای کۆکردەوە و داوای هاوکاریی لە پاشاکانی دیکەی فرانکە سالییەکان کرد و لەگەڵ هەندێکیان چووە شەڕی سیاگریس[٢٤].

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کاتێک کلۆڤیس بوو بە پاشای فرانکەکان، ناوچەکانی نێوان ڕووبارەکانی لۆیر و سۆم هێشتا لەلایەن بەربەرەکانەوە داگیر نەکرابوو. ئەم ناوچانە لەلایەن ژەنەراڵێکی ڕۆمانییەوە بەڕێوەدەبرا، کە ناوی سیارگێس بوو و فەرماندەیی سوپایەکی گەورەی لە گالدا دەکرد، کە لە نزیک شاری سۆیسۆنس (ئێستا شارێکە لە باکووری فەڕەنسا)، سەربازگەی دانابوو. کلۆڤیس کە بڕیاری دابوو پاشماوەی ڕۆمەکان لەم دەڤەرە دەربکات. لە ساڵی (٤٨٦)ز سوپاکەی بەرەو سۆیسۆنس برد و کاتێک لە باژێڕەکە نزیک بووەوە، سیاگریۆسی بانگ کرد بۆئەوەی خۆی ڕادەست بکات. سیاگریۆس ڕەتیکردەوە و داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ فەرماندەی فرانکەکان کرد[٢٥]. کلۆڤیس ڕازی بوو کە چاوی پێی بکەوێت و ڕێککەوتن کە لە شوێنی کراوەی نێوان هەردوو سوپاکەدا چاویان بە یەک بکەوێت. کاتێک کلۆڤیس بە یاوەری هەندێک لە جەنگاوەرەکانی لەناو سوپاکەی خۆیدا هاتە دەرەوە، سیاگریوسیش هاتە پێشەوە، بەڵام لەو ساتەدا کە پاشای فرانکەکانی بینی، بە دەنگی بەرز پێکەنی و هاواری کرد: **«کوڕێک! کوڕێک هاتووە شەڕم لەگەڵ بکات! فرانکەکان لەگەڵ کوڕێکدا کە سەرکردایەتییان بکات، هاتوون شەڕ لەگەڵ ڕۆمەکان بکەن»**. کلۆڤیسیش کە بەم سووکایەتییە تووڕە ببوو، هاواری کرد: **«ئای، بەڵام کوڕەکە داگیرت دەکات»**. پاشان هەردوولا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد و ڕۆمەکان پێیان وابوو کە بە ئاسانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، بەڵام بە هەڵەدا چوون و فرانکەکان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا[٢٦]، بەڵام سیاگریۆس توانی هەڵبێت و پەنای بردە لای پاشای گۆتە ڕۆژئاواییەکان ئەلاریکی دووەم لە تۆلۆز، تا داڵدەی

بدات. کلۆڤیسیش نوێنەری خۆی نارد و داوای لە ئەلاریک کرد، کە سیاگریۆس ڕادەست بکات، ئەگینا هێرش دەکاتە سەری، ئەلاریکیش لە ترسی هێرشی فرانکەکان سیاگریۆسی ڕادەست کرد. کلۆڤیس سەرەتا سیاگرۆسی زیندانی کرد، تا ئەو کاتەی دەستی بەسەر هەموو موڵک و ماڵیدا گرت، پاشان بە نهێنی کوشتنی[٢٧].

بەم جۆرە دەستپێکی جەنگ و فراوانخوازییەکانی کلۆڤیس، داگیرکردنی دوا خاکی ڕۆمانی و سڕینەوەی دوا شوێنەواری دەسەڵاتی ڕۆمانی بوو، کە لە گالدا مابووەوە، کە ئەویش شانشینی سۆیسۆن (Kingdom of Soissons) بوو لە حەوزی سێن، ئەم بەشەی گال لەلایەن جێرمانییەکانەوە داگیر نەکرابوو و خەڵکەکەی شانازییان بە ڕۆمانیبوونی خۆیانەوە دەکرد و لەلایەن سیاگریۆسەوە بە شێوەیەکی هێندە سەربەخۆ بەڕێوەدەبرا، کە پێی دەگوترا پاشا[٢٨].

لە ڕاستیدا لە دوای سەرکەوتنی کلۆڤیس بەسەر سیگریۆس لە سۆیسۆنس، لە پاشایەکی خێڵەکی بچووکەوە گۆڕا بۆ پاشای دەوڵەتێکی فراوان[٢٩]، بە جۆرێک کە دوای داگیرکردنی شانشینی سۆیسۆن، کلۆڤیس سۆیسۆنی کردە پایتەخت و خۆی وەک (دەسەڵاتێکی گەورە) بینییەوە، بەجۆرێک قەبارەی شانشینەکەی سێ هێندە ببوو[٣٠].

ماوەتەوە بڵێین کە لەم شەڕەدا کلۆڤیس لەلایەن یەکێک لە پاشاکانی دیکەوە یارمەتی درابوو، کە خزمێکی بوو، بەڵام کلۆڤیس لەگەڵیدا شەڕی کرد و کوشتی، چونکە داوای بەشی خۆی کردبوو[٣١].

## تەوەری چوارەم: هەڵمەتی کلۆڤیس دژی سورینجییەکان

سورینجییەکان (Thuringians) دەوڵەتێکی بچووکیان لە کەناری چەپی ڕاین لە نزیک فرانکە سالییەکان دامەزراندبوو، کە لە دەوروبەری کۆڵن و تریڤێس نیشتەجێ بوون، بەڵام کلۆڤیس لەساڵی دەیەمی دەسەڵاتیدا، واتە ساڵی (٤٩١)ز، هێرشی کردە سەر سورینجییەکان و خستنییە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٣٢]. ئەوەی جێگای سەرنجە لە دەقەکانی بەردەستدا ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەم هەڵمەتە نەکراوە، بەڵکو ئەو دەقانە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کلۆڤیس سەرکەوتوو بووە لەوەی سورینجییەکان ملکەچ بکات و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە[٣٣]. بەو پێیەی لە سەرچاوە ڕەسەنەکادا ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەم هەڵمەتە نەکراوە، پێدەچێت ئەم هەڵمەتە وەک جەنگی ئەلەمانییەکان بۆ کلۆڤیس سەخت نەبووبێت و بە ئاسانی بەسەر سورینجییەکاندا سەرکەوتوو بووبێت، یاخود ڕەنگە لەم هەڵمەتەدا کلۆڤیس بەتەواوی سەرکەوتوو نەبووبێت، یان سەرکەوتنەکەی کەمبایەخ بووبێت، بۆیە لە کاتی خۆیدا وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و گرنگی پێ نەدراوە.

## تەوەری پێنجەم: جەنگەکانی دژی ئەلەمانییەکان

کلۆڤیس نزیکەی دە ساڵی ویست بۆئەوەی بە تەواوی دڵنیا ببێتەوە، کە فرانکەکان ئامادەن لەژێر سەرکردایەتیی ئەودا بەشداریی جەنگێکی دیکە بکەن، بەڵام دەبوو لەنێوان دوژمنەکانیدا کە گۆتە ڕۆئاواییەکان و بورگەندییەکان و ئەلەمانییەکان بوون، یەکێکیان هەڵبژێرێت تا دژیان بجەنگێت، ئەوە بوو لاوازترین دوژمنی هەڵبژارد، کە ئەلەمانییەکان بوون[٣٤]، بەڵام کلۆڤیس دەیزانی دەبێت پێش جەنگەکە دوژمنی دووەمی، کە بڕیارە لە ئاییندەدا دژی بجەنگێت، بێلایەن بکات، بۆ ئەو مەبەستە کلۆڤیس لە ساڵی (٤٩٣)ز لەگەڵ شازادەیەکی بورگەندی بە ناوی کلۆتیلدا (Clotilda)[٣٥] هاوسەرگیریی کرد[٣٦].

کلۆڤیس ئامادە بوو جەنگ لەگەڵ ئەلەمانییەکان بکات، بەڵام بیانوویەکی باشی نەبوو تا جەنگ هەڵبگیرسێنێت و چاوەڕێی کاتی گونجاوی دەکرد، بەڵام زۆر لە چاوەڕوانیدا نەمایەوە و لە ساڵی (٤٩٦)ز-دا ئەلەمانییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە لەلایەن شانشینی فراوانبووی گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە فشاریان خرایە سەر و بەناچاریی ڕوویان لە باکوور کرد و هێرشیان کردە سەر فرانکە ڕیپوارییەکان، ئەوانیش داوایان لە کلۆڤیس کرد بە هانایانەوە بچێت، کلۆڤیسیش دژی ئەلەمانییەکان چووە ناو جەنگەوە[٣٧].

جێی گوتنە جەنگەکەی کلۆڤیس دژی ئەلەمانییەکان سەخت بوو، چونکە ئەلەمانییەکان وەک فرانکەکان توندوتیژ بوون، تەنانەت دەوترێت کلۆڤیس لە گەرمەی شەڕێکی سەختدا دژی ئەلەمانییەکان و لەو کاتەی خەریک بوو فرانەکان تیادەچوون، بەڵێنی دا کە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، جگە لە خودای کلۆتیلدا، هیچ خوداوەندێکی دیکەناپەرستێت[٣٨]. دوای سەرکەوتن و گەڕانەوەی، بەڵێنەکەی جێبەجێ کرد و خۆی و سێ هەزار پیاوی، پێش کۆتاییهاتنی ساڵی (٤٩٦)ز لە ڕێوڕەسمێکی ئایینی سەرنجڕاکێشدا لە شاری ڕیمس، کە بیستوپێنج میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی سۆیسۆنسەوە دوورە، لەلایەن ساینت ڕێمی (Saint Remi)ی مەترانی شارەکەوە لە ئاو هەڵکێشرا[٣٩].

کاتێک مەترانەکە ئاوی پیرۆزی بەسەر سەریدا پرژاند، پێی گوت: **سەرت نەوی بکە، سیکامبەری سەربەرز (لەو کاتەدا هەندێک جار فرانەکان پێیان دەوترا سیکامبەری، کە هۆزێکی جێرمانین)، ئەوەی سووتاندووە بیپەرستە؛ ئەوەی پەرستووتە بیسووتێنە!** لەهەمان کاتدا خوشکێکی کلۆڤیسیش لە ئاو هەڵکێشرا و ئایینزاکەی خۆی لە ئاریسۆییەوە بۆ کاسۆلیکی گۆڕی[٤٠].

لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە پتر لە ئەفسانە دەچێت و لە پشت بە مەسیحیبوونی کلۆڤیسەوە چەندین هۆکار هەیە[٤١]. ئەمە و هەندێک نووسەر و مێژوونووسی وەک ئۆلیڤەر ج. تاچەر (oliver j. thatcher) و فێردیناند شوویڵ ferdinand schwill))، پێیان وایە مەسیحیبوونی کلۆڤیس ڕووکەش بووە و مەسیحییەت کاریگەریی کەمی لەسەر کەسێتی و ژیانی کلۆڤیس و فرانکەکان هەبووە[٤٢]. گەر مەسیحیبوونەکەی کلۆڤیسیش تەنیا بە ڕووکەش بووبێت، بەڵام نابێت گرنگی و کاریگەرییەکانی[٤٣] نادیدە بگرین، چونکە بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک لە جێرمانییەکان بوون بە مەسیحی کاسۆلیک، بەم کارەش کلۆڤیس هاوسۆزیی و پشتیوانی کاسۆلیکەکانی، نەک تەنها لە گال، بەڵکو لە سەرانسەری هەموو بەشەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەدەستهێنا، بۆ نموونە نامەیەکی ئاڤیتۆس ((Avitus، یان Alcimus Ecdicius) (قەشەی ڤیەن) ئێستا شارۆچکەیەکە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەڕەنسا، کە بۆ کلۆڤیسی نووسیوە، گرنگیی بێئەندازەی قەشە کاسۆلیکییەکان بۆ مەسیحیبوونی کلۆڤیس نیشان دەدات. لەو نامەیەدا ناوبراو بە درێژیی پیرۆزبایی سەرکەوتنی سەربازی و ئەو ڕاستییەی لێدەکات، کە چاوەکانی دڵی کراوەتەوە بۆ بینینی ڕووناکی ڕاستەقینە و پاشا دڵنیا دەکاتەوە کە کڵێسا گرنگی بە سەرکەوتنەکانی داهاتووی دەدات. بەم جۆرە لە هەر جەنگێکدا ڕوویبدایە لەنێوان فرانکەکان و هەر گەلێکی دیکەی جێرمانییەکان، کە هەموویان ئاریۆسی بوون، خەڵکی گال کە لەلایەن قەشەکانیانەوە سەرکردایەتی دەکران، هاوسۆز و پشتیوانی فرانکەکان دەبن، چونکە دانیشتووانی کاسۆلیکی ئەو ناوچانەی گال کە لەژێر دەسەڵاتی کلۆڤیسدا نەبوون، ئارەزووی ئەوەیان دەکرد بچنە ژێر دەسەڵاتی کلۆڤیسەوە، کە بە دڵنیاییەوە ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو، کە توانای فراوانخوازیی فرانکەکانی زۆرتر کرد[٤٤].

جێی گوتنە کە کلۆڤیس لە جەنگەکانی (یەکێکیان لە ساڵی ٤٩٦ز و ئەوی دیکەیان لە ساڵی ٥٠١ز) دژی ئەلەمانییەکان سەربەخۆیی ئەلەمانییەکانی لەناوبرد، ئەویش دوای ئەوەی ئەلەمانییەکان، دوای شکستەکانیان ناچار بوون بچنە ژێر پاراستنی پاشای گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە، بۆئەوەی خۆیان لە فرانکەکان بپارێزن[٤٥].

ماوەتەوە بڵێین، جەنگەکانی نێوان فرانکەکان و ئەلەمانییەکان لە مێژوودا بە گرنگ دادەنرێت، چونکە بووە هۆی فراوانبوونی فرانکەکان لە ئاراستەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات، هەروەها سەرکەوتنی فرانکەکان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەلەمانییەکاندا بووە هۆی پاراستنی پەیوەندیی فرانکەکان لەگەڵ زێدی ڕەسەنی خۆیان لە ئەڵمانیای کۆن، لەلایەکی دیکەوە بووە هۆی وەستاندنی ڕەوتی کۆچ و داگیرکاریی هۆزەکانی دیکە، کە تا ئەوکاتە لەناو ئەڵمانیادا مابوونەوە، وەک: باڤارییەکان، سورینجییەکان و سەکسۆنەکان[٤٦].

## تەوەری شەشەم: هەڵمەتەکانی دژی بریتۆنەکان

پێش ئەوەی باسی هەڵمەتەکانی کلۆڤیس دژی بریتۆنەکان بکەیت، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان فرانکەکان و بریتۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤١٠)ز، کە لەو ساڵەدا بۆسۆ کونسوڵی چارتەر سەرکردایەتیی سوپایەکی کرد، کە ژمارەیان هەزار جەنگاوەر بوو و شەڕێکی لەگەڵ فرانکەکاندا کرد و بەسەریاندا سەرکەوت و دەستی بەسەر شاری بلۆیسدا گرت و ڕێگر بوون لەوەی فرانکەکان دەست بەسەر شاری ڕیندا بگرن، لێ دواتر دوودڵ بوون لەوەی بەردەوام بن لە شەڕ دژی فرانکەکان، ئەوە بوو لە کۆتاییدا لەگەڵ سەرکردەکانی فرانکەکان ڕێککەوتن. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بریتۆنەکان بەڵێنیان دا دان بە سەروەریی فرانکەکاندا بنێن بەسەر زەوییەکانیاندا، بەڵام پابەند نابن بە پێدانی باج[٤٧].

جێی گوتنە کە بریتۆنەکان بەشێک بوون لە سوپای سیاگریوس، کە لە ساڵی (٤٨٦) ز کلۆڤیس بەسەریادا سەرکەوت و دواتر بە نهێنی کوشتی، دواتر ڕۆمانە دۆڕاوەکان و هاوپەیمانەکانیان لە بریتۆنەکان سەرکردەیەکی دیکەیان نەدۆزییەوە، کە لە خولی دووەمدا سەرکردایەتییان بکات، ئەمەو کەسێکیان نەدۆزییەوە کە مووچەکانیان بدات، بۆیە ناچار بوون بچنە ناو سوپای فرانکەکانەوە، بەم شێوەیە لە دوژمنەوە بوون بە هاوپەیمان[٤٨]. هەرچەندە گریگۆری لە تۆرسی دیرۆکنووس کەمتەرخەم بووە لە باسکردنی تێوەگلانی بریتۆنەکان لە سوپای سیاگریۆسدا، کە لە ساڵی (٤٨٦) ز ڕووبەڕووی فرانکەکان بووەتەوە، بەڵام مێژوونووس پرۆکۆپیوسی قەیسەری (Procopius of Caesarea) تۆماری کردووە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە، بەوەی کە بریتۆنەکان ملکەچی ڕۆمەکان بوون، هەروەها لە ژیاننامەی سانت ڕێمیدا باس لەوە کراوە، کە سەربازە ڕۆمانییەکان لە شەڕی سۆیسۆن لە ساڵی (٤٨٦)ز شکستیان هێنا و سەربازە بریتۆنییەکان دەستنیشانکراون بە بەرگریکردن و پاراستنی کەناراوەکانی ڕووباری لۆیر[٤٩].

سیاسەتی شا کلۆڤیسی یەکەم ئەوە بوو، کە نیمچەدوورگەی بریتانی، بە تەواوی ملکەچی فرانکەکان ببێت و بخرێتە سەر شانشینی فرانکەکان، هەر بۆیە دوای ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز کرد، هێرشی زۆری کردە سەر نیمچەدوورگەی بریتانی، بۆئەوەی شانشینی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا فراوانتر بکات، سەرەتا ڕووبەڕووی بەرخۆدانی توندی بریتۆنەکان بووەوە و توانییان داگیرکەرانی فرانکەکان بەرپەرچ بدەنەوە،

بەڵام پاشای فرانکەکان دەستبەرداری هەوڵەکانی داگیرکردنی ئەو وڵاتە نەبوو و بۆ گەیشتن بەمەش، سوپایەکی پڕچەک کرد و پێداویستییەکی زۆری بۆ دابین کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەست بەسەر شارەکانی ڕێنس و ڤانێسدا بگرێت، بەڵام ئەم دەستبەسەرداگرتنە تەنیا بە ناو بوو[٥٠].

کلۆڤیس سەرکەوتوو نەبوو لە شکاندنی دەسەڵاتی بریتۆنەکان، بەو پێیەی شەڕەکانی لەگەڵیان سەرکەوتوو نەبوون و بێهیوا بوو لە ملکەچکردنی ئەوان، بۆیە دواجار ناچار بوو داوای ڕێککەوتنامەی ئاشتی لە بریتۆنەکان بکات، ئەوانیش ڕازی بوون بەو پێشنیارە ئاشتییەی کە پێشکەشیان کرابوون، ئەوە بوو ڕێککەوتنێکی ئاشتی لە ساڵی (٥٠٠)ز مۆرکرا. لەم ڕێککەوتنەکەدا مەرجی ئەوە بوو، کە فەرمانڕەواکانی بریتۆنەکان لەمەودوا تەنیا مافی هەڵگرتنی نازناوی دوکیان دەبێت[٥١].

لە ڕاستیدا دوو هۆکاری سەرەکی هەن کە بوونە هۆی ئەوەی کلۆڤیس ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ بریتۆنەکان مۆر بکات، یەکەم سەپاندنی باجێکە کە بریتۆنەکان دەبوو بیدەن، کە ئەم باجە وەک نیشانەی ملکەچبوون بۆ فرانکەکان، دووەمیان لە ڕێککەوتننامەکەدا ئاماژە بەوە نەکراوە، کە بریتانی وڵاتێکی تەواو سەربەخۆیە[٥٢].

## تەوەری حەوتەم: بەشداریی کلۆڤیس لە جەنگی ناوخۆیی بورگەندی

جەنگی ناوخۆیی بورگەندی کە ململانێی نێوان گوندوباد (Gundobad)و گۆدێگیسێل (Godsegisel)ی برای بوو لەسەر حوکمڕانی شانشینی بورگەندی لە ساڵی (٥٠٠)ز، هەڵگیرسا و هەڕەشەیەکی ترسناکی لەسەر شانشینەکە دروستکرد[٥٣].

بەشداریی کلۆڤیس لە جەنگی ناوخۆیی بورگەندی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە گۆدێگیسێل سەرکەوتنەکانی کلۆڤیسی بینی، بە نهێنی نێردراوەکانی بۆ لای کلۆڤیس نارد و داوای یارمەتی لێکرد، بۆئەوەی براکەی لەناوببات و لە بەرانبەردا باجێکی ساڵانەی پێی دەدات، کلۆڤیس ڕازی بوو و بەڵێنی دا یارمەتی گۆدێگیسێل بدات دژی براکەی، ئەوەبوو کلۆڤیس سوپاکەی نارد بۆ شەڕکردن لەگەڵ گوندوباد. پاشا گوندوبادیش ئاگاداری ئەو ڕێککەوتنە نەبوو کە لەنێوان براکەی و کلۆڤیسدا کرابوو، پەیامێکی بۆ براکەی نارد و داوای هاوکاریی لێکرد دژی لەشکرکێشی کلۆڤیس و داوای کرد، کە بەیەکەوە بەرەیەک لە دژی لەشکرکێشی بیانی پێکبهێنن. گۆدێگیسێلی براشی ئاگاداری کردەوە، کە لەگەڵ سوپاکەی دێت بۆ یارمەتیدانی. دواجار هەموویان لە شاری دیجۆن یەکتریان بینی[٥٤].

هەر کە شەڕەکە دەستی پێکرد، گۆدێگیسێل پەیوەندی بە کلۆڤیسەوە کرد و هێزەکانیان بەسەر سوپای گوندوباد سەرکەوتن. گوندوبادیش دوای ئەوەی ناپاکیی براکەی بینی هەڵات و پەنای بۆ شاری ئەڤینۆن برد[٥٥].

سەبارەت بە گۆدێگیسێل، هەندێک لە زەوییەکانی خۆی ڕادەستی کلۆڤیس کرد، بەپێی ئەوەی بەڵێنی پێدابوو دواتر چووە ناو ڤیەن، کە پایتەختی بورگەندییەکان بوو لەو کاتەدا، بۆئەوەی ئاهەنگ بگێڕێت وەک ئەوەی فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی هەموو شانشینییەکە بێت، لەکاتێکدا کلۆڤیس هێزی زۆرتری کۆکردەوە و بەدوای گوندوباد ڕۆیشت و لە شاری ئەڤینۆن گەمارۆی دا[٥٦]، بەڵام گوندوباد پیاوێکی زیرەک بوو، توانی کلۆڤیس ڕازی بکات کە باجی بداتێ، بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی (٥٠٠)ز باجی پێدا و بەڵێنی دا کە لە ساڵانی دواتردا باج بدات، بەڵام دواتر ڕەتیکردەوە باج بدات، پاش ئەوەی براکەی کوشت و بووە پاشای هەموو بورگەندی[٥٧].

## تەوەری هەشتەم: جەنگەکانی کلۆڤیس دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، فرانکەکان بەدڵسۆزییەوە لەگەڵ ڕۆمەکان دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان و جێرمانییەکانی دیکە لەناو گال جەنگاون، بۆیە دەتوانین بڵێین ململانێی نێوان فرانکەکان و گۆتە ڕۆژئاواییەکان بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە و پێشینەی مێژوویی جەنگاکانی کلۆڤیسە دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان.

جێی گوتنە یەکەم جەنگی کلۆڤیس دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی ناوخۆیی بورگەندی، بە دیاریکراویی دوای ئەوەی کۆتا خاکی ڕۆمانی لە گال لەلایەن کلۆڤیسەوە داگیرکرا و بەربەستی نێوان فرانکەکان و گۆتە ڕۆژئاواییەکان لەناوچوو و بوونە دراوسێی هەڤدوو.لە ساڵانی (٤٩٠)ز-دا زنجیرەیەک هێرشی فرانکەکان بۆ سەر ئاکویتێن (Aquitaine) پشتڕاستکراونەتەوە، ڕەنگە فرانکەکان سەرقاڵیی گۆتە ڕۆژئاواییەکانیان بۆ کۆچکردنی زۆرتر بۆ ئیسپانیا قۆستبێتەوە و هێرشیان کردبێت، ئەمەو گۆتە ڕۆژئاواییەکان سەرقاڵیی کلۆڤیسیان بە جەنگ دژی ئەلەمانییەکان قۆستەوە و دژە هێرشیان دەستپێکرد و لە ساڵی (٤٩٦)ز-دا شاری سانێتسیان گرت، بەڵام لە ساڵی (٤٩٨)ز-دا، فرانکەکان بۆردۆیان گرت، دوای ئەوەی فەرمانڕەوای شارەکەیان بە دیل گرت[٥٨].

دەتوانین بڵێین کلۆڤیس لە یەکەم جەنگی دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە گۆتە ڕۆژئاواییەکان هێرشەکانی فرانکەکانیان بەرپەرچ دایەوە، ئەمەو پێدەچێت هەوڵەکانی کلۆڤیس لە هەڵکوتانە سەر چەند شارێک زۆرتر نەبووبێت، چونکە فرانکەکان نەیاندەتوانی بچنە ناو قوڵایی خاکی گۆتە ڕۆژئاواییەکانەوە[٥٩].

دوای جەنگی ناوخۆیی بورگەندی، ئەلاریکی دووەمی پاشای گۆتە ڕۆژئاواییەکان کاتێک بینی کلۆڤیس بەسەر گەلە جیاوازەکاندا سەردەکەوێت، نوێنەری بۆ نارد و پێی ڕاگەیاند: «**ئەگەر براکەم بییەوێت، لەوانەیە بڕیار بدات کە بە نیعمەتی خودا کۆببینەوە**». کلۆڤیس ئەم پێشنیارەی ڕەت نەکردەوە و لە ساڵی (٥٠٦) ز هەردوو پاشاکە لە دوورگەیەکدا کۆبوونەوە، کە دەکەوێتە ناو ڕووباری لۆیر، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لۆیر سنووری نێوان ئەو دوو شانشینییە بووە. لەم کۆبوونەوەیەدا هەردوو پاشاکە بەڵێنی هاوڕێیەتییان بە هەڤدوو دا[٦٠].

ڕەنگە ئەلاریک زانیبێتی ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەناستاسیۆسی یەکەم (Anastasius I Dicorus) خەریکە پشتیوانی دیپلۆماسی و دارایی ئۆپەراسیۆنە

سەربازییەکانی فرانکەکان دەکات، بۆئەوەی پێگەی فرانکەکان لە دژی گۆتە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییە ئاریسۆییەکان بەهێز ببێت و گفتی داوە بە کۆلڤیس ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە شکستپێهێنانی گۆتە ڕۆژئاواییەکان لە قوستەنتینییە، وەک حاکمێکی ئیمپراتۆری پلەبەرز بناسرێت، یاخود پێدەچێت هاوپەیمان و خەزووری ئالاریک، تیۆدۆریکی گەورە (Theodoricthe Great)ی پاشای گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکان، پێی وابووبێت، کە ئامانجەکانی جەنگی کلۆڤیس خەریکە سەرنجیان لەسەر شانشینی گۆتە ڕۆژئاواییەکان دەبێت. بەم شێوەیە تیۆدۆریک لە ڕێگەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانەوە هەوڵی دا فەرمانڕەوای فرانکەکان لە هێرشکردنە سەر گۆتە ڕۆژئاواییەکان بێهیوا بکات[٦١]، بۆیە پێدەچێت ئەم کۆبوونەوەیە بە نێوەندگیریی تیۆدۆریک بووبێت، چونکە سیاسەتی دەرەکی تیۆدۆریک ئەوە بوو، کە لە ڕێگەی زنجیرەیەک هاوسەرگیریی ڕامیارییەوە[٦٢]، هاوپەیمانێتییەک لەنێوان پاشا جێرمانییەکان پێک بهێنێت، کە لەم هاوپەیمانێتییەوە شکست بە هەوڵەکانی ئیمپراتۆری بێزەنتی ئەناستاسیۆس بهێنێت، کە دەیویست پاشا جێرمانییەکان بەگژ یەکدا بدات و دواتر خاکەکانیان لێ وەربگرێتەوە[٦٣].

بەم پێیە تیۆدۆریک هەوڵی دا لە ڕێگای دیبلۆماسییەوە ڕێگریی لە جەنگێکی خوێناویی نێوان پاشاکانی جێرمانی بکات، بۆیە نامەی بۆ کلۆڤیس و ئەلاریک نارد و لە پێویستی و گرنگیی ئاشتی و خراپیی جەنگ ئاگاداری کردنەوە، هەروەها نامەی بۆ گوندوبادی پاشای بورگەندیش نارد و داوای لێکرد هاوکاری بێت، هەرچەندە تیۆدۆریک ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کرد، کە لەو سەردەمەدا باوبوو، بەڵام بەهۆی پێداگریی سەرسەختی کلۆڤیس بۆ جەنگ، شکستی هێنا، ئەمەش وایکرد تیۆدۆریک پشتگیریی خۆی بۆ ئەلاریک ڕابگەیەنێت[٦٤].

لەلایکی دیکەوە ڕوون نییە کە ئایا کلۆڤیس بە نییەتێکی باشەوە لەگەڵ ئەلاریک دانووستانی کردووە، یان نا، ڕەنگە پاشای فرانکەکان پێشتر لەگەڵ بێزەنتییە ڕێککەوتبێت و کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئەلاریک و پەیماننامەکەی نێوان هەردوو پاشاکە وەک فێڵێک سەیر بکرێت، کە کلۆڤیس کردوویەتی بۆ چەواشەکردنی ئەلاریک و تیۆدۆریک، چونکە ئەگەر کلۆڤیس ڕەتی بکردایەتەوە لەگەڵ ئەلاریک کۆببێتەوە، هەردوو پاشای گۆتیک گومانەکانیان سەبارەت بە نیازی شەڕانگێزیی فرانکییەکان لە باشووری لۆیر پشتڕاست دەکردەوە، بەڵام ئەگەر کلۆڤیس هێشتا ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ ئەناستاتیۆس نەکردبا، ڕەنگە پەیماننامەکە لەگەڵ

ئەلاریک بە نییەتێکی باشەوە دانوستانیان لەسەر بکرایە، بەو پێیەی پاشای گۆتە ڕۆژئاواییەکان ئەوەندە ئیمتیازاتی گرنگی داوە، بەڵام دواتر هەر ئیمتیازێک کە ئەلاریک دابێتی، دیارە کە بیزەنتینییەکان لە گۆتە ڕۆژئاواییەکان پتریان پێشنیار کردووە و هاوپەیمانێتیی فرانکەکانیان بۆ خۆیان کڕیوە[٦٥].

لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامەیە زۆر درێژەی نەکێشا و لە ساڵی (٥٠٧)ز کلۆڤیس بڕیاری دا گۆتە ڕۆژئاواییەکان لە گال دەربکات و دەست بەسەر خاکەکەیاندا بگرێت[٦٦]، بۆ ئەو مەبەستە کلۆڤیس دەستی دۆستایەتی بۆ بورگەندییەکان درێژ کرد، بۆئەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە لەنێوان گوندوباد و ئەلاریکی دووەمدا لە کۆتایی جەنگی ناوخۆیی بورگەندیدا[٦٧] هەبوو و بەرەیەکی بەهێز بوو لە دژی کلۆڤیس، تێکبدات و بورگەندییەکان لە جەنگی داهاتووی فرانکەکان لە دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان هاوپەیمانی فرانکەکان بن. ئەوە بوو هەردوو پاشاکە سنووری نێوان هەردوو شانشینی یەکتریان بینی بەپێی دابونەریتی جێرمانی سوێندی هاوڕێیەتی هەمیشەییان خوارد. پێدەچێت گوندوباد دەرفەتێکی گونجاوی بینیبێت بۆ فراوانکردن، یان لانیکەم جارێکی دیکە ئەڤینۆن بەدەست بهێنێتەوە، بۆیە هاوپەیمانێتیی لەگەڵ کلۆڤیس کردووە[٦٨]. شایەنی باسە بەپێی ئەم هاوپەیمانێتییە ئەرکی هێزەکانی بورگەندی ئەوەیە، کە ڕێگای هێزەکانی پشتیوانی تیۆدۆریکی گەورە بۆ گۆتە ڕۆژئاواییەکان ببڕن، هەروەها ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەنجام بدەن دژی شار و قەڵای گۆتە ڕوژئاواییەکان لە باشوور، ئەمەو بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی کلۆڤیس لە گەمارۆدانی شارە قەڵادارەکانی ئارلێس و کارکاسۆن[٦٩].

کلۆڤیس دوای ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ بورگەندییەکان یەکلایی کردەوە، سوپایەکی ئامادە کرد تا دژی گوتە ڕۆژئاواییەکان بجەنگێت. بۆ ئەم مەبەستە فرانکە ڕیپوارییەکان پشتگیری و هاوکارییان کرد، مێژوونووسێکی بێزەنتیش باسی بەشداریی جەنگڤانانی نیمچەدوورگەی بریتانی کردووە[٧٠].

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، کلۆڤیس هەستی بەوە کردووە کە سوپاکەی تووشی شکست دەبێت بەهۆی کەمیی ژمارەی شەڕکەرەکانی، تێگەیشتبوو کە شوێنکەوتووانی زۆر پێویستیان بە بەرزکردنەوەی ورەیان هەیە، بۆیە ئاماژەی بەوە دا، کە ئامانجی ئەم جەنگە پاراستنی کاسۆلیکییەکانە لە ئاریۆسییە کافرەکان، بۆ نموونە جارێک وتبووی: «**بوونی هەر پاشماوەیەکی ئاریۆسییەکان لە وڵاتی گالدا، زۆر ئازارم دەدا، وەرن با پێکەوە بە پشتیوانی خودا لەناویان**

**ببەین»**. ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی کە کلۆڤیس خۆی بە پارێزەر و پاڵەوانی ئاینی کاسۆلیکی دەزانی و لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکییەوە ئەرکی بەرگریکردن لێی و شەڕکردن لەگەڵ ئەم کافرانەی پێ سپێردرابوو[٧١]. ئەمەش بەو مانایە بوو، سوپای فرانکەکان کە دەچوونە ناو خاکی گۆتە ڕۆژئاواییەکانەوە، دەتوانن حیساب بۆ یارمەتیدانی دانیشتووانی ئەو خاکە بکەن، گرنگی ئەمە کاتێک لەبەرچاو دەگیرێت، کە هەرچەندە ئاریسۆییەکان دەسەڵاتداری ئەو ناوچانە بوون، بەڵام کاسۆلیکییەکان سێ لەسەر چواری دانیشتووانی ئەو ناوچانەیان پێکدەهێنا[٧٢].

هەرچی ئەلاریکە نەیتوانی سوپایەکی گەورە کۆبکاتەوە، چونکە پارەی پێویستی نەبوو، بەڵام هەوڵی دا ڕەفتارە توندەکانی بەرانبەر کاسۆلیکەکان ڕاست بکاتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ قەشەکان، بۆیە هەندێک قەشەی لە تاراوگە گەڕاندەوە و فەرمانێکی دەرکرد، کە تێیدا هاتبوو ئازادیی پەرستن بۆ ڕەعییەتەکانی کاسۆلیکی لە گال گەرەنتی کراوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوون، چونکە ناچاربوو بچێتە جەنگەوە دژی کلۆڤیس، چونکە بۆی دەرکەوت کە دوورکەوتنەوە لەم جەنگە مومکین نییە[٧٣]، لەلایەکی دیکەوە ئەلاریکی دووەم داوای پشتیوانی سەربازیی لە تیۆدۆریکی گەورەی پاشای گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکان کرد و ئەویش فەرمانی کۆکردنەوەی سوپای گۆتیکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی کلۆڤیس دەرکرد[٧٤]، بەڵام هێزەکانی لە کاتی خۆیدا نەگەیشتن، چونکە سەرقاڵی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵمەتی دەریایی بیزەنتین بوون لە کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیتاڵیا، کە ئەم هەڵمەتە دەرياييە بە مەبەست لەلایەن ئیمپراتۆری بیزەنتینەوە بووە و دەوترێت کە لەلایەن کلۆڤیسەوە هاندرابوو، بۆئەوەی سەرنجی لە یارمەتیدانی زاواکەی لاببات[٧٥].

هەردوولا پێشڕەوییان کرد و لە بەهاری ساڵی (٥٠٧)ز، لە ڤۆیلێ (Vouillé) لە باکووری شاری پۆیتییێرس (Poitiers) یەکتریان بینی[٧٦] و لە شەڕێکدا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، کە لە دیرۆکدا بە شەڕی ڤۆیلێ (battle of vouillé) ناسراوە و فرانکەکان سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوەیان بەسەر گۆتە ڕۆژئاواییەکاندا بەدەستهێنا و ئەلاریکی دووەم لەلایەن خودی کلۆڤیسەوە لە بەرەکانی شەڕدا کوژرا، بەڵام دوو کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشت، یەکەمیان ئامالاریک (Amalaric)ی نەوەی تیۆدۆریکی گەورە بوو، کە لەو کاتەدا تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو و کۆمەڵێک گۆت توانییان بیپارێزن و لەگەڵیاندا هەڵات

بۆ ئیسپانیا و لەوێ کردیان بە پاشا، دووەمیشیان ناوی گێسالیک (Gesalec) بوو، کە کوڕی ناشەرعیی ئەلاریکی دووەم بوو لە ناربۆن (ئەمڕۆ شارێکە لە باشووری فەڕەنسا)، خۆی بە پاشا ڕاگەیاند و کۆمەڵێک گۆت لایەنگری بوون، بەڵام نەیتوانی هێرشەکان بەرپەرچ بداتەوە، دوای ئەوەی تووشی شکستێکی ترسناک بوو لەسەر دەستی بورگەندییەکان و ناچار بوو بەرەو بەرشەلۆنە هەڵبێت[٧٧].

دوای شەڕەکە، هاوپەیمانان بەرەو تولوزی پایتەختی گۆتە ڕۆژئاواییەکان پێشڕەوییان کرد و شارەکەیان گرت و دەستیان بەسەر زۆرێک لە گەنجینەکانی گۆتەکاندا گرت، کە نزیکەی سەد ساڵ پێشتر ئەلاریکی یەکەم لە ئیتاڵیا تاڵانی کردبوو، دواتریش شارەکەیان وێران کرد[٧٨].

سەرکەوتووەکان هێزەکانی خۆیان دابەش کرد بۆ سێ بەش، یەکەمیان بە سەرۆکایەتیی کلۆڤیس، کە شوێنی مەبەستی ناوچەی ڕۆژئاوای شانشینی گۆتە ڕۆژئاواییەکان بوو، توانی دەست بەسەر شارەکانی فاوز، پازا، بۆردۆ و ئەنگۆلیمدا بگرێت، دووەمیان سەرۆکایەتیی تیۆدۆریکی کوڕی کلۆڤیس بوو، شوێنی مەبەستی ناوچەی ناوەڕاست بوو و دەستی بەسەر شارەکانی ئەلبی و ڕۆدێز و ئۆڤێرگن گرت، سێیەمیش کە گوندوباد سەرۆکایەتیی دەکرد و ئامانجی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بوو، ئەوە بوو هێرشی کردە سەر پارێزگای پرۆڤانس و هەموو شارەکانی بە ناربۆنیشەوە گرت، جگە لە شاری ئارلێس، کە گۆتە ڕۆژئاواییەکان بەرگرییان لێکرد[٧٩].

بۆئەوەی ئەو موڵک و ماڵەی نەوەکەی کە مابووەوە، بپارێزێت، تیۆدۆریک جەنگی دژی فرانک و بورگەندییەکان ڕاگەیاند[٨٠] و سوپایەکی بە سەرۆکایەتیی ئیپا (Eppa) نارد، کە شکستێکی قورسیان بەسەر فرانکەکان و بورگەندییەکان هێنا، کە شاری ئارلێسیان گەمارۆ دابوو. دواتر شارەکانی پارێزگای سێپتیمانیا (Septimania)یان بەدەستهێنایەوە. بەم شێوەیە ڕێگاکە کراوەیە بۆ تیۆدۆریک، بۆئەوەی بچێتە ناو ئیسپانیاوە و یارمەتی نەوەکەی بدات، سەرەڕای ئەمەش ئەو دەستکەوتانەی کە تیۆدۆریک بەدەستی هێنا، نەیتوانی هەموو موڵک و ماڵی نەوەکەی لە گال وەربگرێتەوە و شانشینی گۆتە ڕۆژئاواییەکان زۆربەی زەوییەکانی لە گال لەدەست دا، چونکە کلۆڤیس ناوچەی ئاکویتێنی پاراست، وەلێ هەوڵی کلۆڤیس بۆ دەستبەسەرداگرتنی پارێزگای سێپتیمانیا شکستی هێنا[٨١].

بەم جۆرە کلۆڤیس توانی لە شەڕی فۆبی لە ساڵی (٥٠٧)ز گۆتە ڕۆژئاواییەکان بشکێنێت و زۆرترین ناوچەی گال بخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە، بەڵام شکستی هێنا، کە سێپتیمانیا بپارێزێت، ئەمەش بەهۆی دەستێوەردانی تیۆدۆریکی گەورەی پاشای گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە بوو[٨٢].

هەرچی بورگەندییەکانە، باجی ڕکابەریان لەگەڵ تیۆدۆریکی گەورە دا و نەیانتوانی بەرەنگاریی سوپا بەهێزەکەی ببنەوە و لە ئەنجامدا گوندوباد ناچار بوو زەوییەکان بداتە بە دەست تیۆدۆریکەوە، کە پێشتر لە ساڵی (٥٠٠)ز دەستی بەسەردا گرتبوو[٨٣]. بەم جۆرە گوندوباد، پاشای بورگەندییەکان، دەستبەتاڵ دەرچوو و ئەم جەنگە بە سەرەتای ڕووخانی ڕاستەقینەی شانشینی بورگەندییەکان دادەنرێت، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە لەو کاتەوە بورگەندییەکان زەوی نوێیان داگیر نەکردووە و سەرەتای لەدەستدانی زۆرێک لە شار و زەوییەکانی باشوور بوو بۆ گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەروەها گۆتە ڕۆژهەڵاتییەکان توانییان لە باشوور نیشتەجێ بن و هاوپەیمانی فرانکەکان بن لە باکوور، کە لەو کاتەوە کاریان دەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە بوونی بورگەندییەکان لە گال، کە دوای نزیکەی بیست ساڵ ئامانجەکەیان بەدیهێنا[٨٤].

دوای ئەم سەرکەوتنانە کلۆڤیس گەڕایەوە بۆ تۆرس و چەندین دیاری پێشکەش بە کڵێسای سەینت مارتن کرد[٨٥]. هەر لەوێ ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا و وەک بەڵێنی پێدرابوو، ئیمپراتۆر ئەناستاسیۆس نازناوی نیشانەی پاتریشیان (patrician) بە کلۆڤیس بەخشی و کردی بە کونسوڵ (consul)[٨٦].

کلۆڤیس هەر زوو دوای بەدەستهێنانی پلەی کونسوڵ لە ساڵی (٥٠٨)ز هاتە ناو پاریس و کردی بە پایتەختی خۆی، ئەمەش هەڵبژاردەیەکی نایاب بوو، چونکە بەرگریکردن لە دوورگەیەک لە ڕووباری سێن، ئاسان بوو، هەروەها دەکەوتە سەر ڕێگا بازرگانییەکان، ئەمەش زیرەکیی کلۆڤیس لە هەڵبژاردنی پاریس وەک پایتەخت نیشان دەدات[٨٧].

# تەوەری نۆیەم: ساڵانی کۆتایی کلۆڤیس و مردنی

کلۆڤیس دوای سەرکەوتنی بەسەر بورگەندی و گۆتە ڕۆژئاواییەکاندا، بەشی زۆری گالی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام هێشتا کلۆڤیس پاشای هەموو فرانکەکان نەبوو، بەڵکو تەنیا پاشای گەورەترین لقی فرانکە سالییەکان بوو، بۆئەوەی ببێتە پاشای هەموو فرانکەکان، پەنای بردە بەر کوشتنی خزمەکانی، گریگۆری لە تۆرس وردەکارییەکانی ئەو شێوازانەی خستەڕوو، کە کلۆڤیس پەنای بۆ بردووە[٨٨]، تەنانەت زۆر ڕوودارانە نووسیویەتی: «**بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێک خودا دوژمنەکانی کلۆدویگ (مەبەستی کلۆڤیسە)ی کپ دەکرد و شانشینییەکەی زیاد دەکرد، چونکە بە دڵێکەوە دەڕۆیشت، کە ڕاست لەبەردەم خودادا بوو و ئەوەی لە چاوی ئەودا دڵخۆشکەر بوو، دەیکرد**»[٨٩].

یەکێک لەو پاشایانەی کە کلۆڤیس بە فێڵ و تەڵەکە لەناوی برد سیگیبێرت (Sigobert the Lame) بوو، ئەویش دوای ئەوەی هانی کلۆدۆریکی (Chlodoric the Parricide) کوڕی دا باوکی بکوژێت، ئەویش بە پێشنیارەکە ڕازیبوو و باوکی خۆی کوشت، بەڵام زۆری نەبرد خۆشی لەلایەن کلۆڤیسەوە کوژرا، دواتر کلۆڤیس خۆی بە ڕزگارکەر ناساند و خەڵکەکەش کردیانە فەرمانڕەوای خۆیان[٩٠].

پاشان کلۆڤیس هێزەکانی ئاراستەی چارارایک (Chararic)، پاشایەکی فرانکە سالییەکان کرد، کە لە کاتی شەڕی لەگەڵ سیاگریۆسدا داوای یارمەتی لێکردبوو، بەڵام بێلایەن بوو، کلۆڤیس لەو کاتەدا تووڕەیی خۆی خواردبووەوە و چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوی بوو، بۆئەوەی لەناوی ببات، ئەو دەرفەتەش بەدەست هات، کاتێک کلۆڤیس بە فێڵ هێرشی کردە سەری و خۆی و کوڕەکەی کوشت و ماڵ و سامانەکەی ئەوانی برد و خەڵکەکەشی ملکەچ کرد[٩١].

یەکێکی دیکە لە قوربانییەکانی کلۆڤیس پاشایەک بوو بە ناوی ڕاگناچار (Ragnachar)، کە ئەم پاشایە پێشتر لەگەڵ کلۆڤیش چووبووە شەڕی سیاگریس. وەک ئەوەی گریگۆری لە تۆرس بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەم پاشایە لە کامبرای ژیاوە و خەریکی ڕابواردن بووە، لەم کاتەدا کلۆڤیس هەندێک دیاریی زێڕی پێشکەش بە هەندێک لە پاسەوانی پاشا کرد، بۆئەوەی ناپاکیی لە پاشاکەیان

بکەن. لە ڕاستیدا ئەم دیارییانە برۆنز بوون و بە زێڕ ڕووپۆش کرابوون. پاشان سوپاکەی کلۆڤیس لە شەڕێکدا بەسەر سوپاکەی ڕاگناچاردا سەرکەوت و ڕاگناچاریش کاتێک شکستی سوپاکەی بینی، ویستی هەڵبێت، بەڵام هەندێک لە پیاوەکانی دەستگیریان کرد و بردیانە بەردەم کلۆڤیس و کلۆڤیسیش بێ دوودڵی کوشتی، دواتر بە ڕیچاردی برای ڕاگناچاری گوت: **ئەگەر تۆ لە تەنیشت براکەت بوەستیتایە، بەم شێوەیە نەدەبەسترایەوە**، پاشان ئەویشی کوشت. دوای مردنی شا ڕاگناچار و ڕیچاردی برای، ئەوانەی ناپاکییان لێکردبوون، بۆیان دەرکەوت کە ئەو دیارییە زێڕینانەی لە کلۆڤیسیان وەرگرتووە، ساختەن و گلەییان لە کلۆڤیس کرد، ئەویش بەرسڤی دانەوە، کە زێڕ بۆ پیاوێک گونجاوە، ناپاکیی لە گەورەکەی نەکات، پاشان پێی ڕاگەیاندن کە باشترە بۆ ئەوان ئەو جۆرە دیارییانە پەسەند بکەن و ژیانیان ڕزگار بکەن، ئەوانیش کاتێک ئەمەیان بیست، داوای لێبووردنیان لە کلۆڤیس کرد و پێیان گوت کە دیارییەکان گونجاون، لەکاتێکدا ژیانمان ڕزگار دەکەن. بەم جۆرە دوای کوشتنی ڕاگناچار و براکەی، کلۆڤیس دەستی بەسەر زەوی و سامانەکانیاندا گرت[٩٢].

کلۆڤیس ژمارەیەک پاشای دیکەی کوشت، کە بە خوێن پەیوەست بوون بەوەوە، تەنانەت ڕۆژێک کە لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا لەگەڵ شوێنکەوتووانی گوتبووی: **«هیچ خزمێکم نەماوە بۆئەوەی یارمەتیم بدات، ئەگەر بەدبەختییەک بەسەرمدا هات!»** وەک گریگۆری لە تۆرس ئاماژەدەی پێدەکات، کلۆڤیس دڵتەنگ نەبووە بە مردنی ئەوان، بەڵکو ئەمە فێڵێکی کلۆڤیس بووە تا ئەگەر خزمێکی شاراوەی مابێت، بیدۆزێتەوە و بیکوژێت[٩٣].

بەم جۆرە کلۆڤیس پێش مردنی لەساڵی (٥١١)ز و دوای ئەوەی زۆرێک لە پاشا و خزمەکانی کوشت، کە لێیان دەترسا، یان ترسی ئەوەی هەبوو پیلانگێڕیی لە دژی تەختەکەی بگێڕن، شانشینییەکەی فراوانتر کرد و هەردوو فرانکە سالییەکان و ڕیپوارییەکانی یەکخست و پێشتریش زۆربەی بەشەکانی گالیشی گرتبوو، جگە لە بریتانی و سیپتیمانیا و پرۆڤانس[٩٤].

لە کۆتاییدا کلۆڤیس لە تەمەنی چلوپێنج ساڵی و لە پاریس کۆچی دوایی کرد، پاشان لە کڵێسای نێردراوانی پیرۆز، کە دواتر بە دێری سانت جنێڤیڤ ناسرا (Abbey of Saint Genevieve) نێژرا، کە خۆی و کلۆتیلدای هاوسەری دروستیان کردبوو[٩٥].

دوای مردنی کلۆڤیس، بەپێی دابونەریتی جێرمانی، کە دەبوو دوای مردنی باوک هەموو سامانەکەی بە یەکسانی بەسەر کوڕەکانیدا دابەش بکرێت، شانشینەکەی بە ڕووبەرێکی یەکسان لەنێوان هەرچوار کوڕەکەیدا دابەشکرا، لێ ئەم دابەشکردنە بووە هۆی ناکۆکیی خوێناویی نێوان کوڕەکانی، وەلێ لەهەمان کاتدا فراوانخوازیی فرانکەکان بەردەوام بوو[٩٦]، کە دوای نزیکەی دوو سەدە و لە سەردەمی شارلماندا گەیشتە ترۆپک.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. کلۆڤیس بە بەهێزترین کەسایەتیی سەردەمی خۆی و دامەزرێنەری ڕاستەقینەی شانشینی فرانکەکان دادەنرێت، هەروەها قۆناغی دەسەڵاتی کلۆڤیس بە وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ دادەنرێت لە مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا بە گشتی و فەڕەنسا بە تایبەتی.

٢. کلۆڤیس سەرکردەیەکی ڕامیاری و سەربازیی کارامە و بەتوانا بووە، کە لە چارەکە سەدەیەکدا بەهۆی جەنگەکانییەوە بووە فەرمانڕەوای زۆربەی گال، تا ئەو ڕادەیەی هەندێک نووسەر پێیان وایە کلۆڤیس مەزنترین کەسایەتی بووە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ماوەی نێوان یۆلیۆس قەیسەر و شارلماندا هەڵکەوت.

٣. کلۆڤیس کەسایەتییەکی خراپ و شەڕانگێزی هەبووە و جۆرەها ئامرازی خراپی بەکارهێناوە، بۆئەوەی مانەوەی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵات مسۆگەر بکات.

٤. سەرکەوتنی کلۆڤیس لە زۆربەی ئەو جەنگانەی کە تێیدا بەشداری کرد، هۆکارێک بوو بۆ بەهێزبوون و بەناوبانگبوونی کلۆڤیس.

٥. هەرچەندە کلۆڤیس لە هەڵمەت و جەنگەکانیدا بەسەر زۆرێک لە نەیارەکانیدا سەرکەوت، بەڵام لەسەر دەستی بریتۆنەکان تووشی دۆڕانێکی سەخت هات و نەیتوانی نیمچەدوورگەی بریتانی بخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیەوە، ناچار بوون ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە تەک بریتۆنەکان مۆر بکات.

٦. کلۆڤیس دوای بە مەسیحیبوونی، بەرگێکی ئایینی بە بەر جەنگەکانیدا کردووە و ئامانج و مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی لە پشت هەڵگیرسانی و بەشداری جەنگەکاندا شاردووەتەوە.

٧. دوای بە مەسیحیبوونی کلۆڤیس، کڵێسای کاسۆلیکی هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی کلۆڤیس بوون لە جەنگەکانیدا.

٨. کلۆڤیس پێش ئەوەی جەنگێک هەڵبگیرسێنێت، یان بەشداری تێدا بکات، بە باشی خۆی بۆ ئامادە دەکرد، تا سەرکەوتنی مسۆگەر بکات. ئەمەش بەڕوونی ئەو کاتانە دەردەکەوێت، کە داوای هاوکاریی و یارمەتی لە خزمەکان و هاوپەیمانەکانی کردووە.

٩. جەنگەکانی کلۆڤیس دژی ئەلەمانی و گۆتە ڕۆژئاواییەکان بە دیارترین و گرنگترین جەنگەکانی کلۆڤیس دادەنرێن.

١٠. جەنگەکانی کلۆڤیس دژی گۆتە ڕۆژئاواییەکان بە سەرکەوتووترین جەنگەکانی کلۆڤیس دادەنرێت.

١١. جەنگەکانی کلۆڤیس دژی ئەلەمانییەکان بە سەختترین و خوێناویترین جەنگی کلۆڤیس دادەنرێت.

١٢. جێنشینانی کلۆڤیسی یەکەم بەردەوام بوون لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە فراوانخوازییانەی کە کلۆڤیس دایڕشتبوو، بە جۆرێک کە دوای نزیکەی دوو سەدە لە سەردەمی شارلماندا گەیشتە ترۆپک.

## توێژینەوەی چوارەم:

# جەنگەکانی شارلمان (٧٦٨- ٨١٤)ز

## پێشەکی

شارلمان یەکێکە لە ناودارترین و کاریگەرترین کەسایەتییەکانی مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، یەکێکیش لەو هۆکارانەی کە شارلمانی کردە یەکێک لە ناودارترین و کاریگەرترین کەسایەتیی ئەوروپا لە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بریتیبوو لە سەرکەوتنی لە ئەو جەنگانەی کە بەشداری تێدا کردبوو.

ئەوەندەی لای ئێمە زانراوە، تا هەنووکە هیچ توێژینەوەیەک نییە کە بە زمانی کوردی دەربارەی جەنگەکانی شارلمان نووسرابێت، ئەمەش هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو تا توێژینەوەیەکی تایبەتی لەسەر ئەنجام بدەین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە: نەزانینی زمان، کەمی سەرچاوە، بەردەست نەبوونی هەندێک لە بەڵگەنامە و سەرچاوەکان.

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ئاوڕێکی مێژوویی لە جەنگ و فراوانخوازییەکانی شارلمان بدەینەوە، کە گرنگییەکی تایبەتی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا هەیە، هەروەها خوێنەرانی کورد ئاشنا بکەین بە ژیانی سەربازیی یەکێک لە ناودارترین و کاریگەرترین کەسایەتییە سەربازییەکانی مێژووی ئەوروپا بە گشتی و مێژووی سەدەکانی ناڤینی ئەوروپا بە تایبەتی.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە یانزە تەوەر پێکدێت، لە سەرەتادا و بەهۆی ئەوەی ئەوەی شارلمان ئەندامێکی بنەماڵەی کارلۆلینجی بووە، پێمان باش بوو لە تەوەری یەکەمدا چۆنییەتی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوماڵباتەوە بخەینە ڕوو. لە تەوەری دووەمدا دەستپێکی جەنگی شارلمان، کە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئاکویتێن بوو، خراوەتە بەر باس، جەنگەکانی شارلمان دژی لۆمباردەکان لە ئیتاڵیا، کە بە یەکێک لە گرنگترین و سەرکەوتووترین جەنگەکانی شارلمان دادەنرێت لە تەوەری سێیەمدا باسکراوە، هەرچی تەوەری چوارەمە تایبەت کراوە بۆ جەنگەکانی سەکسۆن، کە ئەم جەنگانە بە سەختترین و خوێناویترین جەنگی شارلمان لە دیرۆکدا ناسراوە. لە تەوەری پێنجەمیشدا لە داگیرکردن و لەناوبردنی دوکایەتیی باڤاریا خراوەتە ڕوو، هەروەها لە تەوەری شەشەم و حەوتەمدا باس لە جەنگەکانی شارلمان دژی موسڵمان لە ئیسپانیا و دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست کراوە. لە تەوەری

هەشتەم جەنگەکانی شارلمان دژی ئاڤارەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها لە تەوەری نۆیەمدا باس جەنگەکانی دژی سلاڤەکان کراوە، لە تەوەری دەیەمیشدا جەنگەکانی شارلمان دژی بێزەنتی و باکوورییەکان خراوەتە بەرباس و لە کۆتا تەوەریشدا هەوڵمان داوە ئەو هەڵمەتانەی شارلمان کراوە، کە بەهۆی کەمبایەخییانەوە لە سەرچاوە بەردەستەکانمادا بە سەرپێیی ئاماژەیان پێدراوە، لە چەند خاڵێکدا بخەینە ڕوو.

هیوادارین ئەم توێژینەوەیە دەروازەیـەک بە ڕووی توێژەرانی کورددا واڵا بکات و لە داهاتوودا بە جیا لەسەر ژیانی ڕامیاریی، ڕۆشنبیریی، ئایینی، جڤاکی، چاکسازیی و کار و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی شارلمان توێژینەوە بنووسرێت.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە لە هەڵە و کەموکورتی بـەدەر نییە. هیوادارین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

# تەوەری یەکەم: کۆتایی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی میرۆڤینجی و هاتنە سەر دەسەڵاتی بنەماڵەی کارۆلنجی

بەهۆی کۆچکردن و لەشکرکێشی و شاڵاوی جێرمانەکانەوە کە بە داگیرکارییەکانی جێرمانی (The Germanic Invasions) ناسراوە، چەندین شانشینی جێرمانی لە ئەوروپا دامەزران، لە گرنگترین ئەو شانشینانە، شانشینی فرانکەکان بوو، کە لە سەرەتادا لەلایەن ماڵباتی میرۆڤینجییەوە فەمانڕەوایی دەکرا[١]. هەشتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی فرانکدا تێنەپەڕیبوو، کە چووە ناو قۆناغێکی پشێویی و جەنگی ناوخۆوە، کە نزیکەی سەدە و نیوێکی خایاند و لاوازیی پاشاکانی ماڵباتی میرۆڤینجی لەم قۆناغەدا دەرکـەوت[٢]. بە جۆرێک سێ هەرێمی جیاواز لەناو شانشینی فرانکەکان دەرکەوت، هەرێمی ئوستراسیا لە ڕۆژهـەڵات، کە زۆربەی جێرمانی بوو و ژمارەیەکی زۆر جووتیاری تێدا بڵاوبووەوە، هەرێمی نوستریا لە ڕۆژئاوا کە ڕەگەزی ڕۆمانی تێدا بڵاوبووەوە و خاوەن زەوییەکی زۆر بوو، کە کۆیلەکان ئیشیان تێدا دەکرد، سێیەمیش هەرێمی بەرگەندیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گال، کە جووتیاری خاوەن زەوی بچووکی تێدا بوو، ئەم دابەشبوونە بووە هۆی پێکدادانی نێوان هەرێمەکان، چونکە هەر هەرێمێک دەیویست لەسەر حیسابی ئەوی تر فراوانخوازیی بکات[٣].

لـە ساڵی (٥٩٧)ز-دا برۆنهێلدا (Brunhilda) دەسـەڵاتـی ئوستراسیا و بەرگەندیای کەوتە دەست، بەڵام هەر زوو ڕووبەڕووی بەرەنگاریی دەرەبەگەکان بووەوە، کە بە هەموو توانایانەوە دایانە پاڵ کلوتار (Chlothar II)ی پاشای نوستریا، چونکە بەرژەوەندییەکانی ئەوانی لە خاوەندارێتی زەوی و باج پاراست و چەندین ئیمتیازی نوێی وەک چەندین تایبەتمەندیی لە بواری مافە دادوەرییەکانی پێبەخشین، ئەوەبوو لە جەنگێکدا بەسەر برۆنهێلدا سەرکەوتن و کوشتیان، بەم جۆرە شانشینەکە جارێکی تر لەسەر دەستی کلوتار یەگی گرتەوە[٤]، بەڵام سەرکەوتنی کلوتار بەسەر برۆنهێلدا بە ڕادەیەکی زۆر بە سەرکەوتنی دەربەگەکان بەسەر دەسەڵاتی ناوەندیدا دەدانرێت، کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دەرکەوتنی کۆسووڕی دەرەبەگایەتی، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە دەبینین دوای ئەو سەرکەوتنەکانی کلوتار ناچار بوو بۆ دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی دەست لە زۆرێک لە دەستکەوتەکانی هەڵبگرێت[٥].

شایەنی باسە داگۆبەرت (dagobert) کۆتا پاشای مێرۆڤینجییەکان بوو، کە هەندێک دەسەڵاتی لەدەستدا مابێتەوە، لەدوای داگۆبەرت سەردەمێکی نوێ لە حکومڕانیی پادشایانی مێرۆڤینجی دەستی پێکرد، کە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەیان لە دەستدا نەمابوو و بەوە وەسف دەکران، کە پاشاگەلێکن هیچیان بەدەست نییە[٦]. تەنانەت زۆرێک لە مێژوونووسان بە ماوەی نێوان سالانی (٦٣٩-٧٥٢)ز دەڵێن سەردەمی شا تەمبەڵەکان و دەسەڵاتی کۆشکەوانەکان، چونکە دوایین پاشاکانی مێرۆڤینجییەکان هەموو بێکارە و تەوەزەل بوون و لە قەڵاکاندا ژیانی خۆیان دەبردە سەر و تەنیا بەناو مابوونەوە، دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەست کاربەدەستانی کۆشکەوە بوو، کە شانشینەکەیان بەڕێوە دەبرد و بەهێزترینیان ئەو کەسانە بوون، کە بە کۆشکەوان دەناسران، کە پلەیان لە ئاست سەرۆک وەزیری بەریتانیای ئەمڕۆدا بوو[٧].

یەکەم کەسی ماڵباتی کارۆلنجی، کە سەرۆکایەتیی کۆشکی گرتە دەست، پیپین (pepin) بوو، بەڵام کاتێک هەوڵی دا پاشای مێرۆڤینجی لاببات و یەکێک لە خۆیان بچێتە سەر کورسی دەسەلات، کڵێسا و ئاغاکا لە دژیان یەکیان گرت و شکستی هێنا، چونکە کڵێسا و دەرەبەگەکان پاشایەکی لاوازیان لە پاشایەکی بەهێز، کە لە هەموو دەسەڵات و ئیمتیازێکیان دابڕنێت، پێ باشتر بوو، بەڵام دواتر لە سەردەمی پیپینی دووەم، کە بە پیپینی هێرستاڵ(Pepin of Herstal) ناسراوە، توانی جارێکی تر پێگەی سەرۆکایەتیی کۆشک بەدەستبهێنێتەوە و بەم جۆرە کارۆلنجییەکان پێگەی خۆیان گەڕاندەوە[٨].

پیپینی دووەم کاتێک لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەرکەوت، شانشینی فرانکەکان لە لێواری ڕووخاندا بوو، چونکە بەهۆی جەنگی ناوخۆیی و پشێوییەکان زۆرێک لە زەوییەکانی خۆی لەدەست دابوو، بۆ نموونە ئاکویتێن بەشێکی زۆری خاکی لە شانشینەکە دابڕی و باڤاری و ئەلەمانییەکانیش[٩] سەربەخۆییان ڕاگەیاند، بەڵام پیپین هەڵمەتێکی بەردەوامی بۆ سەر ئەلەمانی و باڤاری و ئاکویتێنییەکان دەست پێکرد و تێکی شکاندن و یەکێتی گەڕاندەوە و دەربەگەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و سنوورێکیشی بۆ دەسەڵاتی پیاوانی کێڵسا دانا[١٠].

دوای مردنی پیپینی دووەم، فرانکەکان کەوتنە دۆخێکی خراپەوە، بەجۆرێک جەنگی ناوخۆیی و دوژمنانی دەرەکی هەڕەشەی لە شانشینەکە دەکرد، لەم کاتەدا کوڕە ناشەرعییەکەی شارل مارتل شوێنی باوکی گرتەوە و هەوڵی گەڕاندەوەی

دەسەڵاتی دا و دەستی بەسەر زۆرێک لە ماڵ و سامانی کڵێسادا گرت، ئەمەیش لەبەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کڵێسا و دابینکردنی دارایی تەواو، کە فرانکەکان پێویستیان پێی بوو، بۆئەوەی درێژە بە جەنگاکانیان بدەن، بە تایبەت دژی موسڵمانان[١١].

ئەمەو شارل مارتل بە خێرایی زنجیرەیەک شەڕی بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتی فرانکەکان دەستپێکرد، ناوبراو پێنج هەڵمەتی دژی سەکسۆنەکان ئەنجام دا، هەروەها دوو هەڵمەتی دژی فریزییەکان و هەڵمەتێک دژی ئەلەمانییەکان و دوو هەڵمەتی دژی باڤارییەکان، هەروەها بە هاوکاریی دوکایەتیی ئاکویتێن و لە ساڵی (٧٣٢)ز و لە شەڕی بەناوبانگ و یەکلاییکەرەوەی تۆرسدا، کە لای موسڵمانان بە شەڕی (**بلاط الشهداء**) ناسراوە، سوپای موسڵمانانیان بە سەرکردایەتیی عەبدولڕەحمانی غافقی تێکشاند و خودی عەبدولڕەحمانیش لە شەڕەکەدا کوژرا و کۆتاییان بە گەورەترین مەترسی هێنا، کە خەریکبوو کۆتایی بە بوونی شانشینی فرانکەکان بهێنێت[١٢]. دوای ئەم سەرکەوتنانە و بەهۆی تاکتیکە هێرشبەرەکانی لە کاتی شەڕدا، کە بریتیبوو لە لێدانی زەربەی قورس لە دوژمنانی، بە شارل مارتل، واتە شارلی چەکوش ناسرا[١٣]. دواتر لە چاوی جیهانی ڕۆژئاوادا وەک پاڵەوانی ئایینی مەسیحی دەرکەوت، کە ئەوروپای ڕۆژئاوای لە داگیرکاریی ئیسلامی پاراست[١٤].

لەلایەکی ترەوە، شارل مارتل هەرچی دەسەڵاتی سەربەخۆیی ناوچەیی هەبوو لەگەڵ ئەوانەی دژی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوەستان، لەناوبرد، بە تایبەت لەبورگەندیا و ئاکویتێن، بۆیە کاتێ مرد، شانشینێکی بەهێزی لەدوای خۆی بەجێهێشت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شارل مارتل خۆی بە پاشای فرانکەکان دانەدەنا و لە سەرۆکی کۆشکیش بەولاوە هیچی تر نەبوو[١٥].

سەرەڕای هەموو ئەم سەرکەوتنە گەورانە کە شارل بەدەستی هێنا، بەڵام دوای مردنی لە ساڵی (٧٤١)ز بەفیڕۆ چوو، چونکە هەردوو کوڕەکەی کارلمان و پیپینی کوڵە لەسەر دەسەڵات کەوتنە ململانێ و وڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد، کە کارلمان بەشی ڕۆژئاوا و پیپینی کوڵەش بەشی ڕۆژهەڵاتی بەرکەوت، بەڵام لە ساڵی (٧٤٨)ز کارلمان وازی لە دەسەڵات هێنا و چووە ناو دێر، بۆئەوەی خواپەرستی بکات و پیپین بە تەنیا لە دەسەڵاتدا مایەوە و هەر لە سەرەتاوە بڕیاری دا سنوور بۆ بوونی ناسروشتی مێرۆڤینجییەکان دابنێت. بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیی خۆی

لەگەڵ کێڵسا خۆشکرد و هەندێ لە زەوییەکانی گەڕاندەوە، کە باوکی دەستی بەسەردا گرتبوو[١٦].

لە ساڵی (٧٥١)ز پیپینی کوڵە لە کۆبوونەوەیەکدا خۆی بە پاشای فرانکەکان ناساند، بۆئەوەی شەرعییەت بە خۆی بدات، نوێنەری خۆی نارد بۆ لای پاپا زەکەریا و لێی پرسی، کە ئایا دروستە کەسێک نازناوی پادشا هەڵبگرێت و کەسانێکی تر لە جێگەی ئەودا مومارەسەی دەسەڵاتەکەی بکەن؟ پاپا لە بەرسڤدا گوتی: نەخێر دروست نییە، چونکە پاپاویەت لەو کاتەدا پێویستی بە پشتیوانی و یارمەتی فرانکەکان بوو، لەبەرئەوەی لەگەڵ کڵێسای قوستەنتینەدا لەلایەک و لۆمباردییەکان لەلایەکی دیکەوە لە ململانێدا بوو. ئەوەبوو چیلدێرکی سێیەم (Childeric III)ی دوا پاشای مێرۆڤینجییەکان لە تەختی پاشایەتی هێنرایە خوارەوە و پیپینی کوڵە چووە سەر تەختی پاشایەتی، بەمەش کۆتایی بە حوکمڕانیی ماڵباتی مێرۆڤینجی هات و حوکمڕانیی ماڵباتی کارۆلینجی دەستی پێکرد[١٧].

لە ساڵی (٧٥٤)ز پاپا ستیڤنی دووەم، کە ئەوکات جێگری پاپا زەکەریا بوو، چوو بۆ گال و لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا لە کڵێسای سواسن تاجی پاشایەتی خستە سەر پیپین، دواتر پیپین و هەردوو کوڕەکەی بە زەیتی پیرۆز چەور کرد[١٨]. دوای ئەو ڕێوڕەسمەش پیپین لە دوو ئۆپراسیۆنی سەربازیی جیاجیادا لۆمباردەکانی تێکشکان و بەشێک لە هەرێمی پاشایەتیی بە هەرێمی پاپاوە پەیوەست کرد و بە دیاریی پیپین (Donation of Pepin) ناوی دەرکرد و لەگەڵ زەوییەکانی هەرێمی ڕۆم تێکەڵ کرا و بناغەی دەوڵەتە پاپاییەکانی لەسەر دانرا، کە تا سەدەی نۆزدەیەم مایەوە[١٩].

پیپین درێژەی بە سیاسەتی فراوانخوازیی پاشاکانی فرانکەکانی دا و موسڵمانانی پاڵنا بۆ پشتی چیاکانی پیرینس (Pyrenees) و جموجوڵی یاخیبووانی لە ئاکویتێن و باڤاریا لەناوبرد، دوای ئەوە ڕوویکردە سەکسۆنیا. ئەمەو ئەسقفەکان پابەند کران لایەنگریی تەواوی خۆیان بۆ پاپا ڕابگەیەنن و ڕۆژی یەکشەممەش کرایە پشوو و سەپاندی بەسەر هەموولایەکدا، کە پەیرەوی لێ بکەن، هەروەها بڕیاری دا دەیەک بدرێتە کڵێسا[٢٠]، لە کۆتاییدا لە ساڵی (٨٦٨)ز مرد و بەپێی دابونەریتی فرانکەکان شانشینییەکەی لەنێوان دوو کوڕەکەیدا دابەشکرا[٢١].

## تەوەری دووەم: سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ئاکویتێن

پیپنیش وەک شار مارتل، پێش مردنی لە ساڵی (٧٦٨)ز، دەسەڵاتەکانی خۆی لەنێوان دوو کوڕەکەیدا، شارلمان و کارلماندا دابەشکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم کارلمان مرد و شارلمان بووە تاکە فەرمانڕەوا و کاری فراوانکردن و چەسپاندنی ئەو دەوڵەتەی کە شارل مارتل و پیپین بنیاتیان نابوو، کەوتە سەر شانی شارلمان[٢٢]. لە یەکەمین تاقیکردنەوەیەشدا ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێک لە ئاکویتێن بووەوە، کە لە دژی دەسەڵاتی فرانکەکان سەری هەڵدابوو.

جێی گوتنە کە باوکی شارلمان لە چوارچێوەی هەوڵەکانیدا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە یەکەمین مێرۆڤینجییەکان داگیریان کردبوون، دوکایەتی ئاکویتێنی وەرگرتەوە و دوای ئەوەی هەشت هەڵمەتی سەربازیی کردە سەری و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکەی لەناوبرد[٢٣]، بەڵام کاتێک ئاکویتێنییەکان دەرفەتی مردنی پیپینیان قۆستەوە، ڕاپەڕین، شارلمان ناچار بوو بە تەنیا ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات، چونکە وا دیارە کارلمان متمانەی بە برا گەورە زاڵەکەی نەبووە و هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ یارمەتیدانی. دەبێت بوترێت ئاکویتێن کە لە ئەنجامی بەرخۆدانی درێژخایەن و ناسەرکەوتوویی بەرانبەر بە پیپین لاواز ببوو و لە هیچ بارودۆخێکی ڕاستەقینەدا نەبوو بۆ جەنگێکی درێژخایەن. تەنیا بەو هیوایەی کە جەنگی ناوخۆیی لەناو فرانەکاندا هەڵبگیرسێت، ڕاپەڕین، بەڵام ئاکویتێنییەکان بە تەواوی هەڵە بوون و جەنگی ناوخۆ ڕووینەدا و شارلمان وەک ڕەشەبا هێرشی کردە سەریان[٢٤].

شایەنی باشە سەرۆکی ڕاپەڕینەکە ناوی هونالد (Hunald I) بوو، کە ناوبراو ئەو دێرەی کە تێیدا دەژیا، جێهێشتبوو، بۆئەوەی سەرکردایەتیی ڕاپەڕینەکە بکات[٢٥]، بەڵام ڕاپەڕینەکە ئەوەندەش مەترسیدار و بەهێز نەبوو، کە شارلمان نەتوانێت سەرکوتی بکات، بۆیە هێزەکانی فرانکەکان سەرکەوتوو بوون لە ڕاوەدوونانی هونالد و شوێنکەوتووانی، تا ئەو کاتەی وڵاتەکەیان بەجێهێشت. هونالد پەنای بۆ لۆپۆسی کوڕەزای خۆی برد، کە فەرمانڕەوای گاسکۆنی بوو، بەڵام شارلمان و هێزەکانی لە ڕووباری گارۆن پەڕینەوە و نوێنەریان نارد و پێیان ڕاگەیاند، کە مامی ڕادەست بکات، یان شەڕ بکات، ئەوە بوو لۆپۆس بەڵێنی

دڵسۆزیی و گوێڕایەڵیی دا و مامی خۆی ڕادەستی شارلمان کرد[٢٦]و هونالد دیسانەوە ڕەوانەی دێرێک کرا[٢٧].

بەم چەشنە کۆتایی بە ڕاپەڕینی ئاکویتێن هێنا. دواتر لویسی خواپەرستی کوڕی کردە پاشا و تا کۆچی دوایی باوکی شارلمان لە ساڵی (٨١٤)ز لەوێ مایەوە[٢٨]. یەکێکیش لە هۆکارەکانی دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز لە ئاکویتێن، ئەوە بوو ناوچەکە لە هێرش و لەشکرکێشی موسڵمانەکان بپارێزێت[٢٩].

شارلمان لە کارلمان خۆشبوو، کە ڕەتیکردەوە یارمەتی بدات، بەڵام بڕیاری دا زۆرترین سەرنجی بخاتە سەر. وا دیارە هەر لەبەر ئەمە بوو کە لەگەڵ دێسیدریۆس (Desiderius)ی پاشای لۆمباردەکان هاوپەیمانی کرد و لەگەڵ دێسیدراتا (Desiderata)ی کچی، کە خۆیشکی گێربێرگا (Gerberga)ی هاوژینی کارلمان بوو، هاوسەرگیریی کرد، هەروەها هاوپەیمانی لەگەڵ تاسیلۆ (Tassilo III) دوکی باڤاریادا کرد بە مەبەستی بەکارهێنانی لە دژی کارلمان. هەرچی پاپایە دژی هاوسەرگیریی شارلمان و دێسیدراتا بوو، چونکە پێدەچوو پێگەکەی بخاتە مەترسییەوە، ئەگەر کارل و دێسیدریۆس لە پەیوەندییەکی باشدا بن، بەڵام ترسەکانی بە خێرایی نەما، چونکە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا شارلمان بە بیانووی ئەوەی نەزۆکە، ژنەکەی ناردەوە بۆ لای باوکی. لەم کاتەوە ڕقێک لەنێوان دێسیدریۆس و شارلمان دروست بوو[٣٠]، کە دواتر سەری کێشا بۆ جەنگ و ڕووبەڕوونەوەی ڕاستەوخۆ.

# تەوەری سێیەم: جەنگەکان لە دژی لۆمباردەکان

زۆری نەبرد کارلمان لە ساڵی (٧٧١)ز کۆچی دوایی کرد و شارلمان دەستی بەسەر موڵک و ماڵی براکەیدا گرت[٣١]، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کاتێک کارلمان کۆچی دوایی کرد و ژنە لۆمباردییەکەی دوو کوڕی کۆرپەی بەجێهێشت، شارلمان بە خێرایی بڕیاری دا کە ناتوانێت نیوەی خاکی فرانکەکان لە دەستی کۆرپەیەکدا بەجێبهێڵێت، کە بێگومان فەرمانڕەوای ڕاستەقینە باپیرەی دەبێت، کە دێسیدریۆسە. ئەوە بوو بە خێرایی تەواوی خاکەکانی پیپینی کردە موڵکی خۆی و ژنەکەی کارلمانی کۆچکردوو ناچار بوو لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو پاڤیا هەڵبێت[٣٢]، ئاغا و قەشەکانی خاکی کارلمانیش چوونە لای شارل وەک پاشا پەسەندیان کرد و دیسانەوە فرانکەکان لەژێر دەستی شارلمان یەکیان گرتەوە[٣٣].

بەهۆی ئەوەی پێشتر شارلمان هاوسەرەکەی کە کچی دێسیدریۆس بوو، ناردبوویەوە بۆ لای باوکی، پاشای لۆمبارد ئامادە بوو، کە منداڵەکانی کارلمان لە دژی شارلمان بەکاربهێنێت، بە تایبەت کە ژنەکەی کارلمانی کۆچکردوو هەڵات بۆ لای دێسیدریۆس و داوای یارمەتیی کرد، بۆئەوەی میراتی منداڵەکانی بەدەست بهێنێتەوە، ئەوە بوو دێسیدریۆس لە ساڵی (٧٧٢)ز داوای لە پاپا کرد نەوە بچووکەکەی وەک پاشای فرانکەکان بناسێنێتەوە، وەلێ پاپا هادریان ڕەتیکردەوە ئەو کارە بکات، تەنانەت داوای فاینزا، ئیمۆلا، فێرارا، ئەنکۆنا و ئۆسیمۆی کرد، بەو پاساوەی کە ئەوان بەشێکن لەوەی کە پیپین بەڵێنی پێدابوو، دیسۆدیش پێی وابوو کە شارلمان سەرقاڵی شەڕی ساکسۆنەکانەوە و ناتوانێت دەستوەردان لە کاروباری ئیتاڵیا بکات، ڕەتیکردەوە دەستبەرداری شارەکان بێت و دەستبەجێ شەڕێکی دژی هادریان دەستپێکرد[٣٤].

دێسیدریۆس دەستی بەسەر شارەکانی پاپادا گرت و تەنانەت سوپایەکی بۆ دژی ڕۆما ڕەوانە کرد و پاپا هادریانی یەکەم داوای هاوکاری لە شارلمان کرد، بەڵام شارلمان نەیتوانی بە خێرایی بەدەم پاپاوە بچێت، چونکە سەرقاڵی شەڕ بوو دژی ساکسۆنەکان. لەبری ئەوە ویستی بە دیپلۆماسی ڕێگریی لە پاشای لۆمبارد بکات و فەرمانی بە دێسیدریۆس کرد دەستبەرداری هەموو ئەو شارانە بێت، کە هی پاپان، تەنانەت قەرەبووکردنەوەیشی پێشکەش کرد ئەگەر دێسیدریۆس شارە دەستبەسەرداگیراوەکان بگەڕێنێتەوە و داواکارییەکانی پاپا جێبەجێ بکات، وەلێ پاشای لۆمبارد مەرجە پێشنیازکراوەکانی ئاشتی ڕەتکردەوە و دواتر جەنگ ڕاگەیەندرا[٣٥].

شارلمان لە ساڵی (٧٧٣)ز هێزەکانی خۆی لە جنێڤ کۆکردەوە و بەسەر بەرزاییەکانی ئەلبدا پەڕییەوە، دێسیدریۆس هەوڵی دا دەروازەکانی چوونە ژوورەوەی بەرزاییەکانی ئەلب بگرێت، بەڵام شکستی هێنا و بەرەو پاڤیای پایتەخت هەڵات، لەوێ هێزەکانی شارلمان گەمارۆیان دا، لەم نێوەندەدا کوڕەکەی دێسیدریۆس هێزەکانی لۆمباردەکانی لە نزیک ڤێرۆنا کۆکردەوە، ئەمەش شارلمانی ناچار کرد بەشێک لە هێزەکانی بەجێبهێڵێت، بۆئەوەی گەمارۆی پاڤیا بدات، خۆشی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی هێزەکەی بە خێرایی بەرەو ڕووی کوڕەکەی دێسیدریۆس ڕۆیشت، دوای ئەوەی هەڵات بۆ قوستەنتینییە، شارلمان سەرکەوتوو بوو لە دەستبەسەرداگرتنی ڤێرۆنا، بێرگامۆ و باژێرە گرنگەکانی تر، پاشان دواجار پاڤیا دوای گەمارۆیەکی دە مانگە، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (٧٧٤)ز کەوت و لەگەڵ کەوتنی باڤیا، شانشینی لۆمباردەکان بۆ هەمیشە کۆتایی هات و دێسیدریۆس گواسترایەوە بۆ دێرێک و لەوێ ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانی بەسەر برد، شارلمانیش نازناوی پاشای لۆمباردەکانی وەرگرت و شانشینی لۆمباردەکان خرایە سەر موڵک و ماڵی شارلمان[٣٦]. سەرەڕای ئەمانەش لۆمباردەکان دوو دوکی سەربەخۆیان بە ناوەکانی سپۆلیتۆ (Duchy of Spoleto) و بینیڤینتۆ (Duchy of Benevento) لە ناوەڕاستی ئیتاڵیادا هێشتەوە[٣٧].

جێی گوتنە، کە هەرچەندە شارلمان نازناوی پاشای لۆمباردەکانی هەڵگرت، بەڵام هەوڵی نەدا بەرپرسانی لۆمباردەکان گۆشەگیر بکات، یان دەستکاریی حکومەتی لۆمباردەکان بکات[٣٨]، بەڵکو پێی باشتر بووە ڕێگەیان پێ بدات بە شێوازی خۆیان بژین، بەڵام کاتێک لۆمباردەکان لە دژی ڕاپەڕین و پیلانیان دانا بۆ بانگهێشتکردنی کوڕە هەڵاتووەکەی دێسیدریۆس لە قوستەنتینییە و ناساندنی بە پاشا. گەڕایەوە و لە ساڵی (٧٧٦)ز-دا ملکەچی کردن و لۆمباردەکانی ناچار کرد یاسا و ڕێساکانی فرانکەکان پەیڕەو بکەن[٣٩].

شایەنی باسە لە کاتی ئابلۆقەدانی پاڤیادا لە ساڵی (٧٧٤)ز، شارلمان بۆ ئاهەنگی جەژنی ئیستەر بەرەو ڕۆما بەڕێکەوت و وەک یەکەم پاشای فرانکەکان چووە ناو شاری ڕۆما، دواتر سەردانی پاپای کرد و دیاری پیپینی پشتڕاستکردەوە[٤٠]، لێ پاپا ئەوەندە خاکی لە شارلمان وەرنەگرت و هیوای بۆ دەخواست، چونکە شارلمان هەرگیز دەستبەرداری کۆنترۆڵی ڕاستەقینەی خۆی نەبوو بەسەر ئەو خاکانەدا و دەسەڵاتی ئەو بەسەر هەموو باکووردا دانی پێدانرا، تەنانەت ناوبەناو دەستتێوەردانی لە دوکایەتییەکانی سپۆلیتۆ و بینیڤینتۆدا دەکرد و ڕەنگە لە کۆتاییدا هەموو باشووری

ئیتاڵیا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەگەر سەرقاڵی جەنگ نەبووایە لەگەڵ نەیارەکانی تردا[٤١].

ئەگەر سەیری ئەنجامەکانی جەنگەکانی شارلمان دژی لۆمبارد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە شارلمان ڕووبەری دەسەڵاتەکەی فراوانتر کرد و هاوپەیمانی نێوان پاپایەت و فرانکەکانی نوێکردەوە و تەنانەت بە پشتگیریکردنی لە پاپاویەت پێگەی لە جیهانی مەسیحدا بەرزبووەوە، ئەمەو دەوڵەتێکی ئاریسۆی لەناوبرد، کە سەرکەوتنێک بوو بۆ پاپاویەت و مەسیحییەت[٤٢]، چونکە بۆ هەمیشە دەسەڵاتێکی لەناوبرد کە بۆ ماوەیەکی زۆر مەترسی بوون بۆ سەر پاپاویەت[٤٣]. سەرباری هەموو ئەمانە ناوی لۆمبارد لە باکوور لەبیر نەکرا و خودی شارلمان نازناوی پاشای لۆمباردەکانی وەرگرت، تەنانەت هێشتا لۆمباردی ناوی پارێزگای دەوڵەمەندی باکووری ناوەڕاستی ئیتاڵیایە، بەڵام هەرچییەک بێت باکووری ئیتاڵیا ببووە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئیمپراتۆرییەتی فرانکەکان، ئەمەش لە داهاتوودا ڕەنگدانەوەی هەبوو، چوکە ئەو پاشایانەی کە شوێنی شارلمانیان گرتەوە، هەرگیز لەبیریان نەچوو کە گەورەکەی پێش خۆیان لە ئیتاڵیا فەرمانڕەوایی کردووە و ئەوانیش بۆ نزیکەی هەزار ساڵ دەسەڵاتیان بەسەر خاکەکەدا هێشتەوە، کە ئازارێکی گەورە بوو بۆ خۆیان و ئیتاڵیاش، چونکە زۆرجار بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکردە قوربانی تا دەسەڵاتیان لە ئیتاڵیا بهێڵینەوە[٤٤]. دەتوانین بڵێین ئەمە هۆکارێکی دواکەوتنی یەکێتیی ئەڵمانیا لەلایەک و یەکێتیی ئیتاڵیا بوو لەلایەکی ترەوە، چونکە ئیمپراتۆرەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز، کاروباری ئەڵمانیان فەرامۆش کرد، بۆئەوەی پێگەکانی خۆیان لە ئیتاڵیا بپارێزن، کە ئەمەش ئەڵمانیا و ئیتاڵیای کردە قوربانیی ئەم سیاسەتە.

## تەوەری چوارەم: جەنگەکانی سەکسۆن (٧٧٢-٨٠٤)ز

سەکسۆنەکان کۆمەڵێک هۆزی جێرمانی بوون، کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شانشینی فرانکەکان و لەنێوان ڕووبارەکانی ڕاین و ئێلبدا دەژیان[٤٥]، ئەم هۆزانە بەسەر سێ بەشی لاوەکیدا دابەش بوون، کە پێیان دەگوترا وێستفالییەکان، ئیستفالییەکان و ئەنگەرەکان، بەڵام ئەمانە تەنیا یەکێتییەکی لەرزۆک بوون کە بۆ هەندێک مەبەست یەکیان گرتبوو، وەک جەنگێکی گەورەی بەرگریکردن لە خۆیان. دەتوانین بڵێین سەکسۆنەکان وەک گوت و ڤانداڵ و جێرمانییەکانی دیکەی پێش خۆیان دەژیان، کە یەکگرتوو نەبوون و هیچ یەکەیەکی ڕامیاریی بەهێزیان نەبوو، هەروەها تا ئەوکاتەش لەسەر بتپەرستی مابوونەوە و خوداوەندە کۆنەکانی خۆیان دەپەرست[٤٦]. بە تایبەت بتێک بە ناوی ئیرمینسول (Irminsul)[٤٧].

سەکسۆنەکان دوژمنێکی بەهێزی فرانکەکان بوون، پتر لە سەد ساڵ لە سنوورەکانی فرانکەکاندا جەنگی بەردەوامیان هەبوو، وەک چۆن پێشتر جێرمانییەکان بەدرێژایی سنوورەکانیان لەگەڵ ڕۆمانییەکان لە جەنگدا بوون[٤٨]. بۆ وێنە پێشتر شارل مارتل و پیپینی کوڵەی کوڕی، هەژدە هەڵمەتیان لە دژی سەکسۆنەکان ئەنجام دابوو[٤٩]، وەلێ لەلایەن سەکسۆنەکانەوە بەرپەرچ درابووەوە و ئامادە بوون بۆ هەر هەوڵێک کە لەلایەن شارلمانەوە بدرێت هەمان شت بکەن[٥٠]. لە بەرانبەردا شارلمان کە وا دیارە حەزی جەنگی لە دژی بێزەنتی، یان موسڵمانەکان نەبووە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریای ناوەڕاست، بەڵکو بە پلەی یەکەم حەزی لە تەواوکردنی داگیرکاریی فرانکەکان بووە لە ئەڵمانیا، کە پاشایانی پێش خۆی دەستیان پێ کردبوو، بەم دواییە لەلایەن شارل مارتلەوە زیندووکرابووەوە و بە پشتگیریکردنی چالاکانەی هەوڵەکانی مژدەدەرەکانی کڵێسای ڕۆمانی، کە دەسەڵاتی شاهانەیان بەهێز دەکرد و لە دەرەوەی ڕووباری ڕاین لە ئەلمانیا[٥١] و سورینجیا و تەنانەت باڤاریاش زۆر لە جاران بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەڕێوەدەچوو. تەنانەت فریزییە سەرسەختەکان وردە وردە ببوون بە مەسیحی و ملکەچی فرانکەکان ببوون. تەنیا سەکسۆنەکان مابوونەوە، کە جارجار باجێکی پچڕپچڕیان دەدا بە دراوسێ بەهێزەکانیان، بۆیە دۆخەکە وای دەخواست کە پاشای گەنجی بۆ فراوانکردنی ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی، ڕووبەڕووی سەکسۆنەکان ببێتەوە[٥٢].

جێی گوتنە شارلمان پێش ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ دێسیدریۆس لە پاڤیا یەکلایی بکاتەوە، هێرشی کردبووە سەر سەکسۆنەکان و چووبووە ناو خاکەکەیانەوە[٥٣]، ئەویش لە ساڵی (٧٧٢)ز بوو، کە شارلمان یەکەم هەڵمەتی خۆی لە دژی ئەوان ئەنجام دا و ئیرێسبورگ (Eresburg)ی گرت و ئیرمینسول، کە دار، یان ستوونێکی پیرۆزی سەکسۆنەکان بوو، لەلایەن قەشە فرانکییەکان لەناوبرا و سەرۆک هۆزەکان سوێندی دڵسۆزییان خوارد و هەندێک سەربازی دانا و گەڕایەوە بۆ ڕۆژئاوا[٥٤].

دوای ئەوەی شارلمان لە ئیتاڵیا کۆتایی بە لۆمباردەکان هێنا، جەنگی سەکسۆنی دەستپێکردەوە، جەنگێک کە سیوسێ ساڵی خایاند و بە یەکێک بوو لە توندوتیژترین و درێژترین جەنگەکان، کە فرانکەکان کردیان و کات و توانا و پارە و پیاوێکی زۆری لێ بردن[٥٥].

شارلمان لە ساڵی (٧٧٥)ز گەڕایەوە و شکستی بە سەکسۆنەکان هێنا و نزیکەی هەموو سەکسۆنیای ملکەچ کرد[٥٦]، بەڵام کاتێک لە ساڵی (٧٧٦)ز شارلمان چووە ئیتاڵیا، بۆئەوەی سزای دوکەکانی فریولی و بێنیڤێنتۆ بدات، لەم نێوەنەدا سەکسۆنەکان، کە پێیان وابوو کاتی ڕاپەڕین هاتووە، ئیرێسبورگیان گرتەوە و سەربازەکانیان کوشت و هەوڵیان دا دەست بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا بگرن، کە فرانکەکان بەدەستیانەوە بوو. کاتێک شارلمان ئەمەی بیست، یەکسەر بەرەو شەڕگە ڕۆیشت، سەکسۆنەکان لە ترسی خێرای جووڵەکانی نەیانتوانی ڕووبەڕووی ببنەوە و ملکەچ بوون و بەڵێنیان دا، کە ببنە مەسیحی، بەڵام یەکێک لە سەرۆکەکان کە ناوی ویدوکیند (Widukind) بوو، ڕەتی کردەوە ڕادەست بێت و هەڵاتن بەرەو باکوور[٥٧].

سەکسۆنەکان لە ساڵی (٧٧٨)ز جارێکی دیکە دژی فرانکەکان ڕاپەڕین. لەوکاتەی کە شارلمان لە ئیسپانیا شەڕی دەکرد و شۆڕشەکەیان لەلایەن ویدوکیندەوە سەرکردایەتی دەکرا و هەرچەندە شارلمان توانی ئەم ڕاپەڕینە دابمرێکێنێتەوە، بەڵام ویدوکیند توانی لە چنگی شارلمان ڕزگاری بێت[٥٨].

لە ساڵی (٧٧٩)ز شارلمان هێرشێکی دیکەی دەستپێکرد، وەک جارانی پێشوو ویدوکیند و شوێنکەوتووانی هەڵاتن و ئەوانەی مابوونەوە خۆیان ڕادەست کرد و سوێندەکانیان نوێکردەوە. شارلمانیش کاروباری زەوییە داگیرکراوەکانی ڕێکخستەوە و قەشە و پیاوانی ئاینی خستە سەر کار، تا لەناو خەڵکدا بن و بەزۆر

ئایینی مەسیحییان بەسەریاندا بسەپێنن، ئەوە بوو زۆرێکیان بە شمشێر دەخرانە ناو ڕووبارەکانەوە و بە کۆمەڵ لە ئاو هەڵدەکێشران[٥٩].

لە ساڵی (٧٨٢)ز ویدوکیند گەڕایەوە و سەکسۆنەکان سوێندەکانیان شکاند و هەوڵیان دا فرانکەکان دەربکەن و سوپایەک فرانکەکانیان لە بۆسەیەکدا لەناوبرد، کە لە دژی ئەوان نێردرابوو، لە بەرانبەردا شارلمان سەربازگەی لە ڤێردن دانا و نزیکەی چوار هەزار و پێنجسەد دیلی سەکسۆنی کوشت، کە دانیان بە ئایینی مەسیحیدا نەنابوو[٦٠].

کۆمەڵکوژیی دیلەکانی سەکسۆن بووە هۆکاری سەرهەڵدانی یاخیبوونێکی دیکەی سەکسۆنەکان لەژێر سەرکردایەتیی ویدوکیند، کە یەکسەر زۆربەی فریزییەکان بەشدارییان تێدا کرد[٦١] و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام، کە دواجار شارلمان نزیکەی هەموو خاکەکەیانی گرتەوە و زۆربەی دیلەکانی برد و لە ناوچە جیاوازەکانی گالدا نیشتەجێی کردن، ویدوکیند کە بێ هیوا ببوو، خۆی ڕادەست کرد و لە گال نیشتەجێ بوو و لەوێ لە ئاو هەڵکێشرا، پاشان لە ئەدەبییاتی ئەفسانەیی قۆناغێکی دواتردا جێگەی خۆی دۆزییەوە. بە ڕادەستبوونی ویدوکیند جەنگی سەکسۆنەکان کۆتایی نەهات، بەڵکو ڕاپەڕین و یاخیبوونی سەکسۆنەکان بەردەوام بوو، بۆ وێنە ڕاپەڕینێک لەنێوان ساڵان (٧٩٢-٧٩٤)ز-دا سەری هەڵدا، کە هەڕەشەیەکی ڕژد بوو، بەڵام شارلمان کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە هێنا، دواتر ڕاپەڕینێکی دیکەش لە ساڵی (٧٩٦)ز سەری هەڵدا[٦٢].

دوایین ڕاپەڕین لە ساڵی (٨٠٤)ز و لەنێو نۆردالبینگییەکان، کە هۆزێک بوون، سەری هەڵدا، ئەمەش بە ڕاگوێزانی نزیکەی دە هەزار کەس کۆتایی هات و زەوییەکانیان درا بە کۆنت و قەشەکان. بەم جۆرە جەنگەکانی سەکسۆنەکان تەواو بوو، دوای ئەوەی بە شمشێر مەسیحی کران[٦٣]، وەلێ بۆ ماوەیەکی زۆر قەشەکان گومانیان لە بتپەرستیی سەکۆسەکان هەبوو[٦٤].

جێی گوتنە کە زەوی جووتیارە سەکسۆنەکان بەسەر پیاوانی ئایینی و کاربەدەستانی فرانک و گەورەکانی سەکسۆن، کە خۆیان بە فرانکەکان فرۆشتبوو، دابەشکرد[٦٥]، ئەمەو بەشێکی زەوییەکانی سەکسۆنەکان بەخشرایە گەلێکی سلاڤی دراوسێیان (ئۆبۆتریتەکان- Abotrites)، کە هاوپەیمانی فرانکەکان بوو لە جەنگەکاندا[٦٦] لەم کارەشەدا پاڵنەر و هۆکاری ئابووری دەردەکەوێت، کە لە

تەک پاڵنەر و هۆکارە ئۆلی و ڕامیارییەکان لە پشت هەڵگیرسانی جەنگەکانی سەکسۆنەوە بوو[٦٧].

بەم جۆرە ئەڵمانیا خرایە ناو بازنەی ئیمپراتۆرییەتی فرانک و کێڵسای کاسۆلیکییەوە، شارلمان سەرکەوتوو بوو لەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە پێش ئەو چەندین ئیمپراتۆری ڕۆم هەوڵی بەدیهێنانیان دابوو، وەلێ سەرجەم هەوڵەکانیان شکستیان هێنابوو[٦٨]. ئەمەو شارلمانیش بەتەواویی ئامانجەکەی بەدی نەهێنا، هەروەک ئەوەی دیرۆکنووسی ئینگلیزی فیشەر (H. A. L. Fisher) پێی وایە سەکسۆنەکان زمانەکەی خۆیان پاراست و لەگەڵ پاراستنی زمانەکەی خۆیان تایبەتمەندییەکانی دیکەی جێرمانییان پاراست و تایبەتمەندیی لاتینیان وەرنەگرت[٦٩]. بەم پێیەش سەکسۆنەکان و ئەڵمانییەکانی دیکەش بە پاراستی زمانی خۆیان و ڕەتکردنەوەی زمان و مۆرکی لاتینی، شوناسی خۆیان پاراست و بەتەواوی تێکەڵ بە ژیاری لاتینی نەبوون و شارلمانیش وەک ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم شکستی هێنا لە بەلاتینکردنی ئەڵمانییەکان، هەرچەندە خودی شارلمانیش نیوە لاتینی بوو، چونکە جلوبەرگی جێرمانی دەپۆشی و دەیتوانی بە باشی بە زمانی خۆی بئاخڤێت.

شایەنی باسە، سەرکەوتنی شارلمان بەسەر سەکسۆنەکاندا، لە ژیانی سەربازیی شارلماندا بە یەکێک لە گرنگترین سەرکەوتنەکانی دادەنرێت، ئێمە لەبەر بایەخی جەنگەکەکان لە خوارەوە بە چەند خاڵێک ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی جەنگەکان دەکەین:

١. جەنگەکانی سەکسۆن خوێناویترین و سەختترین جەنگانێک بوون، کە پێشتر فرانکەکان جەنگی وا سەخت و خوێناوییان نەکردبوو[٧٠].

٢. زۆربەی هەڵمەتەکان شارلمان خۆی بە تایبەت سەرکردایەتی دەکرد[٧١].

٣. لە زۆربەی شەڕەکاندا، بەهۆی ئەوەی فرانکەکان پڕچەک بوون و خاوەن سوارەی بەهێز بوون و لە بەرانبەردا سەکسۆنەکان کە پۆشتەوپەرداخ نەبوون و بە گرووپی نارێکخراو شەڕیان دەکرد، فرانکەکان سەردەکەوتن و سەکسۆنەکان پاشەکەشیان دەکرد، پاشان ملکەچ دەبوون و گفتیان دەدا ببنە مەسیحی، دوای ئەوەی سەرباز و پیاوانی ئایینی دادەنرا و سوپا دووردەکەوتەوە، سەکسۆنەکان یاخی دەبوون و ئەو قەڵایانەیان لەناو دەبرد کە فرانکەکان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا دروستیان کردبوو، هەروەها کڵێساکانیان دەسووتاند و

ئەو کەسانەیان دەکوشت، کە پێداگرییان لەسەر مەسیحیبوون دەکرد. دیسانەوە شارلمان سوپاکەی دەناردەوە و قووڵتر دەچوونە ناو سەکسۆنیا و بە گەرمییەکی زۆرترەوە سەکسۆنەکانی دەکوشت و ژمارەیەکی زۆرتری لێ بە دیل دەگرتن و ئەوانیش ڕادەست دەبوونەوە، تەنها بۆئەوەی ئەوەی پێشتر کردوویانە، دووبارەی بکەنەوە(٧٢).

٤. فرانکەکان بۆ ملکەچکردنی سەکسۆنەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی خراپترین ڕێوشوێن و ئامرازەکان، وەک: سەرپشککردنی سەکسۆنەکان لە هەڵبژاردنی مەسحییەت، یان مردن، کۆمەڵکوژکردنی چوار هەزار و پێنجسەد سەکسۆن لە ڤێردن، ڕاگوێزانی بەشێک لە سەکسۆنە یاخیبووەکان بۆ گال و دابەشکردنی زەوییەکانیان بەسەر هەندێک لە فرانکەکان، یان گەلانی دیکەی هاوپەیمانیان و کڕینی سەرۆکەکانیان بە پارە و دیاری و زەویوزار(٧٣).

٥. سەکسۆنیا بە پێچەوانەی لۆمباردییەوە ناوچەیەک نەبوو پایتەختێکی گەورەی هەبێت و بە ئاسانی گەمارۆ بدرێت، لەبری ئەوە سەکسۆنەکان شەڕێکی پارتیزانانەیان دەکرد، کە بۆ فرانکەکان زۆر بێزارکەر بوو(٧٤). ئەمەش بووە کێشەی گەورەی شارلمان، چونکە وڵاتی سەکسۆنەکان دارستان بوو، شار، یان قەڵای تێدا نەبوو، هەروەها ڕێگاوبانەکانی وا نەبوون، کە بە ئاسانی سوپاکانی شارلمان جموجوڵ بکەن(٧٥).

٦. شارلمان ئایینی مەسیحی بەکارهێنا و وڵاتی سەکسۆنەکانی پڕ کرد لە قەشە و پیاوانی دیکەی ئایینی، کە هەموو هێزێکیان بەکارهێنا بۆئەوەی سەکسۆنەکان بکەن بە مەسیحی و بەتەواوی بەسەر بەرخۆدانیاندا زاڵبن(٧٦).

## تەوەری پێنجەم: داگیرکردن و لەناوبردنی سەربەخۆیی باڤاریا

باڤاریا هەرچەندە بە ناو بەشێک بوو لە شانشینی فرانکەکان، بەڵام لەلایەن دوکەکانی خۆیەوە حوکمڕانی دەکران و ئۆتۆنۆمی خۆیان پاراستبوو، تەنانەت کڵێسای باڤاریا سەربەخۆییەکی هاوشێوەی پاراستبوو[٧٧].

لە گەرمەی جەنگەکانی سەکسۆندا تاسیلۆی دوکی باڤاریا دەرکەوت، کە دوای ڕووخانی شانشینی لۆمبارد، بە هاندانی هاوسەرەکەی، کە لۆمباردی بوو، یاخی بوو و لە کۆبوونەوەیەکدا یاسای دەرکرد و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، بەو پێیەی شارلمان سەرقاڵی شەڕی ساکسۆن بوو، ڕووی لە پاپا کرد، بۆئەوەی هێزی خۆی بەکاربهێنێت و فشار بخاتە سەر تاسیلۆ، پاپاش بە هاوکاریی پیاوانی ئایینی لە باڤاریا لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو بوو، تاسیلۆش دڵسۆزیی خۆی بۆ شارلمان نوێکردەوە و ژێردەستەییەکەی پشتڕاست کردەوە[٧٨].

دواتر لە ساڵی (٧٨٧)ز بەڵگە هەبوو کە تاسیلۆ پلانی هەیە جارێکی تر ڕاپەڕین بکاتەوە، بەڵام شارلمان سوپای جوڵاند و باڤاریای داگیرکرد. تاسیلۆ کە بێهیوا بوو، وازی لە دوکایەتییەکەی هێنا بۆ شارلمان و دەستی لە کار کێشایەوە، بەڵام جارێکی دیکە پۆستەکەی وەرگرتەوە، دوای ئەوەی خۆی بە پیاوی شارلمان ناساند، بەڵام لە ساڵی دواتردا لەناکاو تاسیلۆ بە ناپاکی تۆمەتبار کرا و لە دوکایەتییەکەی بێبەش کرا و تا کۆتایی ژیانی لە دێرێک زیندانیی کرا، پاشان باڤاریا خرایە سەر خاکی فرانکەکان[٧٩]. فرانکەکان بوونە دراوسێی ئاڤارەکان[٨٠].

## تەوەری شەشەم: جەنگەکانی شارلمان دژی موسڵمانان لە ئیسپانیا

شارلمان لەسەر بانگهێشتی هاوپەیمانە موسڵمانەکەی، کە فەرمانڕەوای بەرشەلۆنە بوو و هەوڵی دەدا دەسەڵاتی ئومەوییەکان لە کۆردۆبا هەڵبوەشێنێتەوە[٨١]. لە بەهاری ساڵی (٧٧٨)ز-دا لەگەڵ سوپایەکی گەورەدا، کە لە باڤاری، لۆمبارد، بۆرگۆندی... هتد پێکهاتبوو و بەسەر دوو بەشدا دابەشکرابوون و ئامانجیان بوو لە زاراگۆزا یەکبگرنەوە و بەرەو ئیسپانیا بەڕێکەوتن[٨٢].

بەشی یەکەمی سوپاکە لە ڕۆژهەڵاتەوە و دوای بەزاندنی پیرینس بەرەو جیرۆنا پێشڕەویی کرد و شارەکەی گرت. بەشەکەی دیکەش کە لەژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی شارلماندا بوو، بەرەو پایتەختی باسکەکان پێشڕەویی کرد[٨٣]. کاتێک چووە ناو وڵاتی باسکەکان ئەم شانشینییە مەسیحییە و مەسیحییەکانی دیکە، کە لەو ناوچە دوورەدەستانەی باکووری ئیسپانیا دەژیان، ئەو هاوکارییە چاوەڕوانکراوەیان پێشکەش بە شارلمان نەکرد و ئامادە نەبوون لەلایەن فرانکەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بۆیە شارلمان، گەمارۆی شاری پامپلۆنا (Pamplona)یان دا و داگیری کرد و سەربازی فرانکەکانی لەوێ دانا، پاشان بەرەو شاری زاراگۆزا ڕۆیشت، کە ئامانجی سەرەکی هەڵمەتەکە بوو، لەوێ چاوی بە بەشەکەی دیکەی سوپاکەی کەوت[٨٤].

کاتێک شارلمان لەگەڵ سوپاکەی گەیشتە زاراگۆزا، ئیبن ئەلعەرەبی هاوپەیمانی نەیتوانی موسڵمانان ڕازی بکات شارلمان بچێتە ناو شارەکەوە، چونکە حسێنی کوڕی یەحیای ئەنساری دژی وەستا. بەم چەشنە زاراگۆزا بەرەنگاری شارلمان بووەوە. کاتێکیش شارلمان لە بەڵێنەکانی لایەنگرانی عەباسییەکان بێهیوا بوو، بەرەو باشوور ڕۆیشت و هوێسکای گرت[٨٥].

لەم کاتەدا شارلمان لە ڕاپەڕینی سەکسۆنەکان ئاگادارکرایەوە و بڕیاری دا لە ئیسپانیا بکشێتەوە[٨٦]. لە ڕێگای گەڕانەوەیدا گەیشتە شاری پامپلۆنا و سەربازەکانی لێ کشاندەوە، چونکە نەیتوانی بیانهێڵێتەوە[٨٧]. دواتر لە ڕێڕەوی ڕۆنسڤۆکس (Roncevaux Pass)و لە (١٥)ی ئابی ساڵی (٧٧٨)ز-دا هۆزەکانی

باسک هێرشیان کردە سەر دواوەی سوپاکەی و بە تەواویی لەناویان برد، هۆکاری هێرشی ئەم هۆزانە ناپاکیی نەبووە، وەک ئەوەی مێژوونووس و هەڤاڵی شارلمان ئاینهارد باسی کردووە، بەڵکو تۆڵەسەندنەوە بووە لەوەی کە بەسەر شارەکەیاندا هێناوە، کە پامپلۆنا بووە، لەسەر دەستی شارلمان. ئەم ڕووداوە کارەساتێکی ڕاستەقینە بوو بۆ شارلمان و سوپاکەی، چونکە پێگەی شارلمانی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا هەژاند. ئەمە جگە لە کوشتنی ژمارەیەک لە گەورەترین فەرماندەکانی شارلمان[٨٨]، کە یەکێک لەوانە ڕۆلاند بوو، کە لە ماوەیەکی کورتدا کرایە پاڵەوانی چەندین گۆرانی و هۆنراوە، کە دواجار ئەمانە کۆکرانەوە و بە گۆرانی ڕۆلاند (Chanson de Roland) ناسراون[٨٩].

دوای ئەوەی عەبدولڕەحمانی یەکەم کۆچی دوایی کرد، ململانێ لەسەر دەسەڵات لەنێوان هیشام و براکانی لەسەر دەسەڵات سەریهەڵدا، کە هۆکار بوو بۆئەوەی هێزەکانی شارلمان هێرش بکەنەوە سەر ئیسپانیا و چەند ناوچەیەکی کەناراویی لە ساڵی (٧٨٨)ز-دا بگرن، بەڵام نەیانتوانی ئەو ناوچانە بپارێزن، پاش ئەوەی ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی گەورەی موسڵمانان بوونەوە[٩٠].

لە ساڵی (٧٩٣)ز موسڵمانان پیرینسیان بەزاند و دەوروبەری ناربۆنیان سووتاند و بە تالانییەکی زۆرەوە گەڕانەوە. بۆ کۆتاییهێنان بەم جۆرە لەشکرکێشییانە شارلمان هەوڵی دا دەڤەرێکی پارێزەر لە باشووری پیرینس دابمەزرێنێت، دەڤەرێک کە دەڤەری فرانکەکان لە هێرشی موسڵمان دابڕێت و بە یەکجاریی و بۆ هەمیشە باسکەکان بێدەنگ بکات[٩١]. بۆ ئەم مەبەستەش فرانکەکان هێواش هێواش چەند خاکێکیان لە ئیسپانیا گرت و لە ساڵی (٧٨٥) ز لەم موڵکانە مارکی ئیسپانییان پێکهێنا، کە دواتر لە ساڵی (٧٩٥)ز بەهۆی هەوڵەکانی لویسی کوڕی شارلمان هەندێک قەڵای لەم ناوچەیەدا دامەزراند و پڕی کرد لە شەڕکەر و داوای یارمەتی لە پەنابەرە مەسیحییەکان و هەندێک لە موسڵمانانی هەڵاتوو و یاخیبوو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەندەلوس کرد، لە ئەوان فەوجێکی بۆ پاسەوانیکردنی ناوچەکە پێکهێنا و توانییان پێگەی خۆیان لەم ناوچە ئیسپانییە بەهێز بکەن[٩٢].

لە ساڵی (٨٠١)ز هیشام کۆچی دوایی کرد و حەکەمی کوڕی شوێنی گرتەوە، لە سەرەتای دەسەڵاتەکەیدا ڕووبەڕووی هەڵگەڕانەوەی سولەیمانی مامی

بووەوە، بەڵام بەسەریدا زاڵ بوو و کوشتی، بەڵام عەبدوڵڵای مامی داوای یارمەتی لە شارلمان کرد[٩٣] و فرانکەکانیش بە کەڵکوەرگرتن لە سەرقاڵبوونی هیشام بە شەڕی مامەکەی، ئابڵۆقەی شاری بەرشەلۆنەیان دا[٩٤].

گەمارۆکە ئەوەندە توونـد بوو، کە ئەو سوپایەی موسڵمانان هاتبوو، نەیانتوانی بچنە ناو بەرشەلۆنەوە، دواجار کە میری بەرشەلۆنە بە تەنیا لەگەڵ هێزەکەیدا مابووەوە و چووە دەرەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ فرانکەکان و بە دیل گیرا، پاشان فرانکەکان چوونە ناو شارەکەوە و کۆتاییان بە حکومڕانیی موسڵمانان هێنا، کە نزیکەی سەد ساڵی خایاند[٩٥]. حوکمڕانیی فرانکەکانیش زۆر درێژەی نەکێشا، بەو پێیەی فرانکەکان لە ساڵی (٨٠١)ز دەستیان بەسەردا گرت و لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە، تا ئەو کاتەی میرەکانی سەربەخۆبوون لە ساڵی (٨٨٨)ز[٩٦]. جێگەی گوتنە کە ویلیامی دوکی تۆلۆز (Duke William of Toulouse) ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گرتنی بەرشەلۆنەدا هەبوو، کە کردەوەکانی وای لێکرد ببێتە یەکێک لە پاڵەوانەکانی شانسۆن دی گێست (chansons de geste)[٩٧]، کە هۆنراوەیەکی چیرۆکی (Epic poetry)یە.

دوای گرتنی بەرشەلۆنە لە ساڵی (٨٠١)ز، فرانکەکان لە ئیسپانیا دوو ناوچەیان بەدەستهێنابوو، بەشی ڕۆژئاوا خاکی باسکەکانی لەخۆگرتبوو، ناوی ناڤاری وەرگرت. بەشی ڕۆژهەڵاتیش پێی دەگوترا مارکی ئیسپانی (Spanish March)، کە واژەی مارک، یان مارچ لە واژەیەکی کۆنی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (سنوور) دێت[٩٨]. دواتر مارکی ئیسپانی بە کەتەلۆنیا ناسرا، بوو بە بنکەیەکی بەرخۆدانی مەسیحییەکان و لە کاتی جەنگە بەردەوامەکانیان دژی موسڵمانان گەشەی کرد[٩٩].

# تەوەری حەوتەم: جەنگەکانی شارلمان دژی موسڵمانان لە دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست

جەنگەکانی شارلمان دژی موسڵمانان تەنها لە ئیسپانیا نەمایەوە، بەڵکو کەشتییەکانی سەردینیا و کۆرسیکا و دوورگەکانی بالیاریکیان گرت[١٠٠]، بۆئەوەی موسڵمانان بێبەش بکەن لە بەکارهێنانی وەک بنکەیەک بۆ هەڵکوتانە سەر کەنارەکانی باشووری ئیتاڵیا و گال، بەڵام هەر زوو ململانێی دەریایی لە بەشی ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست توندتر بوو، ئەویش دوای ئەوەی هێزی دەریایی ئەغلابییەکان دەرکەوتن[١٠١].

شیاوی باسە شارمان بۆ بەرگریکردن، دوو ناوەندی گرنگی دەریایی لە ڕۆژئاوای دەریای ناوەڕاست دامەزراند، یەکێکیان بەدرێژایی کەناراوەکانی پارێزگای سنووری ئیسپانیا، لەوێ تۆرتۆسا و بەرشەلۆنەی گرت، لەکاتێکدا دووەمیان بەدرێژایی کەنارەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئیتاڵیا بوو[١٠٢].

دوورگەی کۆرسیکا لە ماوەی نێوان ساڵانی (٨٠٦)ز بۆ (٨١٣)ز بەدەست هێرشە ڕێکخراو و یەک لەدوای یەکەکانی هێزی دەریایی موسڵمانانەوە ناڵاندی[١٠٣]، دەتوانین بڵێین چەقی جەنگەکانی شارلمان و موسڵمانان لە دەریای ناوەڕاست، دوورگەی کۆرسیکا بوو. لەم تەوەرەشدا پتر ڕۆشنایی دەخەینە سەر هەوڵەکانی موسڵمانان بۆ کۆنترۆڵکرنی ئەم دوورگەیە.

سەرەتای هێرشی موسڵمان بۆ سەر ئەم دوورگەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٨٠٦)ز، کە لەو ساڵەدا یەکەم هەڵمەتی کەشتیگەلی ئەندەلوسی لە دوورگەی کۆرسیکا ڕوویدا، کە موسڵمانان توانییان دوورگەی کۆرسیکا بگرن و لەوێ نیشتەجێ بن و پیپینی کوڕی شارلمان، کە ئیتاڵیای پێ بەخشرابوو، کەشتی نارد بۆئەوەی ڕووبەڕووی موسڵمانان ببنەوە و ناچاریان بکەن لە دوورگەکە بکشێنەوە[١٠٤].

ساڵی دواتر، واتە ساڵی (٨٠٧)ز، شارلمان هەڵمەتێکی گەورەی دەریایی ئامادەکرد و فەرماندەییەکەی بە بورچارد (Burchard) سپارد و فەرمانی پێ دا کە بەرەو دوورگـەی کۆرسیکا بـڕوات و بەرگریی لێی بکات و بەرەنگاریی هێرشی سەر موسڵمانانی ئەندەلوس ببێتەوە، کە ئامانجیان بوو لە ڕێگەی ئەم هەڵمەتەوە دوورگەی کۆرسیکا بگرنەوە و بیخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بۆئەوەی ببێتە پێگەیەک بۆ فراوانخوازییەکانیان لە ئیتاڵیا و گال، هەروەها بەکاری بهێنێن بۆ پاراستنی ئەندەلوس لە هەر هێرشێک[١٠٥].

دوای شکستی موسڵمانانی ئەندەلوس لەسەر دەستی دانیشتووانی دوورگەی سەردینیا، کەشتیگەلی ئەندەلوس بەرەو دوورگەی کۆرسیکا بەڕێکەوتن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە شکستی پێشوویان، موسڵمانان ناچار بوون لە یەکێک لە بەندەرەکانی ئەم دوورگە بچووکە شەڕێکی توندی دەریایی بکەن. بەم شێوەیە خولی دووەمی شەڕ لەنێوان کەشتی ئەندەلوسی و کەشتی بورچارد، فەرماندەی سوپای شارلمان، کە پێشتر لە خولی یەکەمدا سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، دەستی پێکرد. لەم شەڕە تووندەدا، کەشتی کارۆلینجییەکان موسڵمانانی ئەندەلوسی سەرسام کرد و ناچاریان کردن بکشێنەوە و بورچارد بۆ دووەم جاری لەسەر یەک سەرکەوت بەسەر موسڵمانەکاندا و لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا موسڵمانان سیانزە کەشتییان لەدەست دا و ژمارەیەکی بێشوماریان لێ کوژرا، بەڵام موسڵمانان کۆڵیان نەدا و دوای تەواوکردنی هەموو ئامادەکارییەکانی جەنگ و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، جارێکی تر هێرشیان کردەوە سەر دوورگەی کۆرسیکا و بەبێ بەرگرییەکی بەرچاو دوورگەکەیان گرتەوە و بەم شێوەیە بۆ جاری دووەم دوورگەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانان، وەلێ پیپینی کوڕی شارلمان، توانی دووبارە دەریان بکاتەوە[١٠٦].

لە ساڵی (٨٠٩)ز موسڵمانانی باکووری ئەفریقا هەڵمەتێکی دەریاییان بۆ سەر دوورگەی سەردینیا ئەنجام دا، لەهەمان کاتدا موسڵمانانی ئەندەلوس هەڵیانکوتایە سەر کەناراوەکانی دوورگەی کۆرسیکا، وەک تۆڵەی ئەو شکستەی کە جاری پێشوو تووشی ببوون و توانییان ژمارەیەک خەڵک بە دیل بگرن. دواجار دوو لایەنەکە لە جەنگ بێزار بوون، کە زیانێکی زۆری بە هەردوولا گەیاندبوو، بۆیە ئەو دوو لایەنە ویستیان ئاگربەست لەنێوانیاندا ئەنجام بدەن. لە ئەنجامدا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٨١٠)ز هەردوو لایەنەکە ئاگربەستیان ڕاگەیاند[١٠٧]. ئەم ئاگربەستە کورتخایەن بوو و لە کۆتایی ساڵی (٨١٠)ز موسڵمانان دەستیان بە هێرشەکانیان بۆ سەر دوورگەی کۆرسیکا کردەوە، بەڵام دیسان ئاگربەستی دووەم لە ساڵی (٨١٢)ز ڕاگەیاندرا، وەلێ چارەنووسی ئەم ئاگربەستە لە پێشوو باشتر نەبوو، چونکە لەهەمان ساڵدا کەشتییە ئیسلامییەکان لە کەناراوەکانی ئەفریقا و ئەندەلوسەوە بەڕێکەوتن. ئامانجی موسڵمانان لەم هەڵمەتە دەریاییەدا، زەمینەخۆشکردن بوو بۆ داگیرکردنی ئیتاڵیا. کەشتیگەلی ئیسلامی بەسەر دوو بەشدا دابەشکرابوو: بەشی یەکەم ئەرکی هێرشکردنە سەر دوورگەی کۆرسیکای

پێ سپێردرابوو، بەشی دووەمیش ئەرکی هێرشکردنە سەر دوورگەی سەردینیای پێ سپێردرابوو. بەشی دووەم شکستی هێنا و خەڵکی سەردینیا توانییان ئەو موسڵمانانە بکوژن، کە لە کەنارەکانی دوورگەکە دابەزیبوون. هەرچی بەشی یەکەمی کەشتیگەلەکەیە، توانییان لە کەناراوەکانی کۆرسیکا داببەزن و غەنیمەتێکی زۆریان بەدەستهێنا و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان بەدیل گرت و نزیکبوو لەوەی دوورگەکە بکەوێتەوە دەستی موسڵمانان، بەڵام هاتنی پێداویستییە سەربازییەکان لەلایەن شارلمانەوە ڕێگریی لەم کارە کرد، بۆیە ناچار بوو بکشێنەوە و کاتێکیش هەوڵیان دەدا بکشێنەوە بۆ ئەندەلوس، ئێرمەنگاریۆس (Ermengarius)ی کونتی ئیمپۆریاتانۆس، بۆسەی بۆ دانان و شەڕێکی دەریایی توند لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا و فرانکەکان سەرکەوتن و هەشت کەشتی موسڵمانانیان دەست بەسەردا گرت، کە پتر لە پێنجسەد دیلی دوورگەی کۆرسیکایان هەڵگرتبوو[١٠٨]. ئەمەش دوا شەڕی دەریایی بوو لەنێوان موسڵمانان و فرانکەکان لە سەردەمی شارلماندا، کە بە شکستی موسڵمانەکان کۆتایی هات و شارلمان سەرکەوتوو بوو لە پاراستنی کۆرسیکا و نەیهێشت بکەوێتە دەست موسڵمانەکان[١٠٩].

# تەوەری هەشتەم: جەنگەکانی شارلمان دژی ئاڤارەکان

ئاڤارەکان کۆمەڵە گەلێکی سەر بە ڕەگەزی ئۆرال-ئەلتایک (Ural–Altaic) بوون و لە ئاسیای ناوەڕاستەوە کۆچیان کرد بۆ ئەوروپا و دوای ئەوەی لۆمباردەکان ڕۆیشتن بۆ ئیتاڵیا، لە حەوزی ناوەندی دانوب نیشتەجێ بوون[١١٠].

ئاڤارەکان لە ئەسپسواریی و بەکارهێنانی تیروکەواندا لێهاتوو بوون، بەڵام کۆسووڕێکی ڕامیاری جێگیریان نەبوو، چونکە هەر هۆزێک لەلایەن سەرکردەیەکەوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هۆزەکان دانیان بە سەرکردایەتیکردنی کەسێکدا دەنا کە بە خاگان ناو دەبرا[١١١].

ئاڤارەکان ماوەی سەدەی شەشەم و حەوتەمی زایینی، هەڵیانکوتایە سەر ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتییە و بولگاریا، تاوەکو ئیمپراتۆرەکانی بیزەنتییە ناچار بوون بڕە پارەیەکی زۆریان پێ بدات[١١٢]. ئەمەو زۆرێک لە هۆزەکانی سلاڤییان لە جەنگدا ژێردەستە کرد، بەم جۆرە بەهۆی شاڵاو و تاڵانکارییەکانیانەوە بۆ سەر دراوسێکانیان ببوونە مایەی ترس و هەڕەشە[١١٣].

ئاڤارەکان لە سەردەمی شارلماندا دەسەڵاتیان کەم ببووەوە و بولگارەکان و زۆرێک لە هۆزە سلاڤەکان سەربەخۆ ببوون، بەڵام هێشتا ئەوەندە بەهێز بوون کە بتوانن هەڕەشە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی شارلمان بکەن[١١٤].

مەترسییەکانی ئاڤارەکان جارێکی دیکە دەرکەوتنەوە، کاتێک دوکی باڤاریا لە ململانێیەکانی لەگەڵ شارلماندا داوای یارمەتی لێ کردن، بەڵام تا ساڵی (٧٨٨) ز، واتە لە کۆتایی شەڕی باڤاریا لەگەڵ فرانکەکاندا نەجوڵان و ڕەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوە بووبێت، کە چاوەڕێی ئەوە بوون کە دوای تەواوبوونی شەڕەکە هێرش بکەن[١١٥].

لە کۆتایی ساڵی (٧٨٨)ز، ئاڤارەکان هەڵمەتی خۆیان بۆ سەر فرانکەکان دەستپێکرد، ئەوان دابەشبوون بەسەر دوو بەشدا، یەکەمیان بەرەو سنووری باڤاریا ڕۆیشتن و لەسەر ڕووباری دانوب دەرکەوتن. لەکاتێکدا بەشی دووەم هاتە ناو فریولی، بەڵام ئەم دوو سوپایە لەلایەن کۆنتە فرانکییەکانەوە شکستیان هێنا، باڤارییەکانیش بەرەنگاریان بوونەوە و ناچاریان کردن پاشەکشە بکەن و زیانێکی زۆریان لێدان، ئەم وەڵامە لەلایەن باڤارییەکانەوە بووە هۆی

سەرسوڕمانی ئاڤارەکان، کە چاوەڕێی ئەوە بوون لەلایەن هاوپەیمانەکانی پێشوویانەوە پێشوازییان لێ بکرێت و هاوکارییان بکەن[١١٦].

سالّی دواتریش ئاڤارەکان بەهێزێکی گەورەوە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ هێرشکردنە سەر باڤاریا و لەم شەڕەدا شکستیان هێنا و فرانکەکان زۆرێکیان لێ کوشتن و ئەوانەی مابوونەوە لە کاتی هەڵاتنیان لە شەڕەکەدا، لە ڕووباری دانوبدا خنکان و شارلمانیش بە وریاییەوە چاودێری ئەم ڕووداوانەی دەکرد[١١٧].

شارلمان کە دەیوست ئاڤارەکان ملکەچ بکات، بڕیاری دابوو کە هەڵمەتێکی سزادان دەست پێ بکات، بەڵام پێشتر ویستی دانوستانیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەو مەبەستە لە سالّی (٧٩٠)ز لەگەڵ نێردەی ئاڤارەکان کۆبووەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە هیچ ئەنجامێکی ئەرێنییان لێ نەکەوتەوە، دواتر شارلمان هۆشداریی بۆ خاگان نارد، کە داوای لێ کرد مەسیحییەکانی نیشتەجێی ناوچەکە بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ئاڤارەکان لە هەموو ئەو زەوییانە بکشێنەوە، کە باڤارییەکان بانگەشەی خاوەندارێتییان دەکرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی نەبوو، ئەمەش وایکرد شارلمان خۆی هەڵمەتێکی سەربازیی لە دژی ئەوان ئامادە بکات[١١٨].

شارلمان لە سەرەتای هاوینی سالّی (٧٩١)ز سەرکردایەتیی یەکەمین هەڵمەتی خۆی لە دژی ئاڤارەکان کرد، بەو پێیەی هێزی ئاڤارەکان هێزی ڕێکوپێک نەبوون، شارلمان سوپاکەی دابەشکرد بەسەر چەند بەشێکدا، بۆئەوەی لە چەند شوێنێکەوە هێرش بکاتە سەر ئاڤارەکان. بەجۆرێک سوپاکەی بەسەر سێ لەشکردا دابەشکرد، کە لەشکری یەکەم شارلمان خۆی سەرکردایەتی دەکرد و لەشکری دووەم لە لۆمباردەکان پێکهاتبوو و کوڕەکەی پیپین سەرکردایەتی دەکرد، لەشکری سێیەمیش پێکهاتبوو لە هێزەکانی فریزی و سەکسۆن بە فەرماندەیی کونت تیۆدێریک، ئەمەو باڤارییەکان ڕاسپێردرابوون بە هێنانی پێداویستییەکانی سوپا، بۆیە باڤارییەکان پێداویستییەکانی سوپایان هەڵگرتبوو[١١٩].

لە سالّی (٧٩١)ز هەڵمەتەکە دەستی پێکرد و پاش ماوەیەکی کەم سوپاکانی شارلمان دەستی بەسەر قەڵا و شوێنە گرنگەکانی ئاڤارەکاندا گرت و هاتنە ناو وڵاتەکە، تا ئەو شوێنەی کە ڕووباری دانوب لەگەڵ ڕووباری ڕابدا یەکدەگرێتەوە، بەم جۆرە شارلمان نزیکەی نیوەی خاکی ئاڤارەکانی داگیرکرد و لەم هەڵمەتەدا زۆبەی ئاڤارەکان کوژران و هەندێکشیان هەڵاتن، ئەوەشی

نەیتوانی هەڵبێت بە دیل گیرا. ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی شارلمان هانی دا بەردەوام بێت لە شەڕ، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتایەک لەنێو ئەسپەکاندا ڕێگریی لە شارلمان کرد کە بەردەوام بێت، چونکە نەیدەتوانی بە هێزی پیادە بجوڵێت و دەکەوتە بۆسەی ئاڤارەکانەوە، بۆیە شارلمان کشایەوە. بەم شێوەیە هەڵمەتە گەورەکە شکستی هێنا و شارلمان لەو ساڵەدا نەگەیشت بە ئامانجەکەی. ئەمە بەو مانایە نەبوو شارلمان وازبهێنێت، بەڵکو زستانەکەی لە ڕیگنسبێرگ بەسەربرد و نیازی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتێکی دیکە دژی ئاڤارەکان لە ساڵی دواتردا، بەڵام پلانەکەی تێکچوو کاتێک سەکسۆنەکان ڕاپەڕین و شارلمان پیپینی کوڕی و ئیریێکی دوکی فریولی و جیرۆڵدی جێگری لە باڤاریا، ڕاسپارد کە سنوورەکان بپارێزن، دواتر هێزەکانی کۆکردەوە و بەرەو سەکسۆنیا بەڕێکەوت[١٢٠].

پیاوەکانی شارلمان سەلماندیان کە جێی متمانەن و پیپین بە هاوکاری دوک ئێریک، کە پلاندانەری ڕاستەقینەی هەڵمەتەکانی دژی ئاڤارەکان بوو، بۆ ژێردەستەکردنی ئاڤارەکان جوڵەی کرد و لە ساڵی (٧٩٥)ز هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئاڤارەکان و شکستی پێ هێنان[١٢١]. لە ساڵی دواتردا هێزەکانی شارلمان جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر ئاڤارەکان و چوونە ناو بازنەی گەورە، کە بە نۆ دیوار دەورە درابوو، پاشان وێرانیان کرد، دوای ئەوەی دەستیان بەسەر گەنجینەکانی ئاڤارەکاندا گرت، کە لە ماوەی دوو سەدەدا بەهۆی هێرش و تاڵانکارییاکانییەوە کۆیان کردبووەوە و لەوێ هەڵیانگرتبوو[١٢٢]. بەم شێوەیە شارلمان ئاڤارەکانی ملکەچ کرد، بەڵام ناچار بوو لە بەرانبەر سلاڤەکاندا بیانپارێزێت و بەرگرییان لێ بکات، چونکە ئەو ئاڤارانەی مابوونەوە، نەیانتوانی خۆیان بپارێزن[١٢٣]. شایەنی باسە ئاڤارەکان بە تێپەڕبوونی کات زۆربەیان بوونە مەسیحی و لەناو گەلانی ناوچەکەدا توانەوە. بەم چەشنە ئاڤارەکان لەناوچوون، کە بۆ ماوەی دوو سەدە سەرچاوەی ترس و تۆقین بوون بۆ ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست[١٢٤].

# تەوەری نۆیەم: جەنگەکانی شارلمان دژی سلاڤەکان

سلاڤەکان کۆمەڵە ڕەگەزێکی جۆراجۆری تێکەڵی سەر بە ڕەگەزی (هیندۆ-ئەوروپی) بوون و مێژووی ئەوان بۆ کۆنتر لە پێنج سەدە بەر لە زایین دەگەڕێتەوە[١٢٥].

سلاڤەکان دابەش ببوون بەسەر سێ بەشدا، ئەوانیش:

١. **سلاڤەکانی باشوور** کە دانیشتووانی دالمشیای نوێ و خەڵکی بۆسنە و سرب و کرواتەکان دەگرێتەوە.

٢. **سلاڤەکانی ڕۆژئاوا** کە لەنێوان ڕووباری دانوب و دەریای ئەدریاتیک نیشتەجێ ببوون، پۆڵەندی و چیکییەکان و مورافینەکان دەگرێتەوە.

٣. **سلاڤەکانی ڕۆژهەڵات**، کە گەلانی ڕووس و بیلاڕووس و ئۆکراینی لێ دروستبوو[١٢٦].

لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، سلاڤەکان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە لەلایەن توخمە ئاسیاییەکان و لە باکوورەوە لەلایەن توخمە جێرمانییەکانەوە فشاریان لەسەر بوو، بەهۆی ئەم فشارانەوە زۆرێکیان بوونە دیل و پاشان کۆیلە[١٢٧]. بە ڕادەیەک کە لە بەشێک زمانە ئەوروپییەکاندا پەیڤی کۆیلە لە پەیڤی سلاڤەوە وەرگیراوە[١٢٨].

پێش ئەوەی باسی جەنگەکانی شارلمان بکەین، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو خاکانەی سەردەمانێک لەلایەن گۆت و بورگەندی و لۆمبارد و هۆزەکانی دنی جێرمانییەوە داگیرکرابوون، دوای ئەوەی بەرەو باشوور ڕۆیشتن، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی سلاڤی دەستیان بەسەر بەشێک ئەو زەوییانەدا گرت کە بە بەتاڵی مابوونەوە. دواتر بەشێکی ئەم خاکانە لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە داگیرکرایەوە، کە یەکێکە لە پرۆسە سەرنجڕاکێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و بووە هۆی و فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەڵمانییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات[١٢٩].

دەتوانین بڵێین جەنگەکانی شارلمان دژی سلاڤەکان زەمینەخۆشکەری ئەو پرۆسەیەیە، چونکە لە سەردەمی شارلماندا داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن فرانکەکانەوە تەواو بوو و ناوبراو کۆسووڕێکی بەرگریی بۆ ئەڵمانیا دانا و دوای

نزیکەی سەد ساڵ کارئاسانی بۆ ئەڵمانییەکان کرد، کە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا فراوانخوازیی بکەن و هەوڵ بدەن خاکی خۆیان لە سلاڤەکان وەربگرنەوە.

لە ساڵی (٧٨٢)ز سلاڤەکانی سربیا، کە لەنێوان ڕووباری ئەلب و سالدا دەژیان، هێرشیان کردە سەر سورینجیا و سەکسۆنیا، چەندین شوێنی جۆراوجۆریان تاڵان کرد و سووتاند، شارلمان پەلەی کرد لە بەرپەرچدانەوەیان، بۆئەوەی سەکسۆنەکان بپارێزێت، بۆیە چەند جەنراڵ و سەرکردەیەکی خۆی نارد بۆ سزادانی دەستدرێژکاران، بەڵام لەو کاتەدا ڕاپەڕینی ویدکێند ڕوویدا و ئەوان دەستیان کرد بە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە[١٣٠].

سلاڤە وێڵتزەکان (Wiltzes)، کە لە دەرەوەی بەرزاییەکانی ئەلب دەژیان، هێرشیان کردە سەر سەکسۆنەکان و سلاڤە ئۆبۆتریتەکان، کە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، هاوپەیمانی شارلمان بوون و بەشدارییان لە جەنگەکانی دژی سەکسۆنەکان کردبوو، بۆیە شارلمان لە ساڵی (٧٨٩)ز هەڵمەتێکی سزایی لە دژی ئەوان ڕێکخست و کۆمەڵێک سەکسۆنیش بەشدارییان کرد و توانییان بەسەر وێڵتزەکان زاڵ بن، دوای ئەوەی سەرۆکێکی ئەوان ملکەچ بوو و ڕادەستبوونی خۆی ڕاگەیاند[١٣١].

کۆمەڵێکی سلاڤی دیکە، کە پێیان دەگوترا چیکەکان، لە بۆهیمیا نیشتەجێ ببوون و لە دژی ئەمانە شارلمان لە ساڵی (٨٠٥)ز-دا سوپای خۆی نارد و ناچاری کردن دان بە باڵادەستیی ئەودا بنێن و باجی پێ بدەن[١٣٢]. بەم جۆرە سلاڤەکانی باشووری لە بۆهیمیا و لەنێوان ساڵانی (٨٠٥-٨٠٦)ز-دا ژێردەستە کرد[١٣٣].

ماوەتەوە بڵێین کە لە سەردەمی شارلماندا تەنها یەک ڕاپەڕینی سلاڤەکان ڕوویدا، ئەویش ڕاپەڕینەکەی خێزانی ویلتز بوو لە ساڵی (٨١٢)ز، بەڵام بە ئاسانی سەرکوتکرا[١٣٤]. هۆکاری کەمیی ڕاپەڕین و یاخیبوونی ئاشکرای سلاڤەکان، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سلاڤەکان بەردەوام قوربانیی داگیرکەران بوون و پێناچێت توانای دژایەتیی سەرسەختانەی فرانکەکانیان هەبووبێت، ئەمەو بەشێک لە سلاڤەکان شارلمانیان وەک ڕزگارکەرێک سەیر دەکرد، کە هاتووە لە دەست ئاڤارەکان ڕزگاریان بکات[١٣٥].

## تەوەری دەیەم: جەنگەکانی شارلمان دژی بێزەنتییە و باکوورییەکان

سیاسەتی شارلمان لە ئیتاڵیا وای لێکرد لەگەڵ بیزەنتییەکان ڕووبەڕوو ببێتەوە، چونکە میراتگری تەختی لۆمبارد هاوپەیمانی بیزەنتییە بوو، کە شارلمان لە ساڵی (٧٨٨)ز ئەم هاوپەیمانییەی تێکشکاند و ئیستریا (Istria)ی داگیرکرد، کە سەر بە دەوڵەتی بیزەنتین بوو[١٣٦].

پاپاویەت بە تاجی سەر دانانی شارلمان[١٣٧]. وەک ئیمپراتۆری ڕۆمانی، ئەو پەیوەندییە لاوازەی پچڕاند کە بە ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتییەوەی دەبەستەوە. بەم جۆرە ئەوروپا لەنێوان دوو ئیمپراتۆرییەتدا دابەش بوو، کە ئیمپراتۆرییەتی فرانک-کارۆلینجی (شارلمان) لە ڕۆژئاوا و ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتییە لە ڕۆژهەڵات بوو، کە ئەمەش ململانێ و ناکۆکیی نێوان ئەو دوو زلهێزەی نوێکردەوە، چونکە بیزەنتینییەکان خۆیان بە تاکە کەس دەزانی، کە درێژەپێدەری ئیمپراتۆرییەت بن و نەیان دەویست ئیمپراتۆرێکی نوێ کێبڕکێیان لەگەڵدا بکات بۆ سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئەوروپی[١٣٨]، بۆیە شارلمان ناچار بوو شەڕ لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵات بکات، کە لە هەوڵدا بوو بۆ وەرگرتنەوەی ئیتاڵیا و کەشتییەکانی کەناراوەکانی ئیتاڵیایان وێران کرد و لایەنگرانی لە شارەکان، بە تایبەت لە ڤینیز، هەوڵیان دا یارمەتی ئیمپراتۆری ڕۆژهەلات بدەن، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان بێهودە بوو. دواجار لە ساڵی (٨١٢) ز ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵات میخایلی یەکەم (Michael I Rangabe) شارلمانی وەک ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا ناساند[١٣٩].

سەبارەت بە باکوورییەکان، یان ڕاستتر بڵێین دانیمارکییەکان، شارلمان ناچار بوو هەندێک لە هێرشی ئەوان بەرپەرچ بداتەوە[١٤٠]. بە تایبەت لە کۆتایی دەسەڵاتی ئەودا دانیمارکییەکان دەستیان کرد بە وێرانکردنی کەناراوەکانی دەسەڵاتی شارلمان، هەرچەندە دەوترێت شارلمان کەشتی دروستکردووە و قەڵاکانی لە دەمی ڕووبارەکاندا دامەزراندووە، بۆئەوەی ڕێگریی بکات لە داگیرکاریی باکوورییەکان، بەڵام پێدەچێت زۆر سەرکەوتوو نەبووبێت، چونکە لە دوای شارلمان لەشکرکێشییە گەورەکانیان دەستی پێکرد[١٤١].

# تەوەری یانزەیەم: جەنگەکانی دیکە و کۆچی دوایی شارلمان

شارلمان زۆربەی ماوەی حوکمڕانیی خۆی لە جەنگدا بەسەربرد[١٤٢]، بە جۆرێک لە کۆی (٤٦) ساڵی حوکمڕانیی شارلمان، تەنیا دوو ساڵ، کە ساڵەکانی (٧٩٠)ز و (٨٠٧)ز بوو، دووربوون لە هەڵمەتی سەربازیی[١٤٣]، بۆیە ئەو جەنگانەی پێشتر خستمانە بەر باس، تەنیا گرنگترین جەنگەکانی شارلمان بوو، بێگومان جەنگەکانی دیکەی شارلمانیش ماوە باس بکرێت، بەڵام لەو سەرچاوانەی لەبەردەستماندان بەهۆی کەم گرنگییانەوە، بە سەرپێیی ئاماژەیان پێکراوە، بۆیە ئێمەش بە ناچاریی بەکورتی و لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو:

١. شارلمان یەک هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر سورینجییەکان، کە پێشتر خرابوونەوە ناو دەوڵەتی فرانکەکانەوە[١٤٤]، بۆیە دەتوانین بڵێین ئامانجی ئەم هەڵمەتە سەرکوتکردنی یاخیبوونێکی سورینجییەکان بووە.

٢. شارلمان دوو هەڵمەتی سەربازیی کردە سەر بریتۆنەکان[١٤٥]، ئامانجی ئەم دوو هەڵمەتە ڕەنگە بۆ دڵنیابوونەوە بووبێت لە پابەندبوونی بریۆتەکان بە پێدانی باج.

٣. شارلمان لە ساڵی (٧٨٥)ز لە شاڵاوێکدا توانی بەسەر فریزییەکاندا سەربکەوێت و ملکەچیان بکات[١٤٦]. ئەمانیش پێشتر خرابوونەوە ناو شانشینی فرانکەکان و پێدەچێت شاڵاوەکەی شارلمان بۆ سزادانی ئەوان بووبێت، چونکە وەک لە جەنگەکانی سەکسۆندا باسمان کرد، دوای کۆمەڵکوژیی سەکسۆنەکان لە ڤێردن، فریزییەکان بەشداری ڕاپەڕینێکی سەکسۆنەکانیان کردبوو.

٤. فرانکەکان لە ساڵی (٨٠٩)ز و دوای ئەوەی ئەو بنکەیەیان لە دەرەوەی پیرینیس بەدەستهێنابوو، دەستیان بەسەر شانشینی مەسیحی ناڤاردا گرت، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە باسکەکان، کە لە شەڕی ڕۆنسڤۆکس لە ساڵی (٧٧٨)ز بەشی دواوەی سوپاکەی شارلمانیان لەناوبردبوو[١٤٧].

ماوەتەوە بڵێین، کە ئەو جەنگانەی شارلمان هەڵی گیرساند، یان بەشداری تێدا کرد، بووە هۆی زیادبوونی ڕووبەری خاکی فرانکەکان، تاوەکو ڕووبەرەکەی بە نزیکەیی بە قەبارەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوای کۆن بوو، کە ئەمە گەورەیی و شکۆمەندیی بۆ هێنا و لە چاوی هاوچەرخەکانیدا بوو بە خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتی ڕامیاری سەردەمی خۆی[١٤٨]. تەنانەت بەهۆی سەرکەوتنەکانی کە لەم جەنگانەدا بەدەستی هێنا، ناوی چارلزی گەورە، یان شارلمانی پێ برا[١٤٩].

لە کۆتاییدا شارلمان لە مانگی یەکی ساڵی (٨١٤)ز کۆچی دوایی کرد، بەڵام وێنەی فەرمانڕەوایەکی گەورەی لە مێشکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا چەسپاند و ناوێکی گەورە و ئەفسانەیەکی لەدوای خۆی بەجێهێشت[١٥٠].

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. شارلمان بەهێزترین کەسایەتیی سەردەمی خۆی بووە و لەلایەن هەندێک دیرۆکنووسەوە بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی پیرۆز دادەنرێت، هەروەها قۆناغی دەسەڵاتەکەی بە سەردەمێکی زۆر گرنگ لە مێژووی ئەوروپادا دادەنرێت.

٢. شارلمان سەرکردەیەکی سەربازیی لێهاتوو و بەتوانا بووە.

٣. بەشی زۆری سەردەمی شارلمان، مێژووی جەنگەکانە، بەجۆرێک کە لە کۆی (٤٦)ساڵی حوکمڕانیی شارلمان، تەنیا دوو ساڵ، کە ساڵەکانی (٧٩٠)ز و (٨٠٧)ز بوو، دوور بوون لە هەڵمەتی سەربازیی، کە ئەم هەڵمەتانە لەلایەن خۆی، یان کوڕەکانی، یاخود لەلایەن فەرماندەکانییەوە سەرکردایەتی دەکرا، کە زۆربەیان درێژەپێدەری هەڵمەتە سەربازییەکانی پاشاکانی پێش خۆی بوون.

٤. پاڵنەر و هۆکارەکانی شارلمان لە هەڵگیرساندن، یان بەشداریکردنی لە جەنگەکاندا، بریتیبوو لە: پاراستنی سنوورەکانی وڵاتەکەی، فراوانکردنی ڕووبەڕی دەسەڵاتەکەی، بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی.

٥. یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایکرد چارل نازناوی چارلی گەورە، یان شارلمانی لێ بنرێت، سەرکەوتنی بوو لە زۆربەی ئەو جەنگانەی کە تێیدا بەشداری کردبوو.

٦. بەهۆی جەنگەکانی شارلمانەوە ڕووبەری خاکی فرانکەکان دوو هێندە زیادی کرد، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕووبەرەکەی بە نزیکەیی بە قەبارەی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوای کۆن بوو.

٧. شارلمان سوودی لە ئایینی مەسیحی وەرگرت و بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و پاراستنی مەسیحییەکان، بەرگێکی ئایینی بە بەر جەنگەکانیدا کرد و پاڵنەر و مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی لە هەڵگیرسان و بەشداریکردنی لە جەنگەکاندا شاردەوە.

٨. کڵێسای کاسۆلیکی کە لە سەردەمی کلۆڤیسی یەکەمەوە هاوپەیمانی فرانکەکان بوو، هاوکاریی بەرچاوی شارلمانیان کرد لە جەنگەکاندا، بە تایبەت لە جەنگەکانی سەکسۆندا.

٩. جەنگەکانی شارلمان دژی لۆمبارد و سەکسۆنەکان بە گرنگترین و سەرکەوتووترین جەنگەکانی شارلمان دادەنرێن.

١٠. جەنگەکانی شارلمان دژی سەکسۆنەکان، کە پتر لە سی ساڵی خایاند، بە خوێناویترین و سەختترین و جەنگی شارلمان دادەنرێت، کە کات و توانا و پارە و پیاوێکی زۆری شارلمانی برد.

١١. دوای ماوەیەکی کەم لە مردنی شارلمان، ئەو ئیمپراتۆرییەتەی شارلمان دایمەزراندبوو، یاخود فراوانی کردبوو، کەوتە ناو گێژاوی ململانێ و جەنگی ناوخۆییەوە و بەخێرایی داڕما.

## توێژینەوەی پێنجەم:

# سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی هێنری یەکەمی پاشای ئەڵمانیا (٩١٩- ٩٣٦)ز

## پێشەکی

هێنری یەکەم، کە بە هێنری ڕاوکەریش ناسراوە، یەکێکە لە ناودارترین و کاریگەرترین پاشاکانی ئەڵمانیا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. ناوبراو سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەکەی بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئەڵمانیادا دادەنرێت.

ئەوەندەی لای ئێمە زانراو بێت، تا نها بە زمانی کوردی هیچ توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی هێنری یەکەم نەنووسراوە، ئەمەش هۆکار و پاڵنەری سەرەکییمان بوو لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە تا توێژینەوەیەکی تایبەتی لەسەر بنووسین.

لە کاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا تووشی چەندین گرفت و ئاستەنگ بووین، لەوانە نەزانینی زمانە ئەوروپییەکان، بە تایبەت زمانی ئەڵمانی کە پێمان وایە زۆرترین پەرتووک و توێژینەوەی لەسەر مێژووی هێنری یەکەم پێ نووسراوە، هەروەها یەکێکی تر لە گرفتەکان بەردەست نەبوونی بەڵگەنامە بوو، بێگومان گەر بەڵگەنامەکان بەردەست بوونایە، توێژینەوەکەی دەوڵەمەند دەکرد. ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ڕووناکییەک بخەینە سەر مێژووی هێنری یەکەم و سەردەمەکەی، هەروەها لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە خوێنەرانی کورد ئاشنای یەکێک لە بەناوبانگترین و کاریگەرترین پاشاکانی ئەوروپا لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بن، کە تا ئێستا تاکی کورد ئاشنایەتی بە مێژووی هێنری یەکەم و مێژووی زۆر کەسی ناوداری دیکەی سەدەکانی ناڤینی ئەوروپا نییە.

بەدەر لە پێشەکی و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا و لە چوار باسدا، هەوڵمان داوە کورتەیەک لە مێژووی ئەڵمانیا پێش هێنری یەکەم بخەینە ڕوو، لە بەشی دووەمدا و لە سێ باسدا هەوڵمان داوە لەبارەی سیاسەتی ناوخۆیی هێنری دووەمەوە بدوێین، لە بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکەدا، لە دوو باسدا هەوڵمان داوە سیاسەتی دەرەوەی هێنری، کە خۆی لە جەنگ و پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ داگیرکەر و دراوسێیەکانی ئەڵمانیادا دەبینێتەوە، بخەینە بەر باس.

هیوادارین ئەم توێژینەوەیە دەروازەیەک بە ڕووی توێژەرانی کورددا بکاتەوە و لە داهاتوودا لەسەر مێژووی کەسایەتییە کەم ناسراوەکانی دیکەی ئەوروپا توێژینەوە بکرێت و بە خوێنەرانی کورد ئاشنا بکرێت، تا کەڵک لە مێژووەکانیان وەربگرین.

لە کۆتاییدا ئەم توێژینەوەی ئێمە لە هەڵە و کەموکورتیی بەدەر نییە. هیوادارین خوێنەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم توێژینەوەیە بخوێننەوە و لە هەڵە و کەموکورتییەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

# بەشی یەکەم: مێژووی شانشینی ئەڵمانیا پێش هەڵبژاردنی هێنری یەکەم بە پاشا

## باسی یەکەم: پەیماننامەی ڤێردن و دەرکەوتنی ئەڵمانیا

ڕەچەڵەکی ماڵباتی کارۆلینجی دەگەڕێتەوە بۆ ئوستراسیا[١]و لە ماوەی ململانێی نێوان برۆنهێلدا (Brunhilda)و کلوتار (Chlothar II) ڕۆڵێکی گرنگیان بینی و یەکەم کەسی ئەم بنەماڵەیەش کە سەرۆکایەتیی کۆشکی[٢] گرتە دەست، پیپین (pepin) بوو[٣]. دواتر ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیە بە ناوی پیپینی کوڵە لە ساڵی (٧٥١)ز و لە کۆبوونەوەیەکدا خۆی بە پاشای فرانکەکان ناساند و دواتر ڕەزامەندیی پاپای بەدەستهێنا و چیلدێرکی سێیەم(Childeric III)ی دوا پاشای مێرۆڤینجییەکان لە تەختی پاشایەتی هێنایە خوارەوە و خۆی لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت[٤]. پیپین بەر لە مردنی لە ساڵی (٧٦٨)دا، دەسەڵاتەکانی خۆی لەنێوان دوو کوڕەکەیدا )شارلمان و کارلمان( دابەشکرد، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، کارلمان مرد و شارلمان بووە تاکە فەرمانڕەوا و کاری فراوانکردن و چەسپاندنی ئەو دەوڵەتەی کە شارل مارتل و پیپین بنیاتیان نابوو، کەوتە سەر شانی شارلمان[٥].

شارلمان بە پلەی یەکەم حەزی لە تەواوکردنی داگیرکاریی فرانکەکان بووە لە ئەڵمانیا، کە پاشایانی پێش خۆی دەستیان پێ کردبوو و بە پشتگیریکردنی چالاکانەی هەوڵەکانی مژدەدەرەکان توانیبوویان لە دەرەوەی ڕووباری ڕاین، ئەلمانیا[٦]و سورینجیا و باڤاریا کۆنترۆڵ بکەن و تەنانەت فریزییە سەرسەختەکان وردە وردە دەبوون بە مەسیحی و ملکەچی فرانکەکان دەبوون. تەنیا سەکسۆنەکان مابوونەوە، کە جارجار باجێکی پچڕپچڕیان بە دراوسێ بەهێزەکانیان دەدا، بۆیە دۆخەکە وای دەخواست کە پاشای گەنج بۆ فراوانکردنی ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکەی، ڕووبەڕووی سەکسۆنەکان ببێتەوە[٧]. ئەوە بوو شارلمان بۆ ماوەی سیوسێ ساڵ )٧٧٢ تا ٨٠٤(ز لە جەنگی سەکسۆنەکان بەردەوام بوو، کە دواجار ملکەچی کردن و بەزۆر کردنی بە مەسیحی. بەم جۆرە ئەڵمانیا خرایە ناو بازنەی ئیمپراتۆرییەتی فرانک )کارۆلینجی( و کێڵسای کاسۆلیکییەوە[٨]. لە (٢٨)ی کانونی دووەمی ساڵی (٨١٤)ز، شارلمان کۆچی دوایی کرد و لویسی خواپەرستی کوڕی، شوێنی گرتەوە، وەلێ کەسایەتیی لاوازی لویس کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر بەشبەشبوونی ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی،

به جۆرێک لاوازییەکەی هانی زۆربەی خەڵکی دا لێی یاخی بن و تەنانەت منداڵەکان و خزمەکانیشی لێی ڕاست بوونەوە و هەریەکەیان دەستیان بەسەر بەشێکی ئیمپراتۆرییەتەکەدا گرت و دەرەبەگەکانیش لە تەواوی وڵات پێشێلی دەسەڵاتەکانی ناوەندیان کرد[٩]. دوای مردنیشی ئیمپراتۆرییەتەکەی بۆ لوتەری کوڕە گەورەی بەجێهێشت و لوتەر دەبووایە بە هاوکاریی دوو براکەی تری، کە شارلی کەچەڵ و لویسی جێرمانی (ئەڵمانی) بوون، هەموو ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەت بەڕێوە ببات و براکانی وەک پاشاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یارمەتی بدەن، وەلێ براکانی بەوە ڕازی نەبوون یەکیان گرت و لە بەرانبەر سوپای تێکەڵکراوی خۆیاندا سوێندی بەڵێن و وەفادارییان بۆ یەکدی خوارد، بۆئەوەی هەموو سەربازەکانیشیان لە قسەکانیان تێبگەت، ناچار بوون سوێندەکەیان سەرەتا بە زمانی فرانکی ڕۆژئاوا بخۆن، دواتر بە زمانی فرانکی ڕۆژهەڵات دووپاتی بکەنەوە، کە تا ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆیەم زووانی فرانکی ڕۆژئاوا بۆ زووانی فەڕەنسی و زووانی فرانکی ڕۆژهەڵات بۆ زووانی ئەڵمانی گۆڕانی بەرچاویان بە خۆیەوە بینی[١٠].

شایەنی باسە هەردوو براکە لەساڵی (٨٤٣)ز-دا و دوای جەنگێکی ناوخۆیی یەک ساڵە، برا گەورەکەی خۆیان ناچار کرد لە پەیماننامەی ڤێردندا، کە بە یەکێک لە گرنگترین پەیماننامەکان لە مێژووی ئەوروپادا دادەنرێت، ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی دابەش بکات بەسەر سێ ناوچەدا، کە بەپێی پەیماننامەکە لویسی کەچەڵ هەرێمێکی پان و بەرینی بەرکەوت، کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بووە وڵاتی فەڕەنسای ئەمڕۆ، ئەو هەرێمەشی بەر لویسی ئەڵمانی کەوت ڕۆژگارێ بووە ئەڵمانیا، هەرچی لوسەرە هێڵێکی باریکی لەنێوان پاشایەتی بەربڵاوی دوو براکەی بۆ بەجێما، دواتر ئەم بەشە باریکە بووە مەیدانی زۆرانبازیی دوو پاشایەتییەکەی دیکە و تەنانەت وەک دەوڵەتێک ئاسەواری نەما و بووە ئامانجی زنجیرە جەنگێک، کە تا سەدەی بیستەم لەنێوان فەڕەنسا و ئەڵمانیا هەر بڵێسەی دەدا[١١].

لە ماوەی درێژخایەنی حوکمڕانیی لویسی ئەڵمانییدا (٨٤٠-٨٧٦)ز سەکسۆن و باڤاری و ئەلەمانی (سوابی) و فرانکەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز سەیر دەکرد و خۆیان بە بەشێک لە ئیمپراتۆرییەتی فرانک نەدەزانی[١٢]، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە لویسی ئەڵمانی یەکەم پاشای شانشینی ئەڵمانیایە و لە سەردەمی ئەودا ئەڵمانیا وەک یەکەیەکی ڕامیاری دەردەکەوێت.

## باسی دووەم: کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی کارۆلینجی لە ئەڵمانیا

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، ئەڵمانیا ئەو بەشە بوو کە لە پەیماننامەی ڤێردندا بەر لویسی ئەڵمانی کەوت، کە کوڕی دووەمی لویسی خواپەرست بوو، بەڵام کەسایەتییەکی لاوازیی هەبوو، کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیدا نە دەسەڵاتی گەیشتە بۆهیمیا، نە هەرێمی مورفیاشی بە تەواوی بۆ کۆنترۆڵکرا، تەنانەت بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحییەوە، مژدەدەرەکان چەند ناوچەیەکیان بەڕێوە دەبرد[١٣].

زۆربەی جێنشینەکانی لویسی ئەڵمانی لاواز و بێ توانا بوون. دەکرێت بڵێین تەنیا ئارنلوف (Arnulf of Carinthia) پاشایەکی بەهێز بووە. ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ بەهێزیی ئارنولف، سەرکەوتنی بێت لە بەرپەرچدانەوەی گەڤی باکوورییەکان لە وڵاتەکەی، ئەویش دوای ئەوەی لە ساڵی (٨٩١)ز باکوورییەکان هێرشیان کردە سەر ئەڵمانیا، بەڵام ئارنولف بەرپەرچی دانەوە و شکستێکی گەورەی بەسەردا هێنان، کە ئەم شکستە وانەیەکی سەخت بوو بۆ باکوورییەکان، بەجۆرێک کە دوای ئەوە هەوڵیان نەدا بچنە ناو سنوورەکانی ئەڵمانیا، یان میرنشینێکی سەربەخۆ لە خاکەکانیدا دابمەزرێنن، تەنیا چالاکییەکانیان لە هێرشکردنە سەر کەناراوەکان، بە تایبەت لە فریسیا و ڕاینی خوارەوە سنووردار بوو. بەم جۆرە ئارنولف سەرکەوتوو بوو لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی باکوورییەکان بۆ سەر ئەڵمانیا[١٤].

لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ئارنولف دەبوو بەرگریی لە شانشینەکەی بکات و ڕووبەڕووی دەسەڵاتێکی نوێ ببێتەوە، ئەو دەسەڵاتە نوێیەش مۆراوییەکان (Moravians) بوون، کە بە سەرکردایەتیی سڤاتۆپلووکی یەکەم (Svatopluk I) ئیمپراتۆرییەتێکی بەهێزیان دامەزراندبوو، کە ببووە ناوەندێکی گەورەی سلاڤەکان و هەڕەشەیان لە سنوورەکانی ئەڵمانیا دەکرد. ئارنولف لەگەڵ بولگارییەکان و هەنگارییەکان هاوپەیمانیی کرد لە دژی مۆراوییەکان، ئەوە بوو لە ساڵانی (٨٩٢-٨٩٣)ز ئارنولف هێرشی کردە سەر خاکەکەیان، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنا و مەترسییەکانیان مایەوە تا لە ساڵی (٨٩٤) ز سڤاتۆپلووک مرد و کوڕەکانی کەوتنە شەڕەوە و ئیمپراتۆرییەتەکە پارچە پارچە بوو، بەجۆرێک کە چیتر سەرچاوەی مەترسی نەبوو بۆ ئەڵمانییەکان،

بەڵام هەنگارییەکان بەردەوام بوون لە هەڵکوتانە سەر مۆراوییەکان[١٥]، تا لە کۆتاییدا ئیمپراتۆرییەتەکەیان ڕووخاند و خاکەکەیان داگیرکرد و سلاڤەکان خرانە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرێکی نوێ، کە لەگەڵ داگیرکەرەکانی پێشوویان (هون و ئاڤار) جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو[١٦].

ئارنولف دوای ئەوەی کاروباری ناوخۆی ڕێکخستەوە و سەرکەوتوو بوو لە پاراستنی شانشینەکەی لە هێرشە دەرەکییەکان، وەک بەتواناترین فەرمانڕەوا لە باکوور ناسێندرا و پاشاکانی دیکەی ناوچەکانی کارۆلینجی داوای دانپێدانانیان لێکرد و پێدەچێت وەک گەورەی خۆیان سەیریان کردبێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە پاپا فۆرمۆسۆس بەهۆی ململانێ ڕامیارییەکانی نێوان شازادەکانی ئیتاڵیا لە ساڵی (٨٩٤)ز پاشای ئەڵمانیای بانگهێشت کرد، بۆئەوەی دەستتێوەردان بکات لە ئیتاڵیا[١٧]، ئارنولفیش هەلەکەی قۆستەوە و هەڵمەتێکی سەربازیی دەستپێکرد و شارەکانی باکووری ئیتاڵیای داگیرکرد، دواتر بەهۆی هەندێک کێشەوە کە ڕووبەڕووی بووەوە، ناچار بوو بگەڕێتەوە ئەڵمانیا[١٨]، ساڵی دواتریش دووەم هەڵمەتی بۆ ناو ئیتاڵیا ئەنجام دا و دوای چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەک چووە ناو ڕۆما و لەلایەن پاپا فۆرمۆسۆسەوە لە ساڵی (٨٩٦)ز تاجی ئیمپراتۆری لەسەر دانرا، بەڵام ئارنولف وەک زۆرێک لە داگیرکەرانی دیکەی ئەڵمانی لە ئیتاڵیا، تووشی نەخۆشی بوو و ناچار بوو بەپەلە بگەڕێتەوە ئەڵمانیا[١٩].

هەر کە ئارنولف کشایەوە، ئیتاڵیا بوو بە گۆڕەپانی ململانێیەکی نوێ، وەلێ هەر زوو ڕکابەرەکان ئاشتییان کرد و بەبێ گوێدانە ئیمپراتۆر، دەسەڵاتی ئیتاڵیایان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد و ئارنولفیش لە ساڵی (٨٩٩)ز کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی بە ناوی لویسی منداڵ (Louis the Child)، کە ئەوکات تەمەنی تەنیا حەوت ساڵ بوو، شوێنی گرتەوە و سەرۆکی قەشەکانی ماینزیش بە ناوی هاتۆ (Hatto I) بوو بە ڕاسپێردراو بەسەر تەختی شاهانەوە و بە هاوکاری ژمارەیەک قەشە کاروباری شانشینەکەی بەڕێوە دەبرد[٢٠]. ئەم قەشانە و قەشەکانی دیکەی ئەڵمانیاش ماڵ و سامانێکی زۆریان پێکەوە نا و هەژموونی خۆیان زێدەتر کرد و بەرەنگاریی میرەکان دەبوونەوە، بۆئەوەی ئاواتە ڕامیارییەکانی خۆیان بەدی بهێنن، بەڵام نەیانتوانی بەرگریی لە وڵاتەکە بکەن و لەبری ئەوان میرەکان بەرپرسیارێتی پاراستنی ناوچەکانی خۆیان لە

ئەستۆ گرت و لە هەوڵی قۆرخکردنی دەسەڵاتدا و بەهۆی بەردەوامبوونی شەڕ و ناکۆکییەکان، پۆستی دوک و کۆنتەکان بوونە بۆماوەیی و سەردەمی دەسەڵاتی لویسی منداڵ، بە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دەرەبەگایەتی لە ئەڵمانیا دادەنرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ئەو یانزە ساڵەی کە لویسی منداڵ بە ناو فەرمانڕەوایی وڵات بوو، یەکێک بوو لە تاریکترین سەردەمەکانی مێژووی ئەڵمانیا و جەنگە ناوخۆییە درێژخایەن و خوێناوییەکان زیانێکی زۆریان بە وڵات گەیاند[٢١].

لەوکاتەی ئاغاکان کەوتبوونە وێزەی یەکتر، باکوورییەکان، بە تایبەت دانیمارکییەکان و وێندەکان (Wends)و هەنگارییەکان هێرشیان کردە سەر سنوورەکان[٢٢]، تەنانەت هەنگارییەکان دوای ئەوەی بەشێکی دەشتی لۆمبارد بەڕوویاندا داخرا، هێرشەکانیان بۆ سەر ئەڵمانیا دوو هێندە کرد[٢٣] و هاتنە ناو قوڵایی ئەڵمانیاوە، ئەویش دوای ئەوەی کە هەنگارییەکان لە ساڵی (٩٠٧)ز-دا شکستێکی گەورەیان بەسەر هێزەکانی باڤاریادا هێنا و لویتپۆڵدی دوکی باڤاریا و سەرۆکی قەشەکانی سالزبۆرگ و ئەسقەفەکانی فرایزنگ و سپێنییان کوشت.

ساڵی دواتریش چوونە ناو سورینجیا و دوکەکەی و ئەسقەفی وارزبۆرگیان کوشت، ئەمەش وایکرد لویسی زارۆک، کە تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ، خۆی بچێتە مەیدانەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەی هەنگارییەکان، ئەوە بوو باڤاری و سوابی و فرانکۆنییەکان لەژێر سەرکردایەتیی پاشادا کۆبوونەوە، بەڵام هەموویان شکستیان هێنا[٢٤]. بەم جۆرە هەنگارییەکان گازیان لە قووڵایی ئەڵمانیا گرت و زیانێکی زۆریان بە دوکایەتییەکان گەیاند و لە ساڵی (٩١٠)ز ئاشتی بە نرخێکی گران کڕدرا و ساڵی دواتر لویسی زارۆک لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا مرد[٢٥].

بە مردنی لویسی زارۆک لە ساڵی (٩١١)ز-دا، دەسەڵاتی بنەماڵەی کارۆلینجییەکان لە ئەڵمانیا کۆتایی هات[٢٦]. گەر سەردەمی لویسی زارۆک لە یەک دێڕدا کورت بکەینەوە، ئەوا هیچ دێڕێک لەم دێڕە باشتر نابێت، کە بەشێکە لە نووسینی یەکێک لە قەشەکانی هاوچەرخ، کە دەربارەی سەردەمی لویسی زارۆک نووسیویەتی: **ئاخ بۆ ئەو وڵاتەی کە کوڕێک پاشای بێت!**[٢٧]

## باسی سێیەم: بەشبەشبوونی شانشینی ئەڵمانیا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەم و سەرەتای سەدەی دەیەمی زاییینیدا

کاتێک شارلمان ئەڵمانیای داگیرکرد، هەموو هۆزەکانی ئەڵمانیای کۆکردەوە و یەکە و کۆسوورێکی بەرگریی هاوبەشی دامەزراند، بۆئەوەی لە مەترسییە دەرەکییەکان بیانپارێزێت، بەڵام لە سەردەمی جێنشینەکانیدا ئیمپراتۆرییەتی کارۆلینجی ڕووخا و یەکگرتوویی ئەڵمانیاش هەڵوەشایەوە[٢٨]، بەجۆرێک لە شانشینی ئەڵمانیادا هیچ حکومەتێکی ناوەندیی نەبوو، بەڵکو دابەشبوونە کۆنەکانی نێوان هۆزەکان کەم، یان زۆر بەردەوام بوو[٢٩]، چونکە هۆزە ئەڵمانییەکان وەک ئەسینایی و سپارتییەکانی یۆنانی کۆن نەیاندەتوانی پێکەوە بژین[٣٠]. ئەم هۆزانەش بریتیبوون لە: سوابی، باڤاری، سەکسۆن، سورینجی و فریزی[٣١]، کە بەپێی نەریتی خۆیان دەژیان و دوژمنی یەکتر بوون، بەڵام ئامادە بوون لەژێر ئاڵای پاشاکانیاندا دژی دانیمارکییەکان، یان دژی دانیشتووانی ڕۆژهەڵات، کە زۆربەیان سلاڤ بوون، بجەنگن[٣٢].

چوار لەم هۆزانە خاوەن دوکایەتیی خۆیان بوون، ئەوانیش دوکایەتیی باڤاریا لە باشووری ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاوای باڤاریاش دوکایەتی سوابیا هەبوو، لە باکووری سوابیاش و لە کەناری ڕاستی ڕووباری ڕاین دوکایەتیی فرانکۆنیا هەبوو، کە خاکی فرانکەکانی ڕۆژهەڵات بوو، کە بۆ خاوەندارێتی ئەم دوکایەتییە، کێبڕکێیەکی درێژخایەن لە ساڵانی سەرەتای سەدەی دەیەمدا بەڕێوەچوو. دوکایەتیی سەکسۆنیاش، کە نوێترین دوکایەتی بوو، کەوتبووە بەشی باکووری ئەڵمانیا و خاکی سورینجییەکانیشی (سورینجیا)ی لەخۆ گرتبوو. فریزییەکانیش هیچ ڕێکخراوێکی ڕامیاریی پتەویان نەبوو[٣٣]. جیا لەم چوار دوکایەتییە، دوو دوکایەتی تر هەبوون بە ناوەکانی دوکایەتیی لۆرینی سەرەوە و دوکایەتیی لۆرینی خوارەوە[٣٤]، بەڵام لە هەندێک سەرچاوەکاندا بە یەک دوکایەتی دانراوە و ئاماژە بەوە کراوە، کە دوکایەتیی لۆتارینجیا پێنجەم دوکایەتی بووە و جیاوازە بووە لە چوار دوکایەتییەکەی تر، چونکە بنەچەیەکی خێڵەکی نەبووە، بەڵکو وەک ئەوەی بە ناوەکەیشیدا دیارە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لۆتاری دووەم، کە شانشینییەکەی ئەم دوکایەتییەی لەخۆگرتبوو[٣٥]. جیاوازییەکەی دیکەی ئەم

دوکایەتییەش ئەوە بوو، کە هەندێک جار لە ئەڵمانیا جیا دەبووەوە و دەچووە ناو شانشینی فەڕەنساوە، بەڵام هەر کاتێک ملکەچی فەرمانڕەوای ئەڵمانیا دەبوو، لەگەڵ چوارەکەی تردا دوکایەتی پێنجەمی پێکدەهێنا[٣٦].

شایەنی باسە، ئەم دوکایەتییانە کە بەهۆی بێتوانایی و لاوازیی فەرمانڕەواکانی کارۆلینجی لە بەرپەچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکان دەرکەوتن و گەشەیان کرد، بەجۆرێک کە زۆری نەخایاند دوکەکان هەموو ئەرکە حکومییەکانیان گرتە ئەستۆ و دەسەڵاتی پاشایەتی وردە وردە بۆ دوکەکان گواسترایەوە و هەریەکێک لەم دوکایەتییانە شانشینییەکی بچووک بوون و فەرمانڕەواکەی لەناو خاکەکەیدا نزیکەی هەموو دەسەڵاتەکانی پاشایەکی هەبوو[٣٧]، بەجۆرێک هەر دوکێک خاوەنی دەربارە و بەرپرس و سوپای خۆی بوو[٣٨]، کە بەهێزترین دوکایەتییان سەکسۆنیا بوو، کە بەپێچەوانەی باشووری ئەڵمانیاوە، هێشتا کاریگەریی کۆسووڕی دەرەبەگایەتی لەسەر نەبوو، بەڵکو خاکی خاوەن زەوییە ئازادەکان بووە، کە بە سەربازی بەهێز و دڵسۆز ناسرابوون[٣٩]. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەم پێنج دوکایەتییە پێنج دەوڵەت بوون لەناو یەک دەوڵەتدا.

ماوەتەوە بڵێین، کە چەندین هۆکار لە پشت دەرکەوتنی ئەم دوکایەتییانەوە هەبوو، کە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. نەبوونی سەرکردەیەکی گەورە و لێهاتوو وەک شارلمان، کە ببێتە هۆکاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکگرتوو.

٢. سروشتی جوگرافی ئەڵمانیا هۆکارێک بوو، کە ئەڵمانیا بە نایەکگرتوویی بمێنێتەوە، چونکە ناوچەکانی ئەڵمانیا جیاوازی گەورە و بەرچاویان لەگەڵ یەکتر هەبوو، بۆ نموونە ئەگەر بەشی باکووری ئەڵمانیا دەشتێکی تەخت بێت، ئەوا بەشی باشووری شاخاوییە، هەروەها ڕووبارەکانی باکوور دەڕژێنە ناو دەریای باکوور، یان دەریای بالتیک، کە ئەمەش هانی خەڵکی دەدا بە ئاڕاستەی باکوور بڵاوببنەوە، ئەمەو ڕووبارەکانی باشوور بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەڕژێن، بۆیە خەڵکی ئەوێ بەم دوو ئاڕاستەیە بڵاودەبوونەوە. بەم چەشنە ئەم هۆکارانە یارمەتیدەر بوون بۆ پاراستنی جیاوازی نێوان هۆزەکانی ئەڵمانیا.

٣. بوونی دەیان سەرکردەی سەربازیی جەنگاوەر و بوێر، کە هیچیان ئامادەن نەبوون مل بۆ یەکتر کەچ بکەن[٤٠].

# باسی چوارەم: شانشینی ئەڵمانیا
# لە سەردەمی کۆنرادی یەکەمدا (٩١١-٩١٨)ز

لویسی منداڵ لەساڵی (٩١١)ز کۆچی دوایی کرد و هیچ نێرێک لە ماڵباتی کارۆلینجی لە ئەڵمانیا نەمابووەوە کە شوێنی بگرێتەوە، لەم نێوەندەدا ئەڵمانییەکان دوو بژاردەیان هەبوو، یان تاجی ئەڵمانی پێشکەش بە پاشای فەڕەنسا، چارلزی سادە (Charles the Simple) بکەن، تاکە کەس بوو لە بنەماڵەی کارۆلینجییەکان، کە دەیتوانی تاجی ئەڵمانی وەربگرێت، یان دوکەکانی ئەڵمانیا یەکێک لە خۆیان هەڵبژێرن بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکە، دواجار دوای مشتومڕێکی زۆر، بڕیاریان دا یەکێک لە خۆیان هەڵبژێرن[٤١].

لە سەرەتادا سەکسۆنەکان و فرانکەکان تاجەکەیان پێشکەش بە ئۆتۆی دوکی سەکسۆنیا کرد، کە بەهێزترین پیاو بوو لە ئەڵمانیادا، وەلێ پیر بوو و ئامادە نەبوو ئەو بارگرانییە نوێیە بخاتە سەر شانی خۆی[٤٢]. دواتر دوکەکانی فرانکۆنیا، سەکسۆنیا، سوابیا و باڤاریا یەکتریان بینی و لە ساڵی (٩١١)ز-دا کۆنرادی یەکەمی دوکی فرانکۆنیایان هەڵبژارد، بۆئەوەی ببێتە پاشای ئەڵمانیا[٤٣]. لەم هەڵبژاردنەدا جگە لە دوکەکان، سەرۆکی قەشەکانی ماینز و کۆڵن، بەشدار بوون[٤٤]. بەشداریی کڵێسا لەم هەڵبژاردنەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوای مردنی لویسی زارۆک، کڵێسا بۆی دەرکەوت کە سەلامەتیی موڵکەکانیان بەندە بە بوونی پاشایەکی بەهێزەوە، چونکە لە سەردەمی دەسەڵاتی لویسی زارۆکدا، دوکەکان و تەنانەت ئاغا بچووکەکانیش دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی کڵێسادا گرت، بۆیە کڵێسا پاشایەکی بەهێزی دەویست، کە تەماحی دوکەکان سنووردار بکات[٤٥]. هەرچی دوکەکانیشە کە دژی پاشایەکی بەهێز بوون، بەڵام بەدوای سەرکردەیەکی نیشتمانیدا دەگەڕان، بۆئەوەی بەرپەرچی هێرشەکانی هەنگارییەکان بداتەوە. بەم شێوەیە هەڵبژاردنی پاشا لە ئەڵمانیا بوو بە هەڵبژاردن، کە شازادە و قەشە سەرەکییەکان تێیدا بەشدارییان لە هەڵبژاردندا دەکـرد[٤٦]. شایەنی باسە ئـەم پڕۆسەیەش لە دابونەریتی کۆنی ئەڵمانەکان بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایەک سەرچاوەی گرتووە، کە لەم کاتە بەدواوە، هەڵبژاردن زۆرجار جێبەجێ دەکرا، چونکە دەسەڵاتی زۆرتری دەدا بە ئاغاکان[٤٧].

ڕەنگە جیا لە کۆنراد، بەربژێری تریش هەبووبێت بۆئەوەی بە پاشای ئەڵمانیای هەڵبژێرن، بەڵام دواجار کۆنراد بە پاشا هەڵبژێردرا، گرنگترین هۆکارەکانی هەڵبژاردنی کۆنراد بە پاشا، ئەمانەن:

١. پێشتر باس لەوە کراوە، کە لە سەردەمی ئارنولفەوە کۆنراد دەسەڵات و هەژموونی هەبووە[٤٨].

٢. کۆنراد خزمایەتی لەگەڵ پاشایانی کارۆلینجی لە ئەڵمانیا هەبووە، بەو پێیەی برای ئۆتا (Ota)ی هاوسەری ئارنولف و دایکی لویسی زارۆک بوو، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەسقەفەکان و قەشەکاندا هەبووە، بە تایبەت قەشەی ناوچەیماینز، کە لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار بووە[٤٩].

٣. هەرچەندە ئۆتۆی دۆکی سەکسۆنیا ڕەتی کردەوە ببێتە پاشا، بەڵام لەژێر کاریگەریی ئەودا کۆنرادی دوکی فرانکەکانی ڕۆژهەڵات، وەک پاشا هەڵبژێردرا[٥٠].

دوای ئەوەی کۆنراد بە پاشای ئەڵمانیا هەڵبژێردرا، ڕووبەڕووی دژایەتیی ناوخۆیی بووەوە، چونکە لەو سەردەمەدا هەڵگری تاجی ئەڵمانیا ڕووبەڕووی دوژمنایەتی دووانەیی ناوچەگەریی و خێڵگەرایی دەبووەوە و هەرکاتێک پیاوێکی ئەندامی هۆزێک، کە بە پاشا هەڵدەبژێردرا، دەبوو ڕووبەڕووی دژایەتیی هۆزەکانی دیکە ببێتەوە[٥١].

لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆنرادی یەکەمدا دوکایەتیی لۆرین جیابوونەوەی خۆی لە ئەڵمانیا ڕاگەیاند و پەیوەندی بە فەڕەنساوە کرد، کۆنراد هەوڵی دا لۆرین بگەڕێتەوە سەر ئەڵمانیا، بەڵام شکستی هێنا[٥٢].

دوکەکانی دیکەی ئەڵمانیاش ملکەچی دوکی فرانکۆنیا نەبوون. سەرکردەی سەرەکییان هێنری دۆکی سەکسۆنیا بوو، کە بە ئاشکرا سەرپێچی لە پاشا کرد و کۆنرادیش نەیتوانی بەسەریدا زاڵ ببێت. لە بەرانبەر دوژمنایەتی ئاشکرای هەموو ئاغاکاندا، کۆنراد هەوڵی دا بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی کێڵسا، پشتگیری لە دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی بکات، تەنانەت سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی ئیمپراتۆریشی بەخشی بە نوێنەری پاپا، وەلێ هیچ سوودێکی ئەوتۆی نەبوو[٥٣].

جێی گوتنە، کۆنراد چەندین هەوڵەی دیکەی دا، بۆئەوەی دوکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتگیر شکستی هێنا[٥٤]و ناچار بووە دوکەکانی سەکسۆنیا و سوابیا و باڤاریا وەک هاوتای خۆی بناسێت[٥٥].

هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە ئەو سەر بە بنەماڵەیەکی شاهانە نەبوو، بەڵکو پێشتر دوکێک بوو وەک دوکەکانی دیکە، ئەمەش وایکرد دوکەکان لە دەسەڵاتی ناوەندیی دووربکەونەوە و مەیلی جیابوونەوە لە بەشە جیاوازەکانی ئەڵمانیادا بەهێزتر ببێت و جەنگە ناوخۆییەکان و ڕاپەڕینەکانی ناوخۆ زۆرتر بن[٥٦].

هەرچی هەنگارییەکانە وەک هاوپەیمانیی ئارنولفی دوکی باڤاریا سالآنە ئەڵمانیایان وێران دەکرد، بۆ نموونە لە ساڵی (٩١٢)ز سورینجیا و فرانکۆنیایان وێران کرد، هەروەها لە ساڵی (٩١٣)ز باڤاریا و لە ساڵانی (٩١٥- ٩١٦)ز ئەلەمانیا و سورینجیا و سەکسۆنیایان وێران کرد و لە ساڵی (٩١٧)ز-یش تا لۆرین چوونە ناوەوە، بەڵام لەوێ شکستیان هێنا، کۆنرادیش لە ساڵی (٩١٩)ز لە دژی ئارنولف و هاوپەیمانە نوێیەکانی چووە ناو باڤاریا، بەڵام لە هەڵمەتێکدا بریندار بوو، کە دواتر بەهۆی ئەم برینەوە مرد[٥٧]. بەم جۆرە کۆنرادی یەکەم کۆچی دوایی کرد، بەبێ ئەوەی دوکایەتیی لۆرتاریجیا بگەڕێنێتەوە، یان دوکەکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، یاخود ئەڵمانیا لە هێرشەکانی هەنگاریا بپارێزێت[٥٨]، تەنانەت خۆشی پێش مردنی درکی بەو ڕاستییە کردبوو، هەر بۆیە لەسەر جێخەوی مردنەکەی، ڕکابەرە سەرسەختەکەی، کە هێنری دوکی سەکسۆنیا بوو، دەستنیشان کرد، بۆئەوەی وەک پاشا هەڵبژێردرێت، چونکە پێی وابوو کە ئەڵمانیا پێویستی بە هەڵبژاردنی پاشایەکی بەهێزە، بۆئەوەی لەو زەلکاوە دەریبهێنێت کە تێی کەوتووە[٥٩].

# بەشی دووەم: سیاسەتی ناوخۆیی هێنری یەکەم

## باسی یەکەم: کەسایەتیی هێنری و هەڵبژاردنی بە پاشای ئەڵمانیا

هێنری کەسایەتییەکی وزەبەخشی هەبووە، هەروەها کەسێکی زیرەک و شارەزای سیاسەت بووە، ناوبراو لە ساڵی (٨٧٦)ز لەدایک بووە، باوکی ناوی ئۆتۆ بووە و دوکی سورینجیا بووە لە ساڵی (٨٨٨)ز بووەتە دوکی سەکسۆنیا، پاشان دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٩١٢)ز، هێنری شوێنی باوکی گرتەوە و بووەتە دوکی سەکسۆنیا، وەک باس دەکرێت هێنری هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە خەونی ئەوە بووە ببێتە پاشا و تەنانەت لە سەردەمی کۆنرادیشدا هەوڵی بۆ ئەوە داوە[٦٠].

پێش ئەوەی دەربارەی هەڵبژاردنی هێنری یەکەم بە پاشای ئەڵمانیا بدوێین، پێمان باش بوو ئاماژە بەوە بکەین، کە هێنری یەکەم لە مێژوودا بە هێنری ڕاوکەریش ناسراوە. لەنێو توێژەران و دیرۆکنووساندا بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە پێدانی نازناوی ڕاوکەر بە هێنری یەکەم، لە خوارەوە هەوڵدەدەین گرنگترین ئەو بۆچوونانە بخەینە ڕوو:

١. دەوترێت کاتێک نێردراوەکان هەواڵی هەڵبژاردنی دوکی گەنجیان بە پاشای ئەڵمانیا بە هێنری ڕاگەیاندووە، ئەو لەو کاتەدا لە چیای هارس خەریکی ڕاوکردن بووە، هەر بۆیە نازناوی ڕاوکەری پێ دراوە[٦١].

٢. مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەڕاست بە هێنرییان دەگوت هێنری ڕاوچی، چونکە خولیای ڕاوکردنی هەبووە[٦٢].

٣. زۆر کەس پێیان وایە هێنری دوای ماوەیەکی زۆر ئەم نازناوەی وەرگرتووە، پاش ئەوەی توانی بەسەر هەنگاری و سلاڤەکاندا سەربکەوێت، نازناوی ڕاوکەری بەسەردا براوە[٦٣]. هەرچی ئێمەشە پێمان وایە ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیکترینە.

شایەنی باسە ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاراستەیە ڕۆیشتن، کە کۆنراد ویستبووی[٦٤]، چونکە دوای مردنی کۆنراد لە کانوونی دووەمی ساڵی (٩١٨)ز دەسەڵاتدارەکان لە پەیوەندیدا بوون، تا لە کۆتاییدا لە مانگی ئایاری ساڵی (٩١٩)ز و لە کۆبوونەوەیەکدا لە فریتزلار گەورەکانی فرانک هێنری یەکەمیان هەڵبژارد، بۆئەوەی ببێتە پاشا، کە لەلایەن فرانک و سەکسۆنەکانی ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکەدا پێشوازیی لێکرا، بەڵام پێناچێت باڤاری و سوابییەکان بەشداری ئەم کۆبوونەوەیەیان کردبێت، ڕەنگە هەر لەهەمان ساڵدا و پێش ڕووداوەکانی فریتزلار، یان دوای ڕووداوەکانی فریتزلار، ئارنولفی باڤاریا کراوە

به پاشا، بەڵام ئارنولف نازناوی شاهانەی بەکارنەهێنا، چونکە زۆری نەخیاند، کە بە شێوەیەکی فەرمی ملکەچی هێنری یەکەم بوو. هەرچەندە ئارنولف نەبووە پاشا، بەڵام بە کردەوە تا مردنی لە ساڵی (٩٣٧)ز پاشای باڤاریا بوو[٦٥].

هەندێک نڤیسەر پێیان وایە، کە گواستنەوەی دەسەڵات لە فرانکەکانەوە بۆ سەکسۆنەکان، گرنگییەکی زۆری هەیە، تا ئەو ڕادەیەی کە بە وەرچەرخانێکی گەورە لە مێژووی نەتەوەی ئەڵمانیا دادەنرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی لویسی ئەڵمانی و ئارنولفدا دەوڵەتێکی ئەڵمانی سەربەخۆ دامەزرابوو، بەڵام دەسەڵات لە دەستی فرانکەکاندا مایەوە، تا ئەوکاتەی کۆنرادی یەکەم مرد، بۆیە تا سەردەمی هێنری سیمایەکی فرانکی زاڵ بووە، نەک سیمایەکی ئەڵمانی، بەڵام لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دوکی سەکسۆنیا، دەسەڵاتی پاشایەتی بە کەسێتیی تەنیا ئەڵمانی دەستی بە دەرکەوتن کرد، چونکە سەکسۆنەکان زۆرترین پەیوەستی و پابەندبوونیان بە میراتی کۆنی جێرمانییەوە هەبوو، هەروەها ڕەچەڵەکی ماتیلدا[٦٦]، هاوسەری هێنری دەگەڕایەوە سەر ویدوکیندی سەرکردەی گەورەی سەکسۆنەکان، کە دژی شارلمان جەنگابوو، ئەڵمانییەکان هەستیان دەکرد کە جارێکی تر پاشایەکی ڕاستەقینەی ئەڵمانییان هەیە و حوکمڕانیی فرانکەکان کۆتایی هاتووە[٦٧].

لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوونە بەتەواویی پەسەندکراو نییە، چونکە پێش ئەوکاتە فرانکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە زمان و کولتووردا ئەوەندە لە یەکتر دوور بوون، کە هیچکامیان بە مانا کۆنەکەی بە ڕاستی فرانک نەبوون. تاکە شتێک کە پێکەوەیانی دەبەستەوە، بنەماڵەی کارۆلینجی بوو، کاتێکیش لویسی زارۆک لە ساڵی (٩١١)ز کۆچی دوایی کرد، ئەو بەستەرە پچڕا[٦٨]. هەرچەندە کۆنرادیش خزمایەتی لەگەڵ ئەو ماڵباتە هەبوو، بەڵام هیچ شتێک بە فرانکەکانی ڕۆژئاوای نەدەبەستەوە. هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە کۆتاییهاتنی فەرمانڕەوایی فرانکەکان و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ سەکسۆنەکان بە سەرەتای دەرکەوتنی ئەڵمانیا دانانرێت، بەڵکو پێمان وایە کە فرانکەکانی ڕۆژهەڵات وەک سەکسۆن و باڤاری و هۆزەکانی دیکە ئەڵمانین، ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە کاتی سوێندخواردنی لویسی ئەڵمانی و شارلی کەچەڵ دەردەکەوێت، چونکە گەر فرانکەکانی ڕۆژهەڵات ئەڵمانی نەبوونایە، دەبوایە بە یەک زبان سوێندیان بخواردایە و دوو براکە ناچار نەبوونایە بە دوو زبان سوێند بخۆن بۆئەوەی سەربازەکانیان لێیان تێبگەن، بۆیە ئەمە دەکەینە بەڵگە و پێمان وایە، کە ئەڵمانیا لەدوای پەیماننامەی ڤێردن وەک یەکەیەکی ڕامیاری دەردەکەوێت، دواتر بەتەواوی گەشە دەکات و بەدیار دەکەوێت، تا ئەو ڕادەیەی کە ناو دەنرێت ئەڵمانیا. لەمەوە دەکرێت لویسی ئەڵمانی بە یەکەم پاشای شانشینی ئەڵمانیا و ساڵی (٨٤٣)ز بە ساڵی لەدایکبوونی ئەڵمانیا دابنرێت.

## باسی دووەم: سیاسەتی هێنری بەرانبەر دوك و قەشەکان

هێنری کاتێک بە پاشا هەڵبژێردرا، دەسەڵاتەکانی لە دەسەڵاتی دوکێک زۆرتر نەبوو، هەر بۆیە لە سەرەتاوە هێنری ڕاوچی کەوتە جوڵە، بۆئەوەی پاشایەتییەکەی کە تەنیا بەناو بوو، بگۆڕێت بۆ پاشایەتییەکی ڕاستەقینە و بە ئازادی و بەرەهایی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی پاشا بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بوو دەسەڵاتی خۆی بە سەپاندنی مافی شاهانە بەسەر دوکەکاندا بچەسپێنێت(٦٩).

دەتوانین ئەم مافە شاهانەییانە لەم سێ خاڵەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: دوکەکان پێویستە هاوکاریی سەربازیی بۆ پاشا بکەن، بەو پێیەی جگە لە فەرماندەکانی پاشا، هیچی تر نین و بە بەرپرسیار دادەنرێت لە وەرگرتنی سەرباز لە دوکایەتییەکانیان و ناردنیان بۆ ئەو شوێنەی کە پاشا دیاری کردووە، بۆئەوەی سەرکردایەتییان بکات.

دووەم: هێنری یەکەم پێداگریی زۆری لە دامەزراندن و دانانی کۆنت و قەشەکان دەکرد و بە پایەی حکومەتەکەی دەبینی، دەیوست دوکەکان ئەم مافەی بۆ بگەڕێننەوە، کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە پاشاکانیان زەوت کردبوو.

سێیەم: دوکەکان پێش هێنری دەستیان بەسەر زەوی ماڵ و موڵکە شاهانییەکاندا گرتبوو، کە ئەوەندە زۆر بوون، سەرانسەری شانشینەکەی دەگرتەوە و هێنرییش بە مافی خۆی دەزانی ئەم زەوی و ماڵ و موڵکانە وەربگرێتەوە و لە دەستی دوکەکانی دەربهێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش هێنری یارمەتی بەرپرسانی باڵای کڵێساکانی دا بۆ وەرگرتنەوەی زەوییەکان، کە پێش سەردەمی لویسی منداڵ دەستیان بەسەردا گیرابوو(٧٠).

هێنری ڕووبەڕووی هیچ دوژمنایەتییەکی فرانکۆنیا نەبووەوە، چونکە دوکەکەی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە هەڵبژاردنی هێنری بە پاشای ئەڵمانیا، لێ دوکەکانی دیکە ڕەتیانکردەوە ملکەچی ئەم داواکارییانەی شا هێنری بن، بۆیە هێنری ناچار بوو ڕووبەڕوویان ببێتەوە، تا دەسەڵات و سەروەریی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت(٧١).

هێنری لە یەکەم ساڵی پاشایەتیدا دژی بورچاردی دوکی سوابیا، کە لەژێر هێرشی ڕودۆڵفی دووەمی بورگەندی (Rudolf II of Burgundy) بوو، جوڵەی کرد و ملکەچبوونی دوکەکەی بەدەستهێنا(٧٢)، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم دوکایەتییە

لەژێر هەڕەشەی بورگەندی و ئیتاڵیادا بوو، مانەوەی پاشا لەسەر تەخت و یەکێتیی شانشینەکە و گەلەکەی دەخستە مەترسییەوە، بۆیە هێنری ناچار بوو گرنگییەکی زۆر بە ئەو زەوییانەی دوکایەتییەکە بدات، کە زیانیان بەرکەوتبوو. دوای تیرۆرکردنی بورچادیش لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە، یەکێک لە خزمەکانی وەک دوک دانا[٧٣].

ئارنولفی دوکی باڤاریا، ئاواتەخوازی ئەوە بوو، کە بە پشتیوانی خەڵکی تاجی پاشایەتی بخاتە سەر خۆی، لەگەڵ هەنگارییەکان هاوپەیمانییەکی لە دژی هێنری کرد، هەرچی هێنرییشە هەوڵی دا کۆتایی بەو هاوپەیمانییە بهێنێت[٧٤].

ئەوە بوو لەساڵی (٩٢١)ز ئانرولف دانی بە هێنریدا نا وەک پاشا، لە بەرانبەردا لەلایەن هێنرییەوە وەک دوکی باڤاریا پشتڕاستکرایەوە و کوڕە بچووکەکەی هێنری بە ناوی هێنری[٧٥] لەگەڵ کچەکەی ئارنولف هاوسەرگیری کرد، کە دواتر خۆی بوو بە دوکی باڤاریا[٧٦]. لە ڕاستیدا ئارنولف ڕێگەی پێدرا ئیمتیازاتی گرنگ بهێڵێتەوە، کە سەرەکیترینیان مافی دانانی قەشە بوو بۆ کورسییە بەتاڵەکانی باڤاریا. کە ئەمە ئیمتیازێکی گرنگ بووە، چونکە قەشەکان کەسانی کاریگەر بوون و وەک زۆرجار لە داهاتوودا دەیبینین لە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین دەسەڵاتە ڕامیارییەکانی ئەو خاکە بوون[٧٧].

گیلبێرتی دوکی لۆرین، کە وەک فەمانڕەوایەکی ڕاستەقینە و سەربەخۆ مامەڵەی دەکرد، لە دەوروبەری ساڵی (٩٢٤)ز-دا و بە فێڵێک لەلایەن کریستیان ناوێکەوە دەستگیر کرا و ڕادەستی هێنری کرا، بەڵام هێنری بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد و زۆری نەخایاند بە میهرەبانییەکەی دڵی گیلبێرتی بەدەستهێنا، دواتر هێنری دوکایەتییەکەی پێدایەوە[٧٨]. لە ساڵی (٩٢٨)ز-یشدا لۆرین جیابوونەوەی خۆی لە فەڕەنسا و گەڕاندنەوەی بۆ سەر ئەڵمانیا ڕاگەیاند[٧٩] و هەر لەهەمان ساڵدا گیلبێرت لەگەڵ گێربێرگای کەنیشکی هێنری هاوسەرگیریی کرد و ئەو پەیوەندییانەی کە لۆرینیان بە ئەڵمانیاوە دەبەستەوە، زۆرتر بوون[٨٠] و لەم کاتەوە دوکایەتیی لۆرین وەک بەشێک لە شانشینی ئەڵمانیا دەمێنێتەوە[٨١].

لە کۆتاییدا دوکەکان دانیان بە پاشایەتی هێنریدا نا، لە بەرانبەر ئەمەشدا هێنری ئازادییەکی زۆری پێ بەخشین، بە جۆرێک بە نزیکەیی کۆنترۆڵی ناوخۆیی و سەربەخۆیی تەواوی دوکایەتییەکانی بۆ دوکەکان بەجێهێشت[٨٢]. لەم ڕووەوە ئەو سیاسەتەی پەیڕەو کرد، کە دەیگوت: «**بۆ خۆت بژی و واز لە خەڵکانی**

**تریش بێنە بۆ خۆیان بژین»**[٨٣]، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی دەسەڵاتی هێنریدا ئەڵمانیا دەسەڵاتێکی پاشایەتی ناوەندیی نەبوو، بەڵکو تەنها جۆرێک لە کۆنفیدراڵی بوو، کە تێیدا دوکەکان فەرمانڕەوایی دوکییەکانی خۆیان دەکرد و دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پاشا تەنیا لە دوکایەتییەکەی خۆیدا سنووردار ببوو[٨٤].

هەرچی سیاسەتی هێنری ڕاوچییە بەرانبەر قەشە و پیاوانی دیکەی ئایینی، سیاسەتێکی جێگیر نەبوو، لە سەرەتاوە ڕەتیکردەوە لەلایەن سەرۆکی قەشەکانی ماینزەوە تاجی لەسەر دابنرێت، بۆئەوەی وەک ملکەچی کڵێسا دەرنەکەوێت[٨٥]. ئەمەو هێنری هەوڵی نەدا لە کاروباری دەوڵەتدا زۆر پشت بە پیاوانی ئایینی ببەستێت، چونکە نەیدەویست باندۆریان زێدەتر بێت[٨٦]. دواتر هێنری ناچار بوو کە هەمان سیاسەتی خۆی کە لە بەرانبەر دوکەکان پەیڕەوی دەکرد، بەرانبەر کڵێساش پەیڕەوی بکات. بۆ وێنە ئەو زەوییانەی بۆ دێرەکان گەڕاندەوە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی لویسی منداڵدا لێیان زەوت کرابوو و ئەویش وای لێکردن لەم خاکانەدا چێژ لەو دەسەڵاتە وەربگرن، کە کۆنتەکان چێژیان لێدەبینی[٨٧]. ئەمەو هێنری بۆ دڵنیابوون لە ملکەچبوونی ڕاستەوخۆ و پابەندبوونی ئەسقەفەکان بۆی، دیاریی پێدەدان، کە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی کڵێسا دەکرد، لە بەرانبەردا کێڵسا ڕێگەی بە دەسەڵاتی شاهانە دەدا سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ئەسقەفەکان بکات. بەم شێوەیە هێنری گەرەنتی دڵسۆزیی قەشەکانی بۆ تاجی شاهانە مسۆگەر کرد[٨٨].

# باسی سێیەم: چاکسازیی سەربازیی و کارەکانی دیکەی هێنری یەکەم

هەنگارییەکان لە ساڵی (٩٢٤)ز هێرشیان کردە سەر سەکسۆنیا و هێنری هیچ یارمەتییەکی لە سوابیا، یان باڤاریاوە بۆ نەهات، ئەمەش وای لێکرد ئاشتییەکی نۆ ساڵە لەگەڵ هەنگارییەکان پەسەند بکات و ساڵانە باج بە هەنگارییەکان بدات. لەم ماوەیەدا هێنری چەندین چاکسازیی سەربازیی ئەنجام دا(٨٩).

هەرچەندە هێنری زۆر دەستتێوەردانی لە خاکی دوکە گەورەکاندا نەکرد، بەڵام سنووریکی ئەوەندە بەرفراوانی هەبوو، کە دەبوو ئەرکی ڕێکخستن و بەرگریکردنی بخاتە ئەستۆی خۆی(٩٠). ئەوە بوو هێنری بیری لە ڕێگایەکی نوێ کردەوە بۆ پاراستنی وڵات لە هێرشی دەرەکی، بۆیە هێڵێکی بەرگریی لەسەر سنوورەکان دامەزراند، کە بە مارکەکان ناسراوە. ئەم مارکانە کۆمەڵێک قەڵا بوون کە سەربازانی ڕاهێنراویان تێدا جێگر کرابوون و ئامادە کرابوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی لەناکاو. بەم شێوەیە ئەم قەڵایانە بوونە هێڵی یەکەمی بەرگریی بۆ دەوڵەت و ئەڵمانیای لە دراوسێکانی جیاکردووە(٩١).

لە ڕاستیدا ئەم مارکانە لە دیرۆکی ئەڵمانیادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەوڵەتەکانی دواتری ئەڵمانیا لەم مارکانەوە سەریان هەڵداوە، نەک لە دوکایەتییە گەورەکانەوە، بۆ وێنە یەکێک لەم مارکانە کە نۆرسمارکە، بە سەرچاوەی دەرکەوتنی دەوڵەتی پروسیا دادەنرێت(٩٢).

هێنری چەندین چاکسازیی سەربازیی دیکەی ئەنجام دا، بۆ نموونە ساڵانە یەک لەسەر نۆی ئەو سەکسۆنانەی کە تەمەنیان گونجاو بوو بۆ سەربازیی، دەبوو لە دژی وێندەکان لە دەرەوەی ئێلب خزمەت بکەن(٩٣). هەروەها لەبری ئەوەی پشت بە سەربازی پیادە ببەستێت، سوپایەکی سواری سوکی پێکهێنا، کە دەیانتوانی بە خێراییەکی زۆرەوە بجوڵێن(٩٤). ئەم سوارانە بەجۆرێک ڕاهێنانیان پێ دەکرا، لە هەنگارییەکان باشتر بن، کە ئەوان بە سوارەی لێهاتوو ناسرابوون. دواتر سوارەکانی هێنری زۆری نەخایاند بوونە بڕبڕەی پشتی سوپاکە و لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵاندا سەربازە پیادەکان کەمتر و کەمتر دەبوونەوە و سوارەکان زۆرتر و زۆرتر گرنگ دەبوون(٩٥).

لە سەردەمی هێنریدا گوندە نەپارێزراوەکان کرابوونە شارۆچکەی دیواردار و قەڵادار و وەک پەناگە لە کاتی پێویستیدا بەکاردەهاتن، تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە کۆبوونەوەی قەشە و کۆنتەکان و ئەنجومەنە نیشتمانییەکانی دیکە لەلایەن ئەوەوە لەناو شارەکاندا بەڕێوەدەبرا، نەک وەک سەردەمی پێشوو لە دەشتە فراوانەکان، یان لەناو دارستانەکاندا. مەبەستی هێنریش لەمە ئەوەبوو، کە خەڵکەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە و وایان لێ بکات لە شارۆچکەکاندا بژین[٩٦].

لە ڕاستیدا بەم کارەی هێنری باندۆرێکی گەورەی لەسەر ئەڵمانەکان بەجێهێشت، چونکە وردە وردە کڵێسا و کۆشکەکان لە دەوری شارۆچکە دیواردار و قەڵادارەکان دروستکران و بەم شێوەیە چەندین شارۆچکەی وەک: (کویدلینبۆرگ، مێرسبورگ، هێرسفێڵد، گۆسلار، نۆردهاوسن، میسن (دامەزران) و بەم جۆرە پلە پلە ژیانی شارنشینی لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد و لە باژێڕ و شارۆچکەکاندا چینێکی نوێ سەریهەڵدا. لەم ڕووەوە هێنری بە (دامەزرێنەری شارەکان) ناودێر دەکرێت[٩٧].

# بەشی سێیەم: سیاسەتی دەرەوەی هێنری یەکەم

## باسی یەکەم: سیاسەتی هێنری یەکەم بەرانبەر هەنگاری و سلاڤ و باکوورییەکان

هەنگارییەکان لە ساڵی یەکەمی حوکمڕانیی هێنریدا شکستیان بە سوپای سەکسۆنەکان هێنا[98]، دیسان لە ساڵی (٩٢٤)ز-دا هێرشیان کردەوە سەر سەکسۆنیا و هێنری نەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر دژایەتییان بکات، بەڵام لەو کاتەدا ئەڵمانییەکان یەکێک لە سەرۆکە گەورە هەنگارییەکانیان بەدیل گرت و هەنگارییەکان ئامادەبوون بە پارەیەکی زۆر سەرۆکەکەیان ئازاد بکەن، بەڵام هێنری داوای ئاگربەستێکی نۆ ساڵەی کرد و بەڵێنی دا دیلەکە ئازاد بکات و ساڵانە باج بدات. هەنگارییەکانیش بەمە ڕازی بوون گەورەکەیان ئازاد کرا و گەڕانەوە بۆ هەنگاریا[99]. ئەوەی وای لە هێنری کرد ئەم بڕیارە بدات، ئەوە بوو کە سەکسۆنیا بە تەنیا هێرشی کرایە سەر و هێنری هیچ یارمەتییەکی لە سوابیا، یان باڤاریاوە بۆ نەهات[100]، هەروەها هەستی بەوە کردبوو کە بەبێ ئامادەکارییەکی تەواو ئەستەمە بەسەر هەنگارییەکاندا سەربکەوێت، بۆیە هێنری ساڵانی ئاگربەستی لە ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێزدا بەسەربرد[101].

ئاگربەستی هەنگاری و ئەڵمانییەکان بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتاییهاتنی و لە ساڵی (٩٣٣)ز-دا هەنگارییەکان هاتن باجەکانیان وەربگرن، وەلێ هێنری کەلاکی سەگێکی دانێ کە گوێچکە و کلکی بڕا بوو، ئەمەش بۆ خۆی ڕاگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی هەنگارییەکان[102]. هەنگارییەکان هەر کە ئەمەیان بیست، بلەز سوپایەکی گەورە و بەهێزیان کۆکردەوە و ئاراستەی ناوەندی دەسەڵاتەکەی هێنرییان کرد، کە سەکسۆنیا و سورینجیا بوو، بەڵام ئەم سوپایە دوای ماوەیەک دابەش بوو بەسەر دوو بەشدا، بەشێکیان بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن، بەشێکیان بەرەو باکوور، هێنریش ئەم دابەشبوونەی بە دەرفەتێک بینی و هێرشی کردە سەر بەشێکی سوپاکە، لە شەڕێکی ترسناکدا هەنگارییەکان شکستیان هێنا و زۆرێکیان کوژران، ئەوانەشەی مابوونەوە بەهۆی برسێتی و سەرماوە گیانیان لەدەست دا، یان لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بە دیل گیران[103]. بەجۆرێک خانەخوێیەکان بوونە قوربانیی تاکتیکی گەریلای سەکسۆنەکان، بەشی

سەرەکی سوپای هەنگارییەکان کە لەگەڵ ئەوانی تردا پێشڕەویی نەکردبوو، لە دواوە مابووەوە و خەریکی گەمارۆدانی مێرسبۆرگ لە سورینجیا بوو، هەر کە هەواڵی لەناوچوونی براکانیان بیست، ترسان و لە شەودا هەڵاتن، بەڵام کە ڕۆژ بووەوە هێنری بە خێرایی بەدوایاندا ڕۆیشت و لە شەڕێکی گەورەی دیکەدا، کە کورتخایەن بوو، کە لە مێژوودا بە شەڕی ڕیادە (Battle of Riade)، یان شەڕی مێرسبۆرگ (Battle of Merseburg) ناسراوە، بەسەر هەنگارییەکاندا سەرکەوت و دوای ئەم شەڕە هەنگارییەکان هێندە خێرا هەڵاتن، کە هەرچەندە ئەڵمانییەکان بۆ ماوەی هەشت میل بەدوایاندا ڕۆیشتن، بەڵام بە دەگمەن هەنگارییەکیان کوشت، یان بە دیل گرت، بەڵام سەربازگەی هەنگارییەکان بە تاڵانی و دیلێکی زۆرەوە کەوتە دەست ئەڵمانەکان و هەموو دیلەکانیان ئازاد کرد[١٠٤]. لە کۆتاییدا ئەم دوو سەرکەوتنەی هێنری ئەوەندە کاریگەر بوون، کە لە ماوەی ژیانیدا هەنگارییەکان هێرشیان نەکردەوە سەر شانشینەکەی[١٠٥].

لە کاتی ئاگربەست لەگەڵ هەنگارییەکاندا و لە ساڵی (٩٢٩)ز-دا هێنری سەرکردایەتیی هەڵمەتێکی سەرکەوتووی کرد و براندێنبێرگی گرت، کە ناوەندی سلاڤەکانی ناوچەی هاڤێل بوو[١٠٦].

چالاکییە سەربازییەکەی هێنری دژی سلاڤەکان بۆهێمیاشی گرتەوە[١٠٧] و هێنری تا پراگ پێشڕەویی کرد و ڤێنسلاوسی بۆهێمی ناچار کرد ڕێزی لێبگرێت[١٠٨].

شایەنی باسە هێنری سنوورەکانی لەسەر حیسابی ناوچە سلاڤییەکان فراوانتر کرد و ڕووبەرێکی بۆ ئەڵمانیا زیاد کرد، کە هاوتایە لەگەڵ سێ لەسەر پێنجی ڕووبەری سەرەتایی خۆی، هەر لەبەر ئەمەشە کە هێنری یەکەم بە دامەزرێنەری بەردی بناغەی سیاسەتی ئەڵمانی بەرەو ڕۆژهەڵات چوون (Drang Nach Osten) دادەنرێت[١٠٩].

هێنری یەکەم دوای سەرکەوتنی بەسەر هەنگارییەکاندا و لە ساڵی (٩٣٤)ز-دا شەڕی لەگەڵ دانیمارکییەکان کرد و دەستی بەسەر خاکەکانی نێوان ڕووبارەکانی شلای و ئایدەر گرت و ئەم دەڤەرانەی کردە نشینگە بۆ ئەڵمانەکان و ئەڵمانیا کۆنترۆڵی دەمی ڕووباری ئێلبی مسۆگەر کرد، بەم شێوەیە لە سەردەمی هێنری یەکەمدا ئەڵمانییەکان بەرەو ڕۆژهەڵات فراوانخوازییەکانیان دەست پێکرد[١١٠]، کە ئەم پرۆسەیە تا جەنگی دووەمی جیهانی درێژەی کێشا و بەردەوام بوو.

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی هێنری لەگەڵ پاشایانی بورگەندی و فەڕەنسا و ئینگلتەرا

هێنری داوای یارمەتی لە چارلزی سادەی پاشای فەڕەنسا و ڕۆبێرتی دوکی پاریس کرد، بۆئەوەی لە ڕودۆڵفی دوکی براگۆندی ڕزگاریان بێت، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە. دواتر و پاش ئەوەی لە شەڕێکدا کە لەنێوان پاشای فەڕەنسا و دوکی پاریس لە دژی ڕودۆڵفی دوکی بورگەندیدا ڕوویدا و ڕۆبەرت کوژرا و چارلزیش دەستگیرکرا(١١١). لە جەژنی ئیپیفانیا (**عيد الغطاس**)ی ساڵی (٩٣٥)ز-دا هێنری نێوەندگیریی لەنێوان پاشاکانی فەڕەنسا و بورگەندی کرد، هەروەها لەسەر حیسابی خۆی پەیماننامەی دۆستایەتی لەگەڵ فەڕەنسا و بورگەندی ئەنجام دا. بەم شێوەیە پاشای ئەڵمانیا دوو هاوڕێی دیکەی بەدەستهێنا، ئەوانیش پاشای فەڕەنسا و پاشای بورگەندی بوون(١١٢).

